# ڕۆژنامە

www.rozhname.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.499 Sun 28/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 499 یەکشەممە 28/ 6/ 2009



**بانگەوازێک لەکۆمپانیای بەڕێزەوە بۆ ئەندازیارو ڕووپێوی شارەزا لەبواری بیناسازیدا**

کۆمپانیای بەڕێز پێویستی بە(١٠) ئەندازیارو (٥) ڕووپێو هەیە بەمەرجێک شارەزایی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.
بۆ وەرگرتنی فۆرمی دامەزراندن سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا بکەن لەشەقامی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتوون مۆڵ.
دووا بەروار بۆ وەرگرتنی فۆرم ٢٠٠٩/٦/٢٨ یە.
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە:
٠٧٧٠٣٦٥٠٠٩٠
٠٧٥٠١٥٣٠٠٩٠

کۆمپانیای بەڕێز




## سەردار عەزیز: ل٤، ٥

# پەرلەمان، لە ترسی گۆڕان پەلەی کرد



## بەختیار عەلی: ل٨، ٩، ١٠و ١١

# تیورە، سیاسەت، گۆڕان



## شوان ئەحمەد: ل٧

# دەرفەتی گۆڕان




٥٧ گۆڕان

# ڕۆژانە بە تیراژی (١٥) هەزار بڵاودەبێتەوە

# زانا ڕۆستایی: چارەنووسی بێسەروشوێنکراوانی شەڕی ناوخۆ لەئەستۆی یەکێتیو پارتییە

ل٢



# بەتۆمەتی لایەنگریی بۆ لیستی گۆڕان پارتی ئەفسەرێک دەستبەسەر دەکات

ل٢





**مژدە .. مژدە... هەلێکی گرنگ لەکۆمپانیای بەڕێزەوە**

**پڕۆژەی دڵی شار دوای تەواوبوون دەبێتە جوانترین پڕۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان و عێراق**

کۆمپانیای بەڕێز لەنوێترین پرۆژەی نیشتەجێبون و بازرگانی دا. بۆ تەواوکردنی واتای پرۆژەکانی. پرۆژەی دڵی شار لەسەر شەقامی سالم و لەناو گەراجی مەسلەحەی کۆن رادەگەیەنێ.
پرۆژەی دڵی شار 350یەکەی نیشتەجێبونەو بەشێوەی باڵەخانە بەنوێترین سیستەمی جیهانی و بەنرخی گونجاو وەک دیاری گروپی کۆمپانیاکانی بەڕێز پێشکەشی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکرێ.
خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەی دڵی شار بێوێنەیە. جگە لە دایەنگەو باخچەی ساوایان و بازاری هاوچەرخ و خوێندنگە 25٪ی باخچەو سەوزاییەو هەموو شوقەیەک پارکی تایبەتی هەیە.

لە 2009/ 7/ 1ناونوسین دەست پێدەکات دەتوانی ڕاستەوخۆ سەردانی کۆمپانیا بکەیت لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتون مۆڵ.

# دروستکردنی دیکتاتۆرێک بۆ کوردستان



**سیروان رەشید**

دواجـار رۆژی چوارشەممەی رابردوو پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان بە چەپڵەڕێزان بڕیاری تێپەڕاندنی دەستورێکی دا، کە مێژوو وەک خاڵێکی رەش بۆ ئەم خولەی پەرلەمان دەینووسێتەوە.

لـەمـاوەی دوو سێ هەفتەی رابـردوودا کە بەرەیەکی فـراوان لە زۆربەی چینو توێژەکانی خەڵکو رەوتە سیاسییەکانی کوردستان دژ بە پەسەندکردنی ئەو پرۆژە ئامادەکراوەی دەستوور دروست ببوو، کە لەنێوانیاندا پەرلەمانتارانی لیستی چوار حیزبەکەش دژ بە پەسەندکردنی دەستوور بوون لەم خولەی پەرلەماندا، بەپاساوی ئەوەی وەک لە بەیاننامەی (٢٥) پەرلەمانتارە نارازییەکەدا هاتبوو «شەرعیەتی قانوون دەرکردنی پەرلەمان بەهۆی بەسەرچوونی ماوەکەیەوە کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە»، بەڵام لەپڕ لە میدیاکانەوە گوێمان لێبوو کە پەرلەمانتارانی چوار حیزبەکە پەشیمانبوونەتەوەو ئیحترامی ئیمزاکانی خۆیان نەگرت، لەبەر جێکردنەوەی بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان لە دەستووردا، بڕیاریان لەسەر دەستوورەکە دا، کە بەبڕوای من ئەم هەڵوێستەی لایەنە ئیسلامییەکانو دوو حیزبە عەلمانییەکەی هاوپەیمانیان، زەربەیەکی کوشندە دەدات لە پێگەی جەماوەرییان لەم سەروبەندەی هەڵبژاردندا دەشێت مێژوو بە یەکێک لە ناشرینترین هەڵوێستیان تۆماری بکات، جگە لەوەی بەڕێز مەسعود بارزانیش لە کاردانەوەیەکدا سەبارەت بە پەسەندکردنی دەستوورەکە لەلایەن پەرلەمانەوە هەر ئەو رۆژە، نەک وەک سەرۆکی هەرێمو باوکی میللەت کە زەرورە بەیەک چاو سەیری هاوڵاتییەکانی بکات، لە بەرامبەر ئەو بەرە نارازییەی خەڵکی کوردستان وتی: «ئەم دەستوورە دەبێتە چقڵی چاوی ناحەزانو دوژمنانو ماوەیەکی دیکە راپرسیی لەسەر دەکەین».

ناوەرۆکی ئەم دەستوورەی کە ئێستا نارەزاییەکی بەرفراوانی لێکەوتووەتەوە، لە دوو بواردایە: لایەکیان بریتییە لە مەسەلەی نادیاری چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکانی کوردستان کە رێژەی ٥١٪ی خاکی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، لەگەڵ مەسەلەی چۆنێتی مامەڵەی دەسەڵات لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی داهاتوودا، لایەنەکەی دیکەش مەسەلەی پێدانی دەسەڵاتێکی زۆرە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چونکە:

* سەرۆک دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە «ئەگەر پارتیو یەکێتی خاوەنی نیوەی کورسییەکانی پەرلەمان بنو بایکۆتی پەرلەمان بکەنو دەست لەکار بکێشنەوە، یان داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بدەن بە بارزانی».
* سەرۆک، دەزگای راپەڕاندنی هەرێمە (حکومەت).
* سەرۆک دەسەڵاتی دەرکردنی جاڕدانی باری نائاسایی هەرێمی هەیە.
* سەرۆک دەسەڵاتی جوڵاندی هێزەکانی پێشمەرگەی هەیە بۆ دەرەوەی هەرێم، بەپێچەوانەشەوە دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی هێزی دەرەکی هەیە بۆ ناو هەرێم.
* سەرۆک خۆی بە دەرکردنی مەرسومێک ئەندامانی دادگای دەستووری هەرێمو ئەنجومەنی دادوەرییو دادوەران دادەمەزرێنێت.
* سەرۆک خۆی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو دەزگایەدا دەبێت کە پاش پەسەندکردنی دەستوورەکە بەناوی (دەزگای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم) پێکدێت.

ئەمانە تەنیا شەش خاڵن لەو (٢٤) دەسەڵاتە گرنگەی کە لە دەستووردا دراوە بە سەرۆکی هەرێم، کە هەرکەسێک ئەگەر تۆزقاڵێک لە ئەلف‌وبای سیاسەت بزانێت، هەست بەوەدەکات کە ئەم دەسەڵاتە زۆرەی دراوە بە سەرۆکی هەرێم هیچ کاتێک سیستمی ئەم هەرێمە لە پەرلەمانی ناچێتو تەواو سەرۆکایەتییە، تەنیا ئەو شەش خاڵەی ئاماژەم پێکرد بە بەراورد بە دەستووری عێراق، هیچ یەکێک لەو دەسەڵاتانە لە عێراقدا نە لە دەسەڵاتی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو نە لە دەسەڵاتی نوری مالیکی سەرۆک وەزیراندا نییە، تەنیا لە دەسەڵاتی پەرلەمانی عێراقدایە.

ئەم دەسەڵاتە ترسناکەی کە لەژێر گوشاری پارتیدا بە پۆستی سەرۆکی هەرێم دراوە، پێموایە تەنیا مەبەست لێی پێدانی دەسەڵاتێکی زۆرە بە بەڕێز مەسعود بارزانی.

پەرۆشیی دڵسۆزانی گەلەکەمان بۆ رەتکردنەوەو دەنگنەدان بەم دەسـتـوورە، پەیوەندی بـەوەوە نییە کە مەبەستیان بێت لە ئێستادا دەسەڵاتی حیزبێک یان شەخسێک کەمبکرێتەوە، بەڵکو ئەوە پەیوەندی بە ئازادییەکانی خەڵکو نەوەکانی دوارۆژمانەوە هەیە کە ئێستا چ رژێمێکیان بۆ هەڵدەبژێرین.

پێدانی ئەو دەسەڵاتە زۆرە بەپۆستی سەرۆکی هەرێم، لـەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پارتی ئێستا هیوای بە پەرلەمانی داهاتوو لاوازبووە، پێدادەگرێت لەسەر سەپاندنی سیستمێکی نیمچە سەرۆکایەتی کە پێدەچێت پارتی نیازی ئەوەشی هەبێت هەرێم بەرەو سیستمێکی پاشایی بەرێت، هەربۆیە ئەم دەستوورە هەوڵێکە بۆ کوشتنی پەرلەمانو هەرێمی کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ دواوە، ئەمەش مانای دروستکردنی دیکتاتۆرێکە بۆ کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی.

# بەپێی یاسای کۆمسیۆن دەبێت نێچیرڤان بارزانی سزا بدرێت

**سامان بەشارەتی**

بەپێی یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لەسەر راگەیاندنی پشتگیریی بۆ لیستی کوردستانی لـەهـەڵـبـژاردنـی داهـاتـووی پەرلەمانی کوردستاندا، دەبێت نێچیرڤان بـارزانـی سەرۆکی حکومەتی هەرێم سزابدرێت.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە ئاهەنگی دەسـتـپـێـکـردنـی هـەڵـمـەتی بانگەشەی لیستی کوردستانیدا رایگەیاند: «دەمـەوێـت لێرەدا بەڕاشکاوی پشگیریی تەواوی خـۆم بـۆ لیستی کوردستانی رابـگـەیـەنـم»و ئـەنـدامـێـکـی ئـەنـجـومـەنـی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵاش ئاشکرایکرد: «بەپێی یاسای کۆمسیۆن هەر فەرمانبەرێک تاوەکو سەرۆکی حکومەت پۆستەکەی بەکارهێنا بۆ بانگەشەکردن بۆ لیستێک، لەلایەن کۆمسیۆنەوە سزا دەدرێت».

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لـە رۆژی (٦/٢٤) ئـامـادەی ئاهەنگی دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی لیستی کوردستانی بوو، کە لە یاریگای شاری هەولێر بەڕێوەچوو، وتی «خۆشحاڵم ئـەمـڕۆ لـەگـەڵ ئـێـوە بـم بۆ بەشداریکردن لە پێشکەشکردنو ناساندنی لیستی کوردستانی، ئەو لیستەی نوێنەرایەتیمان دەکات لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)و دەمـەوێـت لـێـرەدا بەڕاشکاوی پشتگیریی تەواوی خۆم رابگەیەنم بۆ لیستی کوردستانی».

سەبارەت بە بەشداریکردنو پاڵپشتی نێچیرڤان بـارزانـی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی، سـەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە رۆژنامەی راگەیاند «بەپێی یاسای کۆمسیۆن هەر کارمەندێکی حکومەت لە فەرمانبەرێکی بچوکەوە تاوەکو سـەرۆکـی حـکـومـەت، ئەگەر هـاتو پۆستەکەی بەکارهێنا بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنو پشگیریی لیستێکی کـرد ئەوا لـەلایـەن کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکانەوە دەچێتە خانەی پێشێلکارییەوەو دەبێت بەپێی یاسای کۆمسیۆن سزا بدرێت ».

وتیشی: «نابێت ئێستا نێچیرڤان بـارزانـی سـەرۆکـی حکومەت، پشتگیریی خۆی بۆ هیچ لیستێک ئاشکرا بکات، ئەگەر وابوو ئەوا دەچێتەخانەی لادان لە یاساکانی کۆمسیۆنەوە کە بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان دیاریکردوون، چونکە ئـەو ئێستا سەرۆکی حکومەتە».

هەر لە درێـژەی وتارەکەیدا، نێچیرەڤان بـارزانـی سەرۆکی حکومەتی هـەرێـم، بـاسـی لە کـۆمـەڵـێـک خـزمـەتـگـوزاریـی کـرد کـە حکومەتی هـەرێـم لە مـاوەی رابـردوودا کردوونی، وەک دروسـتـکـردنـی شوقەی نیشتەجێبوونو چاککردنی کارەباو رێگاوبان، ئەم پرۆژانەی وەک دەستکەوتێک باسکرد بۆ هـەردوو حیزبی دەسـەڵاتـدار کـە لـەمـاوەی حوکمڕانیاندا ئەنجامیانداوە بۆ هاوڵاتییان.

ئەم وتارەی سەرۆکی حکومەت بەپێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، دەچێتە خانەی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەوە بۆ لیستی کوردستانی.

هـەروەک فـەرەج حەیدەری سـەرۆکـی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند «نابێت لە کاتی پروپاگەندەدا، هیچ لیستێک کارەکانی حکومەت لە مـاوەی رابـردوودا وەک پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربهێنێت، چونکە دامـودەزگـاکـانـی حکومەت هی هەموو خەڵکن نەک تەنیا وەک دەستکەوتی لایەنێک نیشانبدرێن»، ئـامـاژەی بـەوەشـکـرد: «نابێت بەهیچ شێوەیەک دامودەزگاکانی حکومەت بەکاربێن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن».

بـەڵام لـە رۆژی (٦/٢٤) چەند ئۆتۆمبیلێکی حکومیی بەکارهاتوون بۆ هەڵواسینی پۆستەرو لافیتەکانی لیستی کوردستانیو هەندێکی دیکە لە ئۆتۆمبێلەکان بەکارهاتوون بۆ هێنانی هاوڵاتییان بۆ ئاهەنگەکەی لیستی کوردستانی لە یاریگای هەولێر.

سەبارەت بە ئاشکراکردنو پاڵپشتی نێچیرڤان بـارزانـی سەرۆکی حکومەت بۆ لیستی کوردستانی لەم کاتەدا، سەردار عـەبـدولـکـەریـم وتـی: «ئـەگـەر هـەر لیستێکی بـەشـداربـوو لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا پێیوابێت ئەو قسانەی سەرۆکی حکومەت خـروقـاتـن، دەتـوانـێـت سکاڵا تۆماربکات لە کۆمسیۆن، ئێمەش بەرزیدەکەینەوە بۆ ئەو لیژنەیەی کە لە نووسینگەی نیشتمانی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بەغدا تایبەتن بەپێشێلکارییەکانی پروپاگەندەی هـەڵـبـژاردن، ئەولیژنەیە دوای لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایە ئەگەر بـۆیـانـدەرکـەوت ئـەو قسانەی سەرۆکی حکومەت خروقاتە، ئەوا بەپێی یاسای تایبەتی کۆمسیۆن سەرۆکی حکومەت سزا دەدرێت».

> **«نابێت لە کاتی پروپاگەندەدا، هیچ لیستێک کارەکانی حکومەت لە ماوەی رابردوودا وەک پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربهێنێت، چونکە دامودەزگاکانی حکومەت هی هەموو خەڵکن نەک تەنها وەک دەستکەوتی لایەنێک نیشانبدرێن»**

> **«بەپێی یاسای کۆمسیۆن هەر کارمەندێکی حکومەت لە فەرمانبەرێکی بچووکەوە تاوەکو سەرۆکی حکومەت، ئەگەر هاتو پۆستەکەی بەکارهێنا بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنو پشگیریی لیستێکی کرد دەچێتە خانەی پێشێلکارییەوەو دەبێت بەپێی یاسای کۆمسیۆن سزا بدرێت».**

# بەکارهێنانی ئاڵای کوردستان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، خروقاتە

**شارا عەبدولڕەحمان**

لیستی کوردستانی بەشدار لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، بە ئاڵای کوردستان بانگەشەی بۆ لیستەکەی دەکـات، کە ئەمە پێچەوانەی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵایە کە نابێت رەمزی نەتەوایەتیی بۆ ئەو بانگەشەیە بەکاربهێنرێت.

حاکم سـەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەکارهێنانی ئاڵای کوردستان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن هەر لیستێکەوە، پێچەوانەی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵایە کە نابێت رەمزی نەتەوایەتیی لەو بانگەشەیەدا بەکاربهێنرێت.

ئاماژەشی بەوەکرد، ئەگەر سکاڵا لەدژی لیستی کوردستانی تۆماربکرێت کە لەئێستادا ئاڵای کوردستان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنێت، ئەوا کۆمسیۆن لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو لیستەدا ئەنجامدەدات، «چونکە ئەوە موڵکی میللەتێکە نەک لایەنێک یان لیستێکی دیاریکراو».

لەلایەکی دیکەوە، هەم لە هەڵبژاردنی رابـردووی پەرلەمانی کوردستانو هەم بۆ بەشداریکردنیش لە هەڵبژاردنی ٧/٢٥ی ئەمساڵدا، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تانەی لە حیزبی زەحمەتکێشان دا بـەوەی کە لۆگۆی لیستەکەی ئاڵای کوردستان بوو، هەر بۆ ئەو مەبەستەش لۆگۆی حیزبەکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بریتیبوو، لە ئاڵای کوردستان بەبێ خۆر.

لەوبارەیەشەوە قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کـوردسـتـان، پێیوانەبوو کۆمسیۆن هیچ رێوشوێنێک لەگەڵ لیستی کوردستانیدا سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاڵای کوردستان بۆ بانگەشەی لیستەکەیان بگرێتەبەر، وتیشی: «کۆمسیۆن کۆمیتەیەکی سـەر بە یەکێتیو پارتییە»، ئاماژەشی بەوەکرد، کە نەک هەر لیستی کوردستانی، بەڵکو هەموو لیستەکانی دیکە مافی خۆیانە بە ئاڵای کوردستانەوە بانگەشە بکەن، «چونکە ئەوە رەمزی نەتەوایەتیی کوردە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەر لیستەو لۆگۆی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو ئاڵایە بەکارناهێنن، دەبوایە لیستی کوردستانیش بەهۆی ئەوەی لۆگۆی تایبەتی هەیە، ئاڵای کوردستانی بەکارنەهێنایە».

# (١٤) مانگە وەڵامی خێزانی شەهیدێک نەدراوەتەوە

**هەستیار قادر**

(١٤) مانگە وەزارەتـی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان وەڵامـی وارسـی شەهیدێکیان نەداوەتەوە بۆ هاوکاری کردنیان.

بەپێی نووسراوێکی رەسمیی کە دەست رۆژنامە کەوتووە لە ٢٠٠٨/٤/١وە بەڕێوەبەرێتی گشتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان/ سلێمانی ناوی (٢٢) شەهید کە خێزانەکانیان هەژارو کەمدەرامەتن، ئاراستەی وەزارەتـی شەهیدان و کـاروبـاری ئەنفالکراوەکان کردووە، بەمەبەستی هاوکاریکردنیان لەسەر داوای پێشتری ئەو وەزارەتە، بەڵام بەوتەی وارسـی یەکێک لەو شەهیدانە تائێستا لەلایەن وەزارەتەوە وەڵام نەدراونەتەوە.

دڵشاد عەلی وارسی شەهید (عەلی قادر شەیف) کە هەشتەمین ناوی ناو لیستەکەیە بە رۆژنامەی راگەیاند» لە ٢٠٠٨/٤/١وە ئەو داواکارییەمان لەلایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانەوە ئاراستەی وەزارەتـی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان کراوە بەمەبەستی هاوکاری کردنمان، بەڵام تائێستا نە بە بەڵێو نە بە نەخێر وەڵامنەدراوینەتەوە لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکانیش پێیانوتووم هیچ وەڵامێکیان سەبارەت بەو داوایە پێنەگەیشتووە.

## بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە:

# هێزی پێشمەرگە مافی خۆیانە، بەئازادیی دەنگ بدەن بەو لیستەی دەیانەوێت


ئەنوەر حاجی عوسمان

دلێر عەبدولخالق

ئەنوەر حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە، جەخت لەسەر بێلایەنی هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسو پێشمەرگە دەکاتەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردنداو دەڵێت: «پێشمەرگەو هێزەکانی ئەمنی مافی خۆیانە بەئازادانە دەنگ بەو لیستو کەسایەتیانە بدەن، کە خۆیان دەیانەوێتو کەس ناتوانێت ئەو مافە لەو هێزە زەوتبکات».

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمو خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەس لەهێزەکانی زێرەڤانیو ئاسایشو پۆلیسو پێشمەرگە (٤٨) کاتژمێر بەر لەکاتی ئاساییو هەڵبژاردنی مەدەنی لە «دەنگدانێکی تایبەتدا» دەنگ دەدەن، کە بەشێک لەچاودێران گومان لەبێلایەنی ئەو هێزانە دەکەن لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بەرۆژنامەی ڕاگەیاند: هێزی پێشمەرگەی کوردستان مێژوویەکی هەیە لەشاخو لەدوای ڕاپەرینیش مێژوویەکی دیکەی بۆ خۆی تۆمارکردووە لەپاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانو حکومەتی هەرێم، «کەواتە ئەو هێزە بێلایەنی خۆی دەپارێزێتو هەوڵی پاراستنی هێمنیو ئارامی هەڵبژاردنەکان دەدات»، وتیشی: «لەهەڵبژاردنی دونیادا هێزەکانی ئەمنیو ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ پێش خەڵک دەنگدەدەن، بۆئەوەی لەڕۆژی دەنگدانی خەڵکدا، ئەمنیەتو ئاسایشو ئازادیی دەنگدان بۆ خەڵک دەستەبەربکەن، هاوکاتیش هێزی پێشمەرگە مافی خۆیەتی دوای ئەو هەموو ساڵە لەخەباتو تێکۆشان، بەئازادیی دەنگبدات بەو کەسو لایەنەی کەخۆی بڕوای پێیەتیو کەس ناتوانێت ئەو مافە لەهێزەکانی پێشمەرگە زەوت بکات».

# لە ڕەواندز
# ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی (ڕۆژنامە) دەگیرێت

دلێر عەبدولخالق

کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەی قیرتاوکردنی ڕێگای (لۆفەکانی) ڕەواندز، ڕێگا لە چەند کەسێک دەگرێت ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بڵاوبکەنەوە، دواتریش ڕێگا لەو ئۆتۆمبێلە دەگرن کە ڕۆژنامەی تێدابووەو پێیان دەڵێن دوایین جارە ڕۆژنامە لێرە بڵاوبکەنەوە.

زوبێر ئیسماعیل لە نووسینگەی لیستی گۆڕان لە قەزای سۆران، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕۆژی پێنجشەممە لەکاتێکدا دەمانویست (ڕۆژنامە) بەرینە ڕەواندز بۆ بڵاوکردنەوە، لە لۆفەکانی ڕێگاکە یەکێک لە شوفێری کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەی قیرتاوی ڕێگاکە، هاتە سەر ڕێگامانو داوای لێکردین ڕۆژنامەی پێبدەین، ئێمەش ئۆتۆمبێلەکەمان ڕاگرتو ڕۆژنامەیەکمان دایە دەستی، دواتر یەکێک لە کۆمپانیاکە بە شۆفێرەکەی وت ئەو ڕۆژنامەیە فرێدە، بەڵام ئەو ڕۆژنامەکەی فڕێنەداو دەنگەدەنگ لەنێوانیاندا پەیدابوو، بەڵام ئێمە ئەوانمان جێهێشت. وتیشی: «دواتر کە گەڕاینەوە، ئەو کەسە کە بە خاوەنی کۆمپانیاکە دەرچوو، ڕێگای پێگرتینو پێیوتین ئێوە چۆن ئەو ڕۆژنامەیە لێرە بڵاودەکەنەوە، ئێوە نازانن ئەو کۆمپانیایە هی کێیە، دواتریش بە تووڕەبوونەوە پێیوتین جارێکی دیکە ڕۆژنامە لێرە بڵاونەکەنەوە، ئێمە پێمانوت لەسەر داوای کرێکارەکان خۆیان ڕۆژنامەمان پێداونو داوای لێبووردنمان لێکرد».

زوبێر ئاماژەی بەوەشکرد، بەهۆی ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەیان ئاڵای لیستی گۆڕانی پێوەیەو ڕۆژانە کە هاتوچۆ دەکەن لە سنوورەکە، خەڵک داوای «ڕۆژنامە»یان لێدەکەن، بەوهۆیەشەوە چەندجارێک تووشی کێشە بوون.

## بەتۆمەتی لایەنگریی لیستی گۆڕانەوە

# پارتی، ئەفسەرێکی زێرەڤانی دەستبەسەر دەکات



ڕۆژنامە

بەهۆی پشتگیریکردنی لیستی گۆڕانەوە، ئەفسەرێکی هێزی زێرەڤانی پارتی لەلایەن هەواڵگری زێرەڤانیەوە دەستبەسەر دەکرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب لە هێزی (١٨)ی سوپای یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتۆمەتی لایەنگریی لیستی گۆڕان لە قەزای شەنگالی پارێزگای موسل دەستبەسەر کراوە.

ئەو ئەفسەرە کە ناوی (دیندار یوسف کەلەش)ەو خەڵکی شاری زاخۆیە بەفەرمانی عەمید (بەهجەت تەیمەس) لە بەشی هەواڵگری زێرەڤانی دەستبەسەر کراوە.

## ئەگەر زیندانی سیاسی لە کوردستاندا نەماوە

# چارەنووسی بێسەروشوێنکراوانی شەڕی پارتیو یەکێتی چییە؟

ستارە عارف

کەسوکاری بێسەرو شوێنکراوانی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیو پارتی باس لە نادیاریی چارەنووسی کەسەکانیان دەکەن، کە تائێستا زیاتر لە (٨٠) خێزان کەسوکاریان بێسەروشوێنەو لیستی ناوی بێسەرو شوێنەکان (١٢٠) کەسن.

عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی(٦/٧) لەکۆبوونەوەیەکیدا باسی لە ڕەوشی زیندانییەکانی کوردستان کردو ڕایگەیاند: لە زیندانەکانی کوردستاندا هیچ بەندییەک نییە لەسەر بیروڕای جیاواز دەستگیرکرابێت.

شوان محەمەد، وەزیری مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستانیش، لە ژمارە (٤٨٧)ی (٦/١٠) ڕۆژنامەدا لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند: هیچ زیندانییەک لەسەر بیروڕای جیاواز لە زیندانی کوردستاندا نەماون، یەک بەیەک ئەو زیندانیانە دەناسینو ناویان لامانەو سەردانمانکردوون، ئێستا کەس نییە لەسەر بیروڕای سیاسی لەزینداندا بێت، ئەوەی کە هەیە پەیوەندی بەتیرۆرەوە هەیە.

دەکرێت ئەم قسانە لەدوو لایەنەوە شیکار بکرێت، یەکەمیان بەوەی، ئەو بەرپرسە حکومیانە ئاگایان لەزیندانەکانی حیزب نییە، بۆیان نییە ئەو زیندانانە ببینن‌و بزانن کێ‌و لەسەر چی لەو شوێنانە بەندکراوە.

دووەمیش، ئەوەیە کە ئەگەر حیزب زیندانی نییەو لەزیندانە حکومیەکانیشدا هیچ کەسێک لەسەر بیروباوەڕی سیاسی دەستگیر نەکراوە، ئەوە وەڵامێکە گوزارشت لە لەناوبردنی ئەو کەسانە دەکات، کە لەکاتی شەڕی ناوخۆدا لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە دەستگیرکراونو خراونەتە زیندانەوە.

کامەران عومەر، خەڵکی شاری هەولێرەو ئەفسەرە لەسەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگە، دەڵێت: لەسەرەتای ئەیلوولی (١٩٩٦) برایەکی بەناوی هاشمی جیهاز کە سەرلەشکربووە لە هێزەکانی یەکێتی لەلایەن هێزەکانی پارتییەوە دەستگیراوە، تەسلیمی سەرکردایەتی پارتی کراوە لە سەری ڕەش، ئەو دەڵێت: من تامەفرەقی ناحیەی بەستۆرەی سەر بە شاری هەولێر لەگەڵیاندا بووم لەدوای ئەوەوە براکەم بێسەروشوێنکراوەو سۆراغی نەماو هیچ زانیارییەکمان دەستنەکەوت، بەڵام دوای (١٤) ڕۆژ دوو کەس بە ناوی «ا.ق» و «ج.م.ح» بە واسیتەو کەسێکی دیکەیش بەهۆی کەمی تەمەنییەوە لەزیندانەکانی پارتی ئازادکران، پێیانڕاگەیاندوون کە براکەیان لەلای پارتی دەستگیرکراوە.

بە درێژایی زیاتر لە (٧٠) کۆبوونەوەی نێوان پارتیو یەکێتی کە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆو ئاشتبوونەوەیان ئەنجامدراوە، مەسەلەی ئازادکردنو ئاشکراکردنی دەستگیرکراوەکان یەکێک بووە لە تەوەرەکانی ئەو کۆبوونەوانە، هەردوو لا لیژنەی تایبەتیان بۆ ئەو مەسەلەیە پێکهێناوە، کامەران دەڵێت: بەهۆی بێئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەوە ئیتر خۆمان هەوڵماندا سۆراغی بکەین، دوای پرۆسەی ئازادیی (٢٠٠٣) چووینە لای ئەمریکیەکان ئەوانیش بەڵێنیانداو هیچمان نەبینی، هەروەک دەڵێت: سەردانی عومەری سەید عەلیو سەعدی ئەحمەد پیرەو کۆسرەت ڕەسوڵیان کردووە، بەڵێنی زۆریان پێداون.

لەساڵی (٢٠٠٤)دا کەسوکاری بێسەروشوێنکراوان خۆپیشاندانێک بۆ شارۆچکەی دوکان ئەنجامدەدەن، چونکە مەسعود بارزانی لەمیوانخانەکەی جەلال تاڵەبانی کۆبوونەوەیان هەبووە، لەوێ کۆسرەت ڕەسوڵ دێتە بەردەمیانو وەک کامەران دەڵێت: ئەو بەرپرسەی یەکێتی پێیوتوون کە خۆی مەسەلەکەیان بۆ چارەسەردەکات، بەڵام ئەمەش بێئاکام بووە.

کامەران دەڵێت، لەژمارە (٤٨٧)ی (٦/١٠)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا ڕاپۆرتێکم خوێندەوە وەزیری مافی مرۆڤ دەڵێت: «زیندانی سیاسی لەسەر بیروڕای جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا نییە».

من لە وەزیری مافی مرۆڤ دەپرسم، ئایا دەتوانێت سەردانی مەسیف بکات، لە مەسیف ئوتێلێک هەبوو بەناوی نزار ماوەیەکی زۆر ئەو زیندانیانە لەوێ بەندکرابوون، لەزاری ئەو کەسانەوە بیستمان کەدوای ساڵو نیوێک لە (٣١) ئاب بەهۆی واسیتەوە ئازادکران، کەپارتی ژێر زەمینی ئوتێلەکەی بۆ زیندانیان بەکارهێناوە».

زاهیر ئیبراهیم خەڵکی شاری هەولێرەو برایەکی بەناوی خورشید گراوی دەستگیرکراوە کە فەرماندە بووە لە هێزەکانی یەکێتی تائێستا بێسەروشوێنە، دەڵێت لە دوای (٣١)ی ئابەوە مەسعود بارزانی لێبووردنی دەرکرد کە هەموو چەکدارێک سەروماڵی پارێزراوە، بەڵام ئەوانەی بەرپرسیار بوون دەیانبەن بۆ پاراستنی مەسیفو براکەم دەخەنە زیندانەوە.

زاهیر دەڵێت بەڵگەمان هەیە کە تا (١٩٩٨/١٠/١٢) لە پاراستنی مەسیف بوون، ئەو کۆمەڵەی ئازادکراون دەچن بۆ لای کۆسرەت ڕەسوڵو دەڵێن لەپاراستنی مەسیف لەژێر زەمینێکدا بووین، کە ژێرزەمینی ئوتێل نزار بووە». لە(١٩٩٩)دا لیژنەی ئاشتی پارتیویەکێتی پێکدێتو هەموو هەفتەیەک کۆدەبنەوەو بەڵێنی گۆڕینەوەی دیلەکان دەدەن، بەڵام تائێستا هیچیان دەست نەکەوتووە، زاهیر دەڵێت: «حیزبەکان لە ڕێکەوتندا باکیان لەخوێنی خەڵک نییەو لەپاش دیارنەمانیشی لێی ناپرسنەوە»، گلەیی لەیەکێتیش هەیە کە «خەمخۆر نەبووەو بەهانایانەوە نەهاتووە». هەروەک باس لەوە دەکات کە (٧٠-٨٠) ماڵ دەناسێت کە بێسەروشوێنیان هەیەو خەڵکی هەموو ناوچەکانی هەرێمی تێدایە.

لەساڵی (٢٠٠٤)دا داوا لە کەسوکاری بێسەرو شوێنکراوانی شەڕی ناوخۆ دەکرێت کە کەسەکانیان بخەنە سەر دەزگای شەهیدان، بەڵام پەسەندی ناکەن، چونکە بێ بەڵگە نایانەوێت بیانکەن بە شەهیدو داوای بەڵگەو تەرمی کەسەکانیان کردووەو داوایانکردووە هاوکاریو مووچەکانیان ببڕن، بەڵام بێ بەڵگە نەکرێنە شەهید.

ڕۆژنامە سەبارەت بەو مەسەلەیە پەیوەندی کرد بە سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە، بەڵام ئامادە نەبوو لەم بارەیەوە لێدوان بدات.

زانا ڕۆستایی، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بێسەروشوێنکراوانی شەڕی ناوخۆ لە (٨٠) خێزان زیاترنو چارەنووسیان لە ئەستۆی مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتیدایە». وتیشی: «کەسوکاری ئەو بێسەروشوێنکراوانە چەندجارێک سەردانی پەرلەمانیان کردووە، بەڵام کەیسەکەیان زیاتر سیاسیە، یاسایی نییەو وەک لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان هیچ دەسەڵاتێکمان لەم بارەیەوە نییە، بەڵام کەسوکاری بێسەروشوێنکراوان مافی خۆیانە ڕێگای یاسایی تەنانەت دادگا نێو دەوڵەتییەکانیش بگرنەبەر، دەبێت دەسەڵات چارەنووسیان دیاریبکاتو خانەوادەکانیان دڵنیا بکات».

www.rozhnama.com

# ـەر دەستوور دا بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی داهاتوو

لەلایەکی دیکەوە وەک هەموو ئەندام پەرلەمانەکان خۆیان دەنگیان پێدا، ئەوان نوێنەری حیزبن لە پەرلەمان، کە بۆخۆی لە نوکتە دەچێت. حیزب ئەوانی نەکردووەتە نوێنەری خەڵک، بەڵکو تەنیا نوێنەری خۆی، هەروەها بە هیچ شێوەیەک هیچ پەیوەندییەک جگە لە پەیوەندی تەعین‌و تەعینکاریی لەنێوان خەڵک‌و حیزبدا نییە، بۆیە لەڕاستیدا ئەو بەڕێزانە بەوپەڕی ئەمەکەوە کارەکانی خۆیانیان ڕاپەڕاندووە.

**ڕۆژنامە: لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ دوو ئەندامی پەرلەمان کە سەر بە پارتی‌و یەکێتی نەبوون، وتیان بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابین کە دەستوور لەم خولەدا دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام پاش دانیشتنی بەرپرسانی حیزبەکانیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، لە چاوپێکەوتنێکی دواتریاندا وتیان دەستوورێکی باشەو دەنگی پێدەدەین، ئەم هەڵوێستە تاچەند لەگەڵ کاری ئەندامی پەرلەمان وەک (نوێنەری خەڵک) یەکدەگرێتەوە؟**

* ئاساییە کەسێک پاش ڕوونکردنەوەو وەرگرتنی زانیاریی، ڕای بگۆڕێت، بەڵام ئەو دوو بەڕێزە لەسەر چ بنەمایەک ڕایان گۆڕیوە ئەوە من نایزانم، بەڵام ئەگەر بێت‌و بڕواش بەوە بهێنین کە دەستوورێکی باشە، ئەوا بۆچی هێندە پەلەپەلی لێدەکەن، ئەمە دەقێکە کە کاریگەریی هەیە لەسەر وردو درشتی ژیانی ئێمە، ئەگەر بێت‌و ژیانی ئێمە لە سایەی وڵاتێکی دیموکراسیی دەستووریدا بەڕێوەبچێت، لە هەمانکاتدا ئەگەری ئەوە هەیە کە دەستوور نرخی تورێکی نەبێت، لە چ وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستوور بایەخی هەیە. لە وڵاتانێکی وەک سوریا یان میسر کە بۆ چەندین دەیە دەچێت لەژێر حوکمی عورفیدا دەژین، دەستوور لەکار خراوە، ئەگەر بێت‌و لە کوردستان دەستوور وەک پەرلەمان کاربکات یان بەکاربێت، نەبوونی باشترە. لە هەمانکاتدا پرسیارەکەت ناچارمان دەکات بیر لە ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوانە بکەینەوە کە ناویان لە خۆیان ناوە حیزب، لەڕاستیدا پشکێکی زۆری ئەو بارودۆخەی لە کوردستان هەیە، بەر ئەو بەناو حیزب یان بەناو ئۆپۆزسیۆنانە دەکەوێت، ئەوان بەرپرسن لە ئەو بێهیواییە، ئەوان سەرجەمیان ئەوەندە جیاوازیان نییە لەگەڵ یەکێتی‌و پارتیدا، بگرە لە زۆر باردا یەکێتی‌و پارتی زۆر لەو وردیلە حیزبانە سنگ فراوانترو مۆدێرنترو کراوەترن، هیچکام لەو حیزبانە نەیانتوانیوە دیموکراسی بهێننە نێو کایەکانیانەوە، هەر هەموویان سەرکردەی هەتاهەتایی‌و ئینشیقاق‌و بنەماڵەیی‌و ئایدۆلۆژیای بەسەرچوو نادیموکراسی هەنسکی لێبڕیون، من بەش بهحاڵی خۆم پێمخۆشە لەژێر سایەی یەکێتی‌و پارتیدا بژیم نەک یەکگرتوو یان شیوعی.

**ڕۆژنامە: دوای کشانەوەی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان، لیستی گۆڕان ڕایگەیاند ئەو بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان لەدوای ٢٠٠٩/٦/٤ دەریکردوون، پابەندنابن پێوەی، کاتێک چووینە پەرلەمان، چونکە لەوادەی یاسایی خۆیدا دەرینەکردوون، ئایا ئەم بڕیارە تاچەند لەجێی خۆیدایە؟**

* هەبوونی جودایی، دەربڕینی ناڕەزایی نیشانەی زیندوویێتییە، دەبوو پەرلەمان کاری لەوجۆرەی زۆرتر بەخۆوە ببینایە، بۆئەوەی ببوایەتە مایەی سەرنجی خەڵکی، خەڵکی ڕابچڵەکاندایە، کە بۆچی ئەمە ڕوودەدات، چی لەئارادایە، ئەمانە بۆچی ناڕازین، لەڕێی ئەم تێوەگلان‌و تێڕامان‌و پرسیارو جوادییانەوە سیاسەت دەژێتەوە، دەبێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی. ئەگەر تۆزێک تیۆریانە قسە بکەین، دەوڵەت یانی ڕێکخستن، قۆناغی پێش دەوڵەت یان نادەوڵەت یان ئاژاوە، کاتێک ئاژاوە مایەی مەترسییە بە مانا هۆبزییەکەی، ئەوا لە هەمانکاتدا ڕێکخستنێکی وشکی ڕەقی بێ ڕۆح، ڕێکخستنی بێ جیاوازیی دەبێتە مایەی فاشیزم، وەک نازییەکان‌و کۆمۆنیستەکان هێنایانە ئاراوە، کەواتە بۆئەوەی کۆمەڵگا لە ئاژاوەو فاشیزم بپارێزرێت، دەبێت سیستمێکی تێکەڵ بێتە ئاراوە، ئەمەش تەنیا لە دیموکراسی ڕاستەقینەدا مسۆگەر دەبێت. دەوڵەت لەکاتێکدا ڕێکخراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا بوار بە جوداکان دەدات، ڕێگادەدات لە دەزگاکانی وەک پەرلەمان، جیاوازیی‌و گفتوگۆو ناڕەزایی‌و ڕاگۆڕینەوە بێتە ئاراوە، تەنیا لەم هاوسەنگییە ناسکەدا دەسەڵات خۆی لە ستەمکاریی دەپارێزێت.

**ڕۆژنامە: ئایا یەکلایی کردنەوەی دەستووری هەرێم لەوماوەیەدا بەوشێوەیەی کە هەیە، بڕیاری سیاسی وای لە ئەندامانی پەرلەمان کرد بەبێ لێکۆڵینەوە بڕیاربدەن لەم خولەی پەرلەماندا دەستوور پەسەندبکرێت، ئەمە تاچەند ئەندامانی پەرلەمان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژووییەوە؟**

* چەمکی بەرپرسیاری مێژوویی لە ئاگایی کورددا ئامادەییەکی سەیری هەیە، دیارە بێگومان ئەمە زۆر دەوترێت، بەڵام ئایا جگە لە وتن چی دیکەیە؟ یەک ئێمە مێژوومان نییە، دوو بگرە مێژوونووسیشمان نییە، سێ ئێمە هیچ سوودێک لە مێژوو وەرناگرین، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارانەی من‌و هەروەها کاک بەختیار عەلی کارمان لەسەر کردووە لەبواری ڕوودان‌و ڕووداودا، بۆ نموونە ئایا ڕازیبوونی پەرلەمانتاران دەبێتە ڕووداو، دەبێتە ساتەوەختێک کە ئێمە ئێستێک بکەین‌و بیربکەینەوە، بیربکەینەوە بە شێوازێکی مرۆڤدۆستانە، نەک خۆرهەڵاتیانە، مەبەستم لەمە ئەو قسەیەی مۆنتیسکۆیە کە دەڵێت ئەگەر کارێک قازانجی هەبوو بۆ من، بەڵام نەک بۆ خێزانەکەم، ئەوا هەوڵدەدەم لە مێشکی خۆمی دەربکەم، ئەگەر شتێک بۆ خێزانەکەم باش بوو، بەڵام نەک بۆ گەلەکەم، ئەوا هەوڵدەدەم لەبیری خۆمی ببەمەوە، ئەگەر شتێک بۆ فەرەنسا باش بوو، نەک بۆ ئەوروپا یان بۆ ئەوروپا باش بوو، نەک بۆ جیهان، ئەوە تاوانە، ئایا ئێمە دەتوانین لە قۆزاخەکانی خۆمان‌و حیزب‌و عەشیرەت‌و ناوچە بێینە دەرەوە بیر لە گەل‌و نەتەوەو نەوەکانی داهاتوو بکەینەوەو هەموو کەسێک بەو پێوەرە هەڵسەنگێنین، نەخێر ئێمە خاوەن کلتوورێکین کە دەڵێت خێر بۆ خوێش نەک بۆ دەروێش، ئێمە زوو زوو سەنگەرەکان دەگوێزینەوە، تراژیدیاکانمان لەبیردەچێتەوە. ئەگەر بەرپرسیارێتی مێژوویی نرخی هەبێت، ئەوا ئێمە خاوەن مێژوویەکی دیکە دەبووین، بەڵێ ئەندام پەرلەمانان ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی دەبنەوە، بەڵام ئەفسوس هیچ بایەخێکی نییە.

**ڕۆژنامە: بەبۆچوونی ئێوە چی بکرێت بۆئەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ کوردستان دابنرێت کە مافی تەواو بە هەموو چین‌و توێژەکان بدات؟**

* دەبێت کۆمەڵێک شارەزا لە بوارە جیاجیاکانی وەک یاسا، مێژوو، نەریت، مافی مرۆڤ، ئاسایشی نەتەوەیی، کلتوور، نوێنەری ژنان، منداڵان، هەژاران، مەلاکان، ناوێرم بێژم ڕۆشنبیران، لاو، شاری گوندنشین، ئەمانە هەموو بە هەبوونی بوارو ئازادیی کۆببنەوە هەتا دەقێک بهێننە ئاراوە، ئەم دەقە بخرێتە بەردەست خەڵک پاش ڕاڤەو شرۆڤەکردنی، خەڵک دەنگی لەسەربدات، ئینجا بکرێتە بنەما، ئەگەر ئەمە ئەنجام بدرێت، ئەوا هەموو چین‌و توێژو گروپ‌و لایەن‌و کۆمەڵانی خەڵک هەست دەکەن ئەو دەقەی کە کراوەتە بنەمای بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانیان، پشکێکی بەر ئەوان دەکەوێت، ئەوان شوێنیان هەیە تێیدا، ئەوا پرسیان پێکراوە، ئەمە دەبێتە سەرچاوەی شەرعیی، لە هەمانکاتدا دەبێت ئەم دەقە بە کوردی بنووسرێت، هەروەها دەزگایەکی باڵا هەبێت کە دوایین مانای دیاریبکات، لەکاتی هەبوونی ڕای جیاواز دەربارەی ماناکانی دەق، دەستوورێک بە زمانی عارەبان بنووسرێت یان بە زمانی عارەبان کاری پێبکرێت، هەرگیزو هەرگیز ناتوانرێت ناوی دەستووری گەلی کوردی لێبنرێت. دیاریدەی نامۆیی زمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدە تاریکەکان کاتێک کڵێسا بە زمانی لاتینی دەئاخاوت‌و خەڵکی بە زمانی دیکە، بۆیە کە لوتەر هات‌و ئینجیلی وەرگێڕا، شۆڕشێک بەرپابوو.

> **ئەم کەڵەکە کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێم‌و ڕاپرسی لەسەر دەستوورە خەڵک دەخاتە ژێر فشارێکی وەهاوە کە بواریان نەبێت بیر لەوردو درشتی مەسەلەکان بکەنەوە**

> **چی وای لە دەزگایەک کرد کە ئەندامەکانی خەویان لێدەکەوت لەپڕ لە وەختی زیادکراودا بکەوێتە خۆی‌و سوپەرچالاک بێت، وەڵامی ئەم پرسیارە لە ترسێکدا خۆی حەشارداوە، ترس لە گۆڕانێکی چاوەڕوان نەکراوە، کەواتە هەردوو پارتی باڵادەست، بەئاگاهاتنەوەو بۆیان دەرکەوت کە ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخەکە گۆڕانی تێکەوێت، ئەم گۆڕانەش ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانی سنووری دەسەڵاتی هەردوو حیزب**

- سەردار عەزیز
- لە گەرمیان لەدایکبووە.
- لە سلێمانی پەیمانگای تەکنیکی خوێندووە.
- لە ئیرلەندا بەکالۆریۆس‌و ماستەری لەبواری حکومەتدا وەرگرتووە.
- ئێستا کاندیدی دکتۆرایە بە تێزێک دەربارەی دەوڵەت‌و مۆدێرنە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
- لە ئیرلەندا کاری وەرگێڕان‌و ڕاوێژکاریی دەکات.

## سەردار عەزیز:

# پەرلەمان، لەترسی گۆڕان بەو پەلەییە بڕیاری لەسـ



**سەردار عەزیز، پسپۆڕی بواری دەوڵەتو حوکمداریی، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەدا تیشک دەخاتە سەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانو مەترسیی خێرا تێپەڕاندنی بۆ ئەم قۆناغەی هەرێمو ئاماژە بەوەدەکات هەموو ئەندام پەرلەمانەکان دەنگیان بەدەستوورەکە دا، ئەوان نوێنەری حیزبن لە پەرلەمان، کە بۆخۆی لە نوکتە دەچێت. حیزب ئەوانی نەکردووەتە نوێنەری خەڵک، بەڵکو تەنیا نوێنەری خۆی، هەروەها بە هیچ شێوەیەک هیچ پەیوەندییەک جگە لە پەیوەندی تەعینو تەعینکاریی لەنێوان خەڵکو حیزبدا نییە، بۆیە لەڕاستیدا ئەو بەڕێزانە (ئەندامانی پەرلەمان) بەوپەڕی ئەمەکەوە کارەکانی خۆیانیان ڕاپەڕاندووە.**

**سازدانی: فەلاح نەجم**

**ڕۆژنامە: ئایا پەرلەمانی کوردستان لەماوەی چوار خولیدا توانیویەتی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت، ئەگەر نەیتوانیوە بۆچی؟ یان دەتوانین بەو دامەزراوەیە بڵێین پەرلەمان؟**

* وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە، ئایا پەرلەمان توانی ببێتە پردێک لەنێوان هاوڵاتییانو حکومەتدا، ئایا توانی ببێتە چاودێرێک بەسەر کارەکانی حکومەتەوە؟ ئایا ڕۆژێک کەسێکی بانگکرد بۆ پرسیارکردن؟ ئایا هەرگیز تێیدا گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە ڕوویدا؟ ئایا هیچ کەسێک، هاوڵاتییەک، ئەندامێک دەناسێتەوە لەوێ وەک نوێنەری، ئەمانەو زۆری دیکە، بەڵام با هەر لەسەرەتاوە میتۆدی قسەکردنمان دیاریکەین، ئایا ئێمە دێین قسە لەسەر ئەوە بکەین لە ڕوانگەیەکی بەراوردکاریانەوە کە ئایا ئەم پەرلەمانە هیچ لە پەرلەمانەکانی وڵاتە مۆدێرنەکان دەچێت، بەبڕوای من ئەم خوێندنەوەیە هەرچەندە پێویستە، بەڵام یارمەتیدەر نییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێمە بەدوای وەڵامی پرسیاری ئەوەدا بگەڕێین بۆچی ئێمە بووینە خاوەن پەرلەمانێکی لەمجۆرە، میتۆدی بەراوردکاریانە ڕەنگە تووشی قەیرانمان بکات، چونکە زۆر بە سادەیی ئەم دوو دونیایە لە هیچ ڕوویەکەوە لەیەک ناچنو مەحاڵیشە بتوانرێت پەرلەمانێکی مۆدێرن، لەشێوازی خۆرئاوایی لەدەرەوەی خۆرئاوا بونیاد بنرێت، بۆیە کاتێک ئێمە لە خۆرئاوا دەڕوانین، دەبێت لەڕاستیدا وەک یوتوپیایەک لێی بڕوانین، کە ببێتە ڕێپیشاندەرێکی ئایدیال، بەڵام مەرج نییە دووبارەی بکەینەوە. کەواتە دەتوانین لە وەڵامی پرسیارەکەتدا ئایا ئەو پەرلەمانەی هەمانبوو دەتوانرێت پێی بوترێت پەرلەمان، ئەوا لە وەڵامدا دەڵێین گرنگ ئەوە نییە ئێمە دەزگا دامەزرێنینو ناوی لێ بنێین، چونکە تەنیا لە ڕێگای کردارەوە، یان تەنیا کردارە کە دەزگایەک دەکاتە ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکات. هایدگەر دەڵێت چەکوش کاتێک چەکوشە کە بەکاربێت وەک چەکوش، بەڵام بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی نەبوو لەگەڵ خەڵکیدا، لێیانەوە نزیک نەبوو، گوێی لێنەدەگرتن، زمان گۆڕینەوە لەنێوانیاندا نەبوو، ئەگەر بەم پەرلەمانە بڵێین پەرلەمان، ئەوا ناحەقی دەکەین، بەڵام ئێمە لەنێو پرۆسەیەکی سیاسیدا دەژین لە سەرتاسەری دونیادا، کە ئەرکی سەرەکی ئەوەیە چۆن ڕێگا لە خەڵکی بگرێت بیربکاتەوە، هەبوونی دەزگایەک بەناوی پەرلەمانەوە بەبێ ئەوەی بەهیچ کارێکی پەرلەمانیانە هەستێت، تەنیا مەبەست لێی ئەوەیە کە وێنایەک لە ئاگاییدا بهێنێتە ئاراوە کە گوایە پەرلەمان هەیە، ئامین.

> **مەبەستی یەکێتیو پارتی لە پرۆسەی دەنگدانو هەڵبژاردنو ریفراندۆم کارێکی نمایشکارییە، بۆ نوێکردنەوەی شەرعیەتە لەئاستی دەرەوەو ناوەوەدا**

**ڕۆژنامە: درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ لای خەڵک، بەبێ هۆکار، تاچەند ڕێگای پێدراوە؟ لەو ماوەیەی درێژکراوەتەوە بڕیاری لەسەر دوو پرسی گرنگ دا، کە ڕاپرسی لەسەر دەستوورو پەسەندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ بوو، ئەم کارە لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ڕوودەدات؟**

* لەڕاستیدا ئەمە لە یاریی دووگۆڵی دەچێت کە نیوەی یەکەمو نیوەی دووەم بەبێ گۆڵ تەواوبووە، بەڵام لەکاتی زیادەدا دووگۆڵی زۆر گرنگ دەکرێت، چی وای لە دەزگایەک کرد کە ئەندامەکانی خەویان لێدەکەوت لەپڕ لە وەختی زیادکراودا بکەوێتە خۆیو سوپەرچالاک بێت، وەڵامی ئەم پرسیارە لە ترسێکدا خۆی حەشارداوە، ترس لە گۆڕانێکی چاوەڕوان نەکراوە، کەواتە هەردوو پارتی باڵادەست، بەئاگاهاتنەوەو بۆیان دەرکەوت کە ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخەکە گۆڕانی تێکەوێت، ئەم گۆڕانەش ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانی سنووری دەسەڵاتی هەردوو حیزب، کەواتە لەپڕ ئەو ئاگاییە سەریهەڵدا کە ڕەنگە داهاتوو بەمشێوەیە بەردەوام نەبێت، بەڵام هەردوو حیزب نایانەوێت گۆڕان بێتە ئاراوە، بۆیە ئەمەی ئێستا ڕوودەدات، هەوڵدانە بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتوو، بۆ ڕێگرتن یان سنووردارکردنی ئەو گۆڕانانەی کە ڕەنگە ڕووبدەن، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی خۆی وتی ئێمە دەمانەوێت لە ڕێگای دەستوورەوە مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بکەین، ئەمە بەباشی ڕوونیدەکاتەوە کە مەبەست لە دەستوور چییە، بۆ چ ئامانجێک نووسراوە، ئایا ئەمە لە دیموکراسیدا ڕوودەدات، لەڕاستیدا ئەمڕۆ دیموکراسی لە قەیراندایە، هیچ نەبێت لە پاشکەشەدایە، بەڵام ئەگەر مەبەستت دیموکراسییە لەڕووی تیۆرییەوە، ئەوا نابێت ڕووبدات.

**ڕۆژنامە: تاچەند هەڵەیە لەیەک ڕۆژدا ئەندامانی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێنو دەنگ بۆ پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەستووریش بدرێت، بەڕای ئێوە بۆ زۆرینەی پەرلەمانتاران دەیانەوێت ئەو سێ هەڵبژاردنە لەیەک ڕۆژدا بکرێت؟**

* مەبەستی یەکێتیو پارتی لە پرۆسەی دەنگدانو هەڵبژاردنو ریفراندۆم کارێکی نمایشکارییە، بۆ نوێکردنەوەی شەرعیەتە لەئاستی دەرەوەو ناوەوەدا، ئەوان وەها دەڕوانن کاتێک کە ئێمە نوێنەری ڕاستەقینەی زۆرینەی خەڵکینو زۆرینەی خەڵک لای ئێمە مووچەخۆرە، کەواتە پرۆسەی هەڵبژاردن تەنیا نوێکردنەوەی ئەوەیە کە هەیە، بۆیە کێشە نییە ئایا هەمووی پێکەوەیە، چەند خەڵک ئاگادارن، چەند دەرفەتیان هەبووە، چونکە کاتێک کە خەڵک پێیانوتراوە کە چۆن دەنگ بدەن، ئیتر پێویستیان بە هیچی دیکە نییە. ئەم دیدە ترسناکە، ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە چەند ئەم دوو پارتە لە خۆیان ڕازین، لەلایەکی دیکەوە هەروەها دەتوانرێت وەها بخوێنرێتەوە کە ئەم کەڵەکەکردنە بەسەریەکەوە خەڵک دەخاتە ژێر فشارێکی وەهاوە کە بواریان نەبێت بیر لە وردو درشتی مەسەلەکان بکەنەوە، بەڵکو دەنگیان بدەن بەو کاندیدو لایەنەی کە لە ئاگاییدا چەسپاوە، ئەمە لە زانستی کارگێڕیو ڕیکلامدا باوە، هەمیشە کڕیار بۆ ئەو کاڵایەنە دەچێت کە دەربارەی بیستووەو بینیویەتی، ئەمەش دیارە لە بەرژەوەندیی هەردوو زلحیزبەکانە، چونکە ئەوەیان توانای ئەوەیان هەیە کە ببینرێن، ببیسترێن، هەستپێبکرێن، لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، لەڕاستیدا تەنانەت لە ئەوپەڕی دیموکراسیدا ڕای گشتیی جگە لە ئەفسانەیەک هیچی دیکە نییە، ڕەنگە کتێبەکەی واکتەر لیپمان باشترین نموونەی ئەم تێزە بێت.

**ڕۆژنامە: بەپێی لێدوانی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی ڕەشنووسەکە «گۆڕانکاریی لە ڕەشنووسی دەستووردا کراوە، ئەندامانی لیژنەکە ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە نین»، ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

* ئێمە هەموومان دەزانین کە دووفاقیەکی ئاشکرا ژیانی سیاسی ئێمەی تەنیوە، ئەم دووفاقیە بریتییە لە دووانەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەو دەسەڵاتی نمایشکراو، لە کوردستان دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەدەست بڕێکی ئێجگار کەمی خەڵکدایە، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێک دەزگاو شوێن هەیە کە بەشدارن لە دەسەڵاتی نمایشکراودا، وەک وەزارەتەکان، حکومەت، پەرلەمان. فەیلەسوفی سلۆڤینی (سلاڤیو ژیژاک) دەڵێت: کاتێک ئەو دەیویست بێتە ناو سیاسەتەوە، حەزی دەکرد ببێتە بەرپرسی دەزگایەک کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی هەیە، وەک ئاسایشو پێگەی دیکەی لەوجۆرە. کاتێک بەشێکی زۆری حکومەت دەسەڵاتێکی نمایشکارانەی هەیە، ئیتر ئاگاداربێت یان بێئاگا چ بایەخێکی هەیە، یان چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، بۆ ئەوانەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکۆڵنەوە، ئەوە ئاشکرایە کە بێتواناترین کەس دەگاتە بەرزترین پلە، ئەمەش زۆر لۆژیکە، چونکە مەبەستی دەسەڵات گەرەنتی مانەوەیە نەک گەشە یان گۆڕان.

**ڕۆژنامە: چ لێکدانەوەیەکت هەیە بۆ هەڵوێستی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە تەنیا (٤٨) سەعات ڕەشنووسەکەیان لابوو بۆ دواجار بڕیاریاندا بیخەنە ڕاپرسییەوە؟**

* من دڵنیام هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان پێش خوێندنەوە، بڕیاریان لەسەردابوو، لەڕاستیدا دەستوور دەقێکی هێندە وشکە کێ تاقەتی هەیە بیخوێنێتەوە، خەڵک ڕۆژنامە ناخوێننەوە لێگەڕێ دەستوور، بەتایبەت دەقێک کە بە عەرەبی نووسراوەو پاشان کراوەتە کوردی هەر لە وشکە کەڵەک دەچێت،

# دەرفەتی گۆڕان



شوان ئەحمەد

لەسیستمە دیموکراسییە تەندروستەکانی دنیادا، هاوڵاتییان چوارساڵ جارێک یان زیاتر، مافی ئەوەیان پێدەدرێت تا لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە، دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی‌و دەموچاوی کارەکتەرە سیاسییەکانی دەوڵەت بگۆڕن. ئەو هێزو گروپە سیاسییانەی ناتوانن لە ئاست چاوەڕوانی‌و داواکارییەکانی خەڵکدا بن، دەبێت شوێن‌و جێی خۆیان بۆ هێزگەلێکی دیکە چۆڵ بکەن. هەموو قۆناغێکی هەڵبژاردن‌و دەنگدان بە شێوازێکی دیموکراسییانە، چانس دانە بە هێزو گروپێکی تازە تا لەو ماوەیاساییەی بۆی دیاریکراوە، ئەجێنداو بەرنامەی کاری خۆی جێبەجێبکات.. ئەم دۆخە لەناو فەزاو سیستمی دیموکراسیدا وا دەکات، هەمیشە ئومێدی گۆڕان‌و نوێبوونەوەی ژیان لە گشت ئاستەکاندا لەئارادا بێت. وا دەکات کۆمەڵگا کەمترین ترسی لە چەقبەستن‌و دروستبوونی مەیلی دیکتاتۆری لای هێزە سیاسییەکان‌و گەیشتنی گەندەڵی سیاسی‌و ئیداریی بە ئاستێکی ترسناک هەبێت.

لێرەوەو لە پای بوونی زەمینەیەکی ئاوادایە، سیستمە دیموکراسییە تەندروستەکان، هەمیشە لە گۆڕان‌و نوێبوونەوەو بەرەوپێشچووندان. ئەمەیە وا دەکات ژیان لە جوڵەو بزووتنێکی بەردەوامدا بێت، وا دەکات ململانێکانی کۆمەڵگا توندوتیژیی مۆرکی سەرەکی نەبێت‌و دۆخی زەبروزەنگاویی‌و شەڕانگێزیی بە خۆوە نەبینێت. ئێمە کاتێک دۆخی هەژدەساڵەی حوکمڕانی پارتی‌و یەکێتی لە کوردستاندا، لەگەڵ ئەو سیستمە دیموکراسییانەی دنیادا بەراورد دەکەین، بەسەر نائومێدییەکی قوڵدا دەکەوین.

خراپی ئەدای سیاسی‌و ئیداریی ئەم دوو هێزە، کوردستانی دووچاری قەیران‌و کێشەگەلێکی درێژخایەن کردووە. ئەو پەشێوی‌و ناڕەزاییە کۆمەڵایەتییەی ڕۆژ بەڕۆژ لە هەڵکشاندایە، بەرهەمی ئەو کەلێنە گەورەیەیە کە دەسەڵاتی سیاسی هەردوو حیزبی حوکمڕان، لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا دروستیانکردووە.

لە بەرئەوەشی کە بە درێژایی هەژدەساڵی ڕابردوو، دەرفەتی گۆڕانی مەدەنی‌و دیموکراسی لە کوردستاندا نەبووەو ئەو مافانە بە هاوڵاتییان نەدراوە کە لە ڕێی ململانێیەکی ئسوڵی‌و یاساییەوە، دەنگبدەن‌و چانس بە هێزو لایەن‌و فراکسیۆنی دیکە بدەن، ئەمە وایکردووە کە ڕق‌و تووڕەیی‌و ناڕەزاییەکی زۆر سەرتاپای کۆمەڵگای ئێمە داگیربکات. گوێگرتنێکی سەر پێیی لە ترپەی دڵی شەقامی کوردی، ئاستی ئەو ناڕەزایەتی‌و تووڕەبوونە شاراوەیەمان نیشاندەدات کە خەڵک لە بەرامبەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا هەیەتی.

ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە زۆرە، کۆمەڵگەی کوردەواری لە بەردەم چانس‌و دەرفەتێکی تازەی گۆڕاندایە، هاوڵاتییانی ئێمە دەتوانن هەموو ئەو ناڕەزایەتی‌و تووڕەبوونەی ناخی خۆیان، لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە بەتاڵبکەنەوە. گرنگی ئەم دەرفەت‌و قۆناغە تازەیە لەوەدایە کە تۆپەکە لە ساحەی هاوڵاتییاندایەو ئەوانن دەتوانن لە ڕێی دەنگدان‌و ئەنجامدانی ئەو مافە یاسایی‌و مەدەنییەی هەیانە، نەخشەی سیاسی کوردستان بگۆڕن‌و شەرعیەت لە یەکێتی‌و پارتی بسەننەوەو بیدەنە دەست ئەو هێزو لایەنانەی بە شایستەی ئەو ئەرکەیان دەزانن.

میللەتی ئێمە ئەگەر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغە گرنگ‌و چارەنووسسازەدا بکات، دەتوانێت لانیکەم واز لەو پرتەوبۆڵەو ناڕەزاییانە بهێنێت کە ڕۆژانە لە پەناو پەسێوەکاندا یان بە ئاشکرا دەیانکات. بە هێندنەگرتنی گرنگی ئەم قۆناغە، بە هەدەردانی دەرفەتێکی زێڕینی گۆڕانە (لانیکەم لە ئاستە سیاسییەکەیدا)و بەخشینەوەی شەرعیەتە لەسەر سینییەکی زێڕین، بە یەکێتی‌و پارتی‌و قوڵترکردنەوەی زیاتری قەیران‌و کێشەکانە.

نەک لەو وڵاتانەی خاوەن نەریت‌و سیستم‌و مێژوویەکی دێرینی دیموکراسین، بەڵکو لەو شوێنانەشی کە دیموکراسییەکی شەرمن‌و نیوە ناچڵیش هەیە، هاوڵاتییان هەموو خولێکی هەڵبژاردن دەکەنە دەرفەتێک بۆ سەندنەوەی شەرعیەت لە هێزێک‌و بەخشینەوەی بە هێزو لایەن‌و گروپێکی دیکە. نموونەی هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی تورکیاو فەلەستین‌و ئێران، ئەو ڕاستییەیان بۆ سەلماندین کە پرۆسەی هەڵبژاردن دەرفەتێکی گرنگی گۆڕانکارییە لە سیستمی حوکمڕانیی وڵاتدا.

خۆشبەختانە ئێمە ئەمڕۆ کە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسی تازەداین‌و دەرفەتێکی گۆڕانکاریی لە پێشدەممانداییە، ڕەنگە چانسمان لە هاوڵاتییانی ئێران‌و تورکیاو فەلەستین باشتربێت کە وەک ئەوان ناچار نەبین لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی دەوڵەتدا، هەموو هێلکەکانی خۆمان بخەیەنە سەبەتەی هێزە مەزهەبی‌و ئاینییەکانی (ئیسلامی سیاسی). لە فەلەستین ناشیرینی‌و سیاسەتە قێزەونەکانی (فەتح)و (یاسرعەرەفات)و (سوها عەرەفات)و (محەمەد دەحلان)، خەڵکی بەشمەنیەتی ئەو وڵاتەی ناچارکرد ڕوو لە ڕێکخراوێکی وەک (حەماس) بنێن‌و لە تورکیاش، دوای گەندەڵی‌و فەسادێکی زۆری حیزبە چەپ‌و بەناو عەلمانییەکانی ئەوێ، خەڵکی ڕووی لە (سەعادەت)و (فەزیلە)و (ئەکەپە) نا، بەڵام لەم ساتەوەختەی مێژووی ئێمەدا، کوردەواری ناچار نییە بە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموون‌و هەمان سیناریۆی ئەو وڵاتانە، لەبەرئەوەی ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا، لە بەرامبەر یەکێتی‌و پارتی‌و لە دەرەوەی ئەحزابی ئیسلامیدا، هێزی لیبراڵ‌و عەلمانیمان هەیە کە دەکرێت لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، هەم غروری دەسەڵاتدارێتیی پارتی‌و یەکێتی بریندار بکەن‌و هەم ڕێگریش بن لەوەی نەهێڵن هەرێمەکە بچێتە باوەشی هێزە دینییەکان.

دەرفەتێکی گۆڕانکاریی لەبەردەمدایە، بۆ دەرچوون لە بنبەستی‌و لەم پاوانخوازییە حیزبۆکراتییەی پارتی‌و یەکێتی، قۆستنەوەی ئەم هەلەش چارەنووسی داهاتوومان دیاریدەکات. مێژووی ئەم هەژدە ساڵەی ڕابردوو بە هەموو ئیجابیات‌و پوخڵەواتەکانیەوە، لە دوامانەوەیەو بەجێیدەهێڵن، ئەوەی کە دێت‌و لە پێش دەممانداییە قۆناغێکە، دەنگی خەڵک‌و بەشداریی هاوڵاتییان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا دیاریدەکات.

لەبەرئەوەی مێژوو تا سەر هەر وا ناڕوات‌و دەبێت گۆڕانکاریی درەنگ یان زوو ڕووبدات. هەموو بە پیرەوەچوونێکی گۆڕانکاریش لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدان‌و بە شێوازی دیموکراسی‌و مەدەنییانە، دەرگا بە ڕووی گۆڕانکاریی لە ڕێی توندوتیژیی‌و شەڕانگێزیی‌و ململانێی خوێناویی دادەخات.

بەڵام لەم ساتەوەختەی مێژووی ئێمەدا، کوردەواری ناچار نییە بە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموون‌و هەمان سیناریۆی ئەو وڵاتانە، لەبەرئەوەی ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا، لە بەرامبەر یەکێتی‌و پارتی‌و لە دەرەوەی ئەحزابی ئیسلامیدا، هێزی لیبراڵ‌و عەلمانیمان هەیە کە دەکرێت لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، هەم غروری دەسەڵاتدارێتیی پارتی‌و یەکێتی بریندار بکەن‌و هەم ڕێگریش بن لەوەی نەهێڵن هەرێمەکە بچێتە باوەشی هێزە دینییەکان

# ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن «تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی»یەوە

وەک بەشێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمی کوردستان، بەناوی «هاوکاریکردن و ئاوڕدانەوە لە گروپ‌و تیپە هونەرییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی»یەوە، بەڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵح، جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بڕی نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بە بەخشینەوە. هێندەی بەر ئێمە دەکەوێت لەم دەسبڵاوییەدا، لەڕووی بەزیندوێتی مان‌و بەردەوامبوونی تێیدا، یارمەتییەکی بایەخدارە، بۆ خۆ گێلکردن ناشێت. پڕ بە دڵیش مایەی قەدرزانینە، بەڵام چۆنێتی دابەشکردنی ئەم خێرە قەناعەتی پێهێناین کە چاکترە بە چکلێت خۆمان دەرمانخوارد نەکەین. بۆیە دەستی یارمەتییەکەی دکتۆر بەرهەممان بە سوپاسەوە گێڕایەوە.

هەروەک چۆن لە سەردەمی نوری پاشای ڕەحمەتیدا دەرەبەگە کاسەلێسەکانی ڕژێم بۆیان هەبوو بووتنە ڕەشۆکییەکەیان لە ئینحیسار بە «مومتاز» بۆ بنووسرێ، ئاوایش ئەو لیژنەیەی دابەشکردنی ئەم سەدەقەیەی خرابووە ئەستۆ تیپ‌و دەستە هونەرییەکانی کرد بە سێ پلەوە: ئەلف، بێ‌و جیم. ئێمە قڕە بووین. کەسێ کە خۆی بە حیساب سەرەک تیپی هونەرییە، بەلام لە بواری شانۆدا پڕ بەپڕی وشەکە نەکیرەیە، لەبەرئەوەی لەلیژنەکەدا لای سەروو بوو، خۆی کرد بە بەگ، دای لە وارەکە، ئەندامێکی تری ئەم دەستەیە پێی نەنگ بوو ڕایگەیەنێت کە پۆلێنەکە «لەسەر بنچینەی داهێنان‌و ئیشکردن»بووە. تکایە سەرنجبدەن ئەوەی ئەم کفرە دەفەرموێت نەک شەش ساڵە هیچ کارێکی هونەری نەکردووە، بەڵکو بە درێژیی ژیانی تاقە یەک بەرهەمیشی نەبووە! پاش هەژدە ساڵ حوکمی ڕاستەوخۆی کورد، دەسەڵاتدارەکانمان بۆیان لوا گەندەڵی لە سوننەتەوە بکەن بە فەرز.

هونەر بەرلەوەی داهێنان بێت، هەڵوێستێکی ئەخلاقییە.

کاتێک زیاد لە سی‌و پێنج ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵێ لاوی خوێنگەرمی شانۆکار، باڵیان لە یەک بەست‌و تیپی پێشڕەویان دامەزراند، دەستەیەکی هاوڕەنگ نەبوون، بەڵام زۆربەیان باوەڕیان وابوو کە شانۆکەیان دەبێت لەپێناوی گەلدا بێت، دوور بێت لەتەهریجی هەرزانبایی، یان سواڵکردنی چەپڵەو پێکەنین، چ جا ماستاو ساردکردنەوە بۆ دەسەڵات. ئەمە ئەرکێکی نە بە تەنیا سەخت، بەڵکو مەترسیداریش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک هەندێک ئەندامی بوودەڵە پێیانوابوو کە چاکترە تیپ دڵی ڕژێم نەڕەنجێنێ بۆ ئەوەی لە سەرئێشە بەدووربێت، نەک زاڵ نەبوون، بەڵکو ناچاریش کران بار بکەن‌و ریزەکانی تیپ بەجێهێڵن. تەنیا ڕۆنە ساغەکە مایەوە. لەو دەمەدا نەک هیچ ئەندامێکمان بەتەمای سەنتێکیش نەبوو، بەڵکو هەموو دڵنیابووین کە لەوانەیە چالاکیی هونەریمان تووشی چەرمەسەریمان بکات. لەو ڕۆژانەوە فێربووین دەست لەکەس پان نەکەینەوە. لەوساوە ڕاهاتین نەبین بە کەڕەنای دەسەڵاتداران، هەر دەسەڵاتێک بێت.

کاتێ جەماوەر بۆ بینینی بەرهەمەکانی تیپمان پاڵەپەستۆی بوو، ئەمەی نەدەکرد لەبەرئەوەی سمێڵمان قیتە، ئێمەش نەدەچووینە سەر شانۆ بۆ ئەوەی کیژۆڵەی قوتابخانەی ئامادەیی تاوبکەین، بەڵکو ڕێکەوتننامەیەک بوو پێکەوە ئیمزامان کردبوو: ئێمە خەمخۆری جەماوەرین، جەماوەریش پاڵپشتمانە.

لە ساڵانی تاریکستانی بەعسدا ناوی تیپی پێشڕەو ببووە سەمبولی ڕۆشنایی. ئەو کەسانەش کە ئەمڕۆ ئەوەندە چاوقایمن ئێمە بە پلەی سێ دابنێن ئامۆژگارییان دەکەین بچن دەستنوێژ بشۆن، بەر لەوەی ناوی تیپی پێشڕەو بێنن.

وەرزەکان هاتن‌و چوون. سەردەمانێک کە کەماڵ سابیر سەرقاڵی ڕێکخراوە قاچاخەکانی یەکێتی هونەرمەندانی کورد لەناو شاردا بوو، کاتێ کە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە ماڵی عوسمان چێوارەوە پەخشی دەکرد، گەلێک لەم قارەمانانەی جادەی پانی ئەمڕۆ بە زەڕەبینیش بەرچاو نەدەکەوتن.

تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی هەر لە سەرەتاوە پلەی «مومتاز»ی لەلایەن گەلەوە پێ بەخشراوە. ئەم تیپە ئامادە نییە ئەمڕۆ ئەو پلەیە لە پێناوی مشتێک دۆلاردا هەڕاج بکات.

ئەندامانی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی:

١ ـ ئازاد محەمەد بچکۆل
٢ ـ ئارام محەمەد بچکۆل
٣ ـ ئەحمەد مەحمود
٤ ـ جەبار مەعروف
٥ ـ جەمیل ئەحمەد شازەمان
٦ ـ جەزا حەمە سەعید
٧ ـ دلاوەر عەلی سوفی کەریم
٨ ـ سەمیعە ئەحمەد
٩ ـ سمکۆ ناکام
١٠ ـ سەرکەوت جەمال
١١ ـ سیروان جەمال
١٢ ـ شەماڵ شێخ جەمال
١٣ ـ کەریم صاڵح
١٤ ـ کەمال عەلی جەوهەر
١٥ ـ نەجمەدین یوسف
١٦ ـ عەبدوڵڵا حەمە ساڵح
١٧ ـ یاسین قادر سەعید
١٨ ـ مستەفا ئەحمەد

ناوی ئەندامە شەهیدو کۆچکردووەکانی تیپ:

١ ـ مامۆستا عەسمان چێوار
٢ ـ مامۆستا کەمال سابیر
٣ ـ شەهید پێشڕەو ڕەفیق
٤ ـ هەڤاڵ غەفور

# ئاماژەکان، پێشبینیی گۆڕان دەکەن

**جەمال ئیختیار**

لەچوارچێوەی گرنگیپێدانی میدیای نێودەوڵەتی بە هەڵبژاردنەکانو ئەگەری گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستاندا، گۆڤاری نیوزویک دەنووسێت، ئەگەر پەرۆشیی خەڵک وەکو ئاماژەیەک وەربگیرێت، شتی گەورە لەکوردستانی عێراق ڕوودەداتو هەموو کەسێک هەست بەوە دەکات کە ئەمجارە بەتەواویی جیاوازە لە جارانی پێشوو.

نیوزویک لە ڕاپۆرتێکی تازەدا دەربارەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بڵاویکردوەتەوە، کە لەدوای چەند مانگ لە دواخستن، کەمپینی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کە لە (٢٥ی تەمموز)دا بەڕێوەدەچێت، دەستیپێکردو لە هەموو شوێنەکان پۆستەرو لافیتەکان دەبینرێنو کاندیدەکان وەکو ئەستێرەکانی ڕاک پێشوازییان لێدەکرێتو لەسەر شەقامەکانیش سروودی نیشتمانی دەخوێنرێتو لە ئۆتۆمبێلەکانەوە دەبیسترێت.

نیوزویک دەگێڕێتەوە ئەو کوردانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا تەمەنیان نەگەیشتبووە تەمەنی یاسایی دەنگدان، چوارساڵ دواتر لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا بە جۆشو خرۆشەوە باس لە گۆڕان دەکەنو دایکو باوکەکانو داپیرەو باپیرەکانیش هەستو سۆزیان بۆ گۆڕان لەوە کەمتر نییە.

سەرۆکی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاوێنەو ڕۆژنامەنووسو ڕاڤەکاری سیاسی، ئاسۆس هەردی بە نیوزویکی وتووە، کە هەموو کەسێک هەستدەکات ئەمجارەیان بەتەواویی جیاوازەو لەدوای داگیرکردن، ئەمە یەکەمجارە کە کێبڕکێی ڕاستەقینەمان هەیە.

خەڵک پێیانوایە، کە زۆر لەوە زیاتر ڕاوەستاونو لە دوای ڕاپەڕینەوە چاوەڕوان بوون، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە کە ناوچەکە سەربەخۆیی خۆی لە دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن بەدەستهێنا، دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان لە لایەن دوو بلۆکی سەرەکییەوە، پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانییەوە پاوانکراوە، ئەو دوو حیزبە ماوەیەکی درێژ پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەبوو، بەڵام لەم دواییەدا بە هاوبەشی لیستێکیان بۆ هەڵبژاردن بەشدارکردووە بەناوی (لیستی کوردستانی). خەڵکی ناوچەکە پێیانوایە، کە هاوبەشی سیاسی ئەو دوو حیزبە تەنیا بۆ ئەوەیە کە درێژە بە کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بدەن کە دەوڵەمەندە بە نەوتێکی زۆرو تائێستا داهاتی ناوچەکە بە شێوازێکی گەندەڵ بەکارهاتووە.

نیوزویک درێژە دەدات بەوەی کە ڕابردووی ئەو دوو حیزبە زەمینەی بۆ دروستبوونی ئەوەی کە گۆڤارەکە بە (حیزبی)گۆڕان ناوی دەبات، ڕەخساندووە کە بە ئینگلیزی دەبێتە (چەینج) واتە هەمان گۆڕان، کە بەهێزترین ڕکابەری لیستەکەی یەکێتیو پارتییەو ڕۆژ بە ڕۆژ پشتیوانییەکەی زیاد دەکات.

لەگەڵ ئەوەدا کە تیشکی خستووەتە سەر ناکۆکییەکانی نەوشیروان مستەفاو حیزبەکەی خۆی، کە ئێستا وەکو کەسایەتییەکی ناسراو لە ناوچەکەدا کار بۆ گۆڕان دەکات، نیوزویک دەڵێت کە ناکۆکی ئەو لەسەر کۆمەڵێک خاڵە وەکو کونترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن یەکێتیو پارتیو نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ خەڵکی ناوچەکەو پەیڕەوکردنی سیاسەتێک کە بوەتە هۆی دەوڵەمەندبوونی بەرپرسانی حیزبیو دۆستەکانیان، پلاتفۆرمی گۆڕان ئەو بابەتانەی خستووەتە سەنتەری کەمپەینەکەیانەوە.

گۆڤارەکە دەنووسێت کە لیستی کوردستانی لەبەرامبەردا لە کۆمەڵێک شتی دیکە سوود وەردەگرێت وەکو سەرچاوەکانی ناوچەکە، ڕێکخستنو شانازییەکانی ڕابردوو.

شارەزایانو چاودێران پێیانوایە، کە هیچکام لەو خاڵانەی کە لیستی کوردستانی بەقازانجی خۆی بەکاریاندەهێنێت، خاڵی بەهێزی نین، بەڵکو مەسەلەی بەکارهێنانی سەرچاوە گشتییەکان دەچێتە خانەی پێشێلکاریی هەڵبژاردنو بەردەوامی ئەو گەندەڵییانەی کە ساڵانێکە ئەو دوو حیزبە بەسەر کوردستاندا سەپاندوویانە. بە بڕوای چاودێران مەسەلەی خەباتی ڕابردووش نابێتە هۆی هیچ بەهێزییەک بۆ کەسێک یان لایەنی دیاریکراو، بەڵکو ئەوە پلاتفۆرمی دیموکراتییە کە دەتوانێت جەختی لەسەر بکرێتەوەو بکرێتە بنەمای ململانێی هەڵبژاردن لەنێوان لایەنەکاندا.

نیوزویک لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەوەی خستبووەڕوو کە سەرۆکی لیستی گۆڕان نەوشیروان مستەفا بەهەمانشێوەی مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی خەباتگێڕێکی دێرین بووە لە پێناو ئازادیو خزمەتکردن بە وڵاتەکەی.



دروشمەکانی گۆڕان کوردستان دادەپۆشێت     فۆتۆ: فەلاح نەجم

# (والاٚ پرێس) والاٚیە یان...

لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (والاٚپرێس)دا ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە دەربارەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان، تێیدا قسەکانمان وەک دوو کاندیدی لیستی گۆڕان (کوێستان محەمەدو پەیمان عیزەدین) بڵاوکراوەتەوە کە وەڵامی چەند پرسیارێکی ئەو گۆڤارەیە.

ئەو ڕاپۆرتە سەرنجو تێبینی زۆر هەڵدەگرێتو بە پێویستمانزانی ڕوونکردنەوەیەکی هاوبەشی لەسەربدەین، سەرەتا وەک عورفی ڕۆژنامەوانی دەبوایە ئەم ڕوونکردنەوەیە لە هەمان گۆڤاردا بڵاوبکەینەوە، بەڵام لەبەر نەمانی متمانەی ئێمە بەو گۆڤارە بڕیارماندا لە ڕۆژنامەکانی دیکەدا بڵاویبکەینەوە.

لەکاتی پەیوەندیکردنی ڕۆژنامەنووسی (والاٚ پرێس) پێمانەوە، ئێمە دەمانزانی کە ئەو گۆڤارە سەر بە چ کەسو لایەنێکەو بە چ ئاراستەیەک کاردەکات، بەڵام بڕوای ئێمە بە ئازادیی بیروراو بوونی شەفافیەتو بڕوابوونمان بەوەی کە ئێمە وەک کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمان ئەرکی نیشتمانیو ئەخلاقیمان لەسەرشانە بەرامبەر تەواوی کۆمەڵگاکەمان بە جیاوازی ڕەنگو بیروڕاکانەوە، وایلێکردین وەڵامی پرسیارەکان بەوپەڕی ئازادییەوە بدەینەوە، بەڵام لەکاتی دابەزینی ئەو بابەتەدا ئەو ڕاستییەمان لەلا چەسپا کە بەداخەوە ئەو کەڵەڕۆژنامەنووسانەی لەو گۆڤارەدا کاردەکەن نەیانتوانیوە خۆیان لە بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی بپارێزن، قەڵەمەکەیان بە دووربگرن لەهەر ڕقو کینەیەک کە حیزبو تەکەتولەکەیان لێیان بخوازێت، لەسەرەتای پەیوەندیکردنیان بە هەر یەک لە ئێمە وتراوە کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سازدەکەن، زۆربەشمان ئەوە دەزانین کە چاوپێکەوتن قالبو شێوازی خۆی هەیە، هیچ کەناڵو بڵاوکراوەیەک (تعلیقو تعقیب)ی خۆی لەسەر نانووسێت، چونکە بەمە ئەو کەناڵە بێلایەنی خۆی لە دەست دەدات، هەروەک چۆن لە لاپەڕەکانی (٣٢)و(٣٣)ی هەمان ژمارەی گۆڤارەکەدا چاوپێکەوتنێکیان بڵاوکردووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە ئێمە نەوتراوە کە ئەم چاوپێکەوتنەیان بۆ ڕاپۆرتەی کە چاودێران قسەیان لەسەر هەڵوێستی ئێمە کردووە، قسەکانی ئێمە بوونەتە وەڵام بۆ پرسیاری ئەو چاودێرانەی کە نە ناسراونو نە دڵنیاین لەبوون یان نەبوونیان، دەبێت بۆ گۆڤارێک خۆی بە دووربگرێت لە نووسینی ناوی ئەو چاودێرانە یان دەبێت بۆ ئەو چاودێرانە بترسن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرای ئێمە؟!! یان هەر بۆ خۆی چاودێرەکانی ئەمانیش هەمان چاودێرە وەهمییەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارە حیزبییەکانن!!

لەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی ئێمە لەلایەن ئەو چاودێرە نادیارانەوە کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە، دەبێت ئەو چاودێرە خەمخۆرو تیژڕەوانە کێ بن کە هێشتا ئەنجامی هەڵبژردن دیار نییە، پۆستەکانی ئێمەش ئاشکرا نییە، بەڵام ئەوان هێندە بەپەلەن گومانیان هەیە لەوەی سووردەبین لەسەر هەڵوێستی کۆمەڵایەتیمان یان نا!

تۆ بڵێی ئەو چاودێرانە لە کوێ بووبن کە ژنانیش هەبوون بەناوی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان سەرچۆپیان لە ئاهەنگی پیاوی دوو ژنەدا دەگرت، بە سینی شیرینیان بۆ منداڵبوونی ژنی دووەمی بەرپرسان دەبردو کچانی هەڵهاتوویان تەسلیم بە مامو کەسو کاریان دەکردەوە، لەکاتی کوژرانی ئەو کچانەشدا فرمێسکی تیمساحیان بۆ دەڕشتن، لەو کاتانەدا بۆ هەڵوێستی ئەو ژنانە نەدەکەوتە ژێر پرسیاری ئەو چاودێرانەوە؟ ئەو چاودێرانەو نیشانەی پرسیارەکانیان لە کوێ بوون کە لەپاڵ بەرپرساندا کە لەکچو بەناو داکۆکیکاران لە مەسەلەی ژنان سەر بە هەوێ شوویان دەکرد، کەس وشەی لە دەم دەرنەدەهات؟

لە بەشێکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتن یان ڕاپۆرتەدا لە قسەی هەر یەکێکماندا بە ئارەزووی خۆیانو بۆ بەرژەوەندی ئەو ئاراستەیەی دەیانەوێت بیگەیەنن یارییان بەوەڵامەکان کردووە، بۆ نموونە هەر لە پێشەکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە پەیمان عیزەدین، داوای لە والاٚپرێس کردووە کە کتێبی (کێشەی ئافرەتانو بزووتنەوەی ژنان لەنێوان وەهمو واقیعدا)ببینن‌و بخوێننەوە کە تێیدا بیروڕاکانی کاک نەوشیروان مستەفا، پێچەوانەی بیروڕای ئەو دوو خانمەیە، بەر لەهەر شتێک لەو کتێبەدا چاوپێکەوتنی کوێستان محەمەدی تێدا نییە، تا هاوڕابێت یان پێچەوانە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو باسە لە چوارچێوەی چاوپێکەوتنەکەدا نەبووەو بەشێک بووە لە ڕوونکردنەوەیەک لەسەر پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکەیان.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی کوێستان محەمەد، پیشاندراوە کە داوای لە والاٚپرێس کردبێت کە هەمان ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ئەو کراوە ئاراستەی ئەو ژنانەش بکرێت کە ئێستا کاندیدی لیستی کوردستانین، لەکاتێکدا کە ئەو قسەیە وەک پرسیاربووە لەو ڕۆژنامەنووسە نەک پێشنیازبکات ئایا ئەم پرسیارە لە هەمان ئەو ژنانەش کراوە یان نا؟

ئەوگۆڤارەلەبەردەوامی تەعلیقەکانیاندا لەسەر بەشێک لە قسەکانی کوێستان محەمەد کە باس لەو توندوتیژیانە دەکات بەرامبەر ژنان ئەنجامدراوە، لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا گۆڤارەکە دەڵێن: (کویستان محەمەد باس لەو توندوتیژییانە دەکات کە لە ژێر دەسەڵاتی کوردیدا ڕوودەدەن، بێئەوەی سەرنج بدات کە ئەو بەشێک بووە لەو دەسەڵاتە)، دەبێت ئەو ڕۆژنامەنووسانە لە چ هەسارەیەکەوە هاتبن تا بێئاگابن لەوەی کە لە کوێی ئەم هەرێمەدا ژن بەشێک بووە لە دەسەڵات، لە هەموو دامودەزگاو حیزبەکاندا ژنان بە ژمارە زۆرن، بەڵام دوورن لە بڕیاری سیاسی دوورن لە جڵەوی دەسەڵات، هەر ئەم نا یەکسانیو توندوتیژیانەشە کە وایکردووە چەندین کادێری بەتوانای حیزبی پاشەکشە بکەن.

لە بەشێکی دیکەدا نووسراوە (بەپێچەوانەی کوێستانەوە ئەم (واتە پەیمان)دان بەوەدا دەنێت کە نەوشیروان مستەفا بڕوای بە مەسەلەی ژنان نییە، تایبەتمەندی بەم کێشەیە نادات). ئەمە لەکاتێکدایە کە دەقی وەڵامەکە بەم شێوەیە بووە: کاک نەوشیروان بڕوای بە شتێک نییە بەناوی کێشەی ژن، ئەو بڕوای بەشتێک هەیە بەناوی کێشەی کۆمەڵ کە ژن لەناو ئەو کێشەیەدا دەبینێتو من نازانم لەسەر چ بنەمایەکەوە کاک نەوشیروان ئەو ڕایەی هەیە کە هەقە بۆ ئێمەو بۆ خەڵکیش ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەوە بدات کە ئەو دوو شێوازە جیاوازییان زۆرە، هەق بوو وەکو خۆی بڵاویان بکردایەتەوە.

لە کۆتاییدا بۆ بەرچاو ڕوونی ئەو گۆڤارەو بە هەڵە نەبردنی خوێنەرانی هیچ کات پەیمان عیزەدین کادیرێکی حیزبی نەبووە، هیچ کات نەئەندامی(ی.ن.ک)و نە هیچ حیزبێکی دیکە بووەو وەک ژنێکی سەربەخۆ لە یەکێتی ژنانی کوردستاندا کاریکردووە کە ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنانە بێ جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی یان ئینتیمای حیزبی.

**کوێستان محەمەد**
**پەیمان عیزەدین**

# ـــــانی ئیلتیزام‌و بێباکی لای ڕۆشنبیران»

**ڕۆشنبیر دەشێت لە ڕووی حیزبییەوە بێلایەن بێت، بەڵام بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەت، بەرابەر چەقبەستن، بەرامبەر کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی گروپێکی دیاریکراودا، بەرامبەر نەبوونی عەدالەت، بەرابەر وەستاندنی زۆرەملێی گەشەی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بێدەنگ بێت، چونکە ئەمانە لە جەوهەردا تەنیا ڕێگا لە ئازادیی مرۆڤە ئاساییەکان ناگرن، بەڵکو ئەو فەزا عەقڵییە دروستدەکەن کە نە فیکری تیا بەرهەمدێت، نە زانست تیا ئیشدەکات‌و نە ڕۆشنبیریش ڕۆڵی ئەخلاقی خۆی تێدا دەگێڕێت**

بێت، وەزیفەی نییە حیزب دروستبکات، بەڵام وەزیفەیەتی فەزای فیکری‌و عەقڵی نوێ بخولقێنێت، وەزیفەیەتی بزانێت نرخی چ پرسێک لە چ ساتێکدا گرنگە. لێرەدا ڕۆشنبیر بەمە نابێت بە سیاسی وەک هەندێک زۆر بە هەڵە تەفسیریدەکەن، بەڵکو بەمە وەزیفەی کۆمەڵایەتی‌و شوێنی ڕاستەقینەی خۆی لە مێژوودا دیاریدەکات. بۆ نمونە لە ساتی ڕاپەڕیندا ئینتیمای گەورە بۆ «پرسی ئازادی‌و پرسی ڕزگاری نەتەوە» بوو، نەوەک مەسەلەی ئینتیما بۆ پارتی یان یەکێتی یان بیری چەپ یاخود ڕاست... ئەو ساتە هەموو دەمانزانی کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان چ جۆرە هێزێکن، چ جۆرە ڕابوردوویەکیان هەیە، بەڵام لەو چرکە ساتە مێژووییەدا ئینتیما بۆ پرسێکی گەورەتر لە گۆڕێ بوو، هیچ کەسیش نەبوو بتوانێت دژایەتی ڕاپەڕین بکات لەبەرئەوەی دەزانێت هێزە سیاسییەکانی چین‌و چ هێزێکن، هەروەها هەڵەیەکی مێژوویی گەورەش دەبوو کەسێک دژایەتی ڕاپەڕین بکات، لەبەرئەوەی شوناسی سیاسی ئەو هێزانە دەناسێت‌و بەدڵی نییە، چونکە لە ڕۆحی ئەو ساتەدا ماهییەت‌و چۆنێتی گۆڕانکارییە مێژووییەکە لە هەموو شوناسێکی سیاسی گرنگترو گەورەتر بوو. لە ساتی هەڵبژاردنی نەوەدودوودا هەموو دەمانزانی پارتی‌و یەکێتی هەموو کورسییەکان دەبەن، بەڵام ئەوە نەبووە مایەی ئەوەی کە دژایەتی پرۆسەی دیموکراتی‌و هەڵبژاردن بکەین، هەر ڕۆشنبیرێکیش بە ناوی «خۆپاراستنەوە لە سیاسەت» دژایەتی ئەو پرۆسەیەی بکردبایە دەکەوتە هەڵەیەکی کوشندەوە، چونکە لەو ساتەدا پرسی دەنگدان‌و بەگەڕختنی پرۆسەی دیموکراسی‌و تۆمارکردنی نیشانەیەک لەسەر ڕەوتی ژیانی دیموکراسی گرنگییەکی بێوێنەی هەبوو، نەوەک ئەوەی کێ دەیباتەو کێ دەیدۆڕێنێت. خەباتی بەشی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی کوردیش بۆ وەستاندنی شەڕی ناوخۆ، لەوەوە نەهاتبوو کە نەزانن پارتی‌و یەکێتی دوای ئاشتبوونەوەیان دەشێت چ جۆرە پەیمانێکی جەهەنەمی مۆربکەن، بەڵکو پرسی «گەڕانەوەی ئاشتی» «کۆتاییهاتن بە توندوتیژی»و «ماڵاوایی لە کولتووری جەنگ» جێگای سەنترالی لەو هەوڵانەدا هەبوو. ئەمانە هەموو ئەو ساتانە بوون کە ڕۆشنبیر دەبایە لەدەرەوەی هەموو ئینتیمایەکی سیاسی لە بەهێزکردنی ڕەهەندە گرنگەکانی ئەو پرسانەدا بەشداربێت، چونکە تەنیا بەشداری لەم ساتانەدا چۆنێتی تێگەیشتنی ڕۆشنبیر لە جیهان ئاشکرادەکەن، ڕاست‌و دروستی گوتارە هیومانیستی‌و فیکرییەکەی تاقیدەکەنەوە.

ئەوەی سەیری واقیعی ئەم هەژدە ساڵەی دواییبکات، دەزانێت دروستبوونی دوودڵی‌و لەقبوونی بڕوا بەمجۆرە حوکمڕانییەی ئەمڕۆ، لە ناو سیاسەت‌و لە ناو چالاکی حیزبییەوە نەهاتۆتەدی. ئەوە حیزبە سیاسییەکان نەبوون کە یەکەمجار ڕوکارە ترسناک‌و ناشیرینەکانی مێژووی ئەمڕۆمانیان بینیوە، بەڵکو ڕۆشنبیرانی کورد بوون. لێرەوە کەمکردنەوە لە ڕۆڵی مێژوویی ڕۆشنبیرو سڕینەوەی دەوری لە دروستکردنی فەزای فیکری‌و سیاسی تازەدا هەڵەیەکی کوشندەیە. من خۆم یەکێکم هەموو ژیانم لەسەر جیاکردنەوەی ڕۆشنبیر «مثقف» لە سیاسی‌و ڕۆشنبیریی «ثقافة» لە سیاسەت ئیشمکردوە، لەبەرئەوەی ئەم دابڕانە پێویستە بۆ ئەوەی «ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیریی» حورمەتی خۆیان بەرامبەر «سیاسەتمەدارو سیاسی» وەربگرنەوە، گرنگە بۆئەوەی «ڕۆشنبیر » لە شوێن پێیەکی بەهێزەوە قسەبکات، ئەم جیاکردنەوەیە بۆ دەرکردنە دەرەوەی گوتاری فیکر نییە لە مێژووو کۆمەڵگاو سیاسەت، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی مەوقعێکی بەهێزە بۆ ئەم گوتارە بەرامبەر ئەو هێزانە. ئەم هەڵوێستە بۆئەوە نییە کە ڕۆشنبیر قسە لەسەر سیاسەت‌و کۆمەڵگاو مێژووی هەنوکە نەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆئەوەیە کە لە شوێنێکی لە پێشترو دووربینترەوە قسەیان لێبکات. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە ئەرستۆکراتییەتی ڕۆشنبیر بخەینە بەرامبەر ئەرستۆکراتییەتی سیاسی، بەڵکو بە مانای ڕزگارکردنی هەر یەک لە سیاسەت‌و ڕۆشنبیرییە لە گۆشەگیری‌و تاکچاوی‌و یەک ڕەهەندی. هەروەها ئەمە بەو مانایەش نایەت کە ڕۆشنبیر بێلایەن بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆئەوەیە لە چەمکی تەقلیدی ئینتیما بۆ سیاسەت بچێتەدەرێ‌و شێوەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان «کولتوور»و «مێژوو» بدۆزێتەوە. خودی ئەم جیاکارییە گرنگ‌و گەورەیە بۆئەوە نییە ڕۆشنبیر گوتارێکی سیاسی بەرهەم نەهێنێت، بەڵکو بۆئەوەیە گوتاری سیاسییانەی ڕۆشنبیر تایبەتمەندی خۆی‌و سروشتی ڕەخنەگرانەو کەشفکەرانەی خۆی نەدۆڕێنێت. ڕۆشنبیر دەشێت لە ڕووی حیزبییەوە بێلایەن بێت، بەڵام بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەت، بەرابەر چەقبەستن، بەرامبەر کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی گروپێکی دیاریکراودا، بەرامبەر نەبوونی عەدالەت، بەرابەر وەستاندنی زۆرەملێی گەشەی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بێدەنگ بێت، چونکە ئەمانە لە جەوهەردا تەنیا ڕێگا لە ئازادیی مرۆڤە ئاساییەکان ناگرن، بەڵکو ئەو فەزا عەقڵییە دروستدەکەن کە نە فیکری تیا بەرهەمدێت، نە زانست تیا ئیشدەکات‌و نە ڕۆشنبیریش ڕۆڵی ئەخلاقی خۆی تێدا دەگێڕێت. جیاوازییەکە لەوەدایە ئەو ڕاستەوخۆ، بە سیاسەت یاخود لەڕێگای حیزبایەتییەوە ئەوە ناکات، بەڵکو لە ناو ئەو هێزانەدا کە مێژوو دەریاندەهاوێژێت، ئەگەری دی‌و ئاسۆی دی دەدۆزێتەوە «هەڵبەت کە دەشێت ڕۆشنبیر لەمەدا هەڵەبکات، ڕۆشنبیر پێغەمبەر نییە، ڕۆشنبیر کەسێکە لە ناو مێژوودا، بەڵام هەڵەبکات یاخود ڕاست ئەوە بەشێکی گرنگی وەزیفەکانێتی». لەڕاستیدا ئەم گروپە کە «ڕۆشنبیریی یان داهێنان» دەبەستنەوە بە «پاسیفییەتی سیاسی»یەوە لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا بە ئەندازەی گروپی یەکەم گەورەن‌و بە ژمارە زۆرن، ئەمانە لە زۆربەی ساتە گرنگەکانی مێژووی ئێمەدا بێدەنگی هەڵدەبژێرن، لە هەر جومگەیەکدا پرسیارێکی گرنگ هەبێت‌و تووشی قۆناغو سەردەمەکە بووبێتەوە ئەوان شتێک ناڵێن تێڕوانینان ببینرێت، بە چەشنێک دەکرێت بگوترێت کە ئەم گروپە ناشەفافترین توێژی کۆمەڵایەتی ئێمەن، ئەم ناشەفافییەتەش لە قووڵی فیکرەوە نەهاتووە، بەڵکو لە نەبوونی فیکرەوە هاتووە، واتە ئەمانە دەرکەوتەیەکی دی ئیفلیجبوونی کایەی تیورین وەک کەمێکی دی باسی لێدەکەم.

لە ڕاستیدا هەر دووک ئەم بۆچوونەی سەرەوە بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیر پەیوەندیان بە ترسەوە هەیە لە فیکر، ئەم دوو بۆچوونە لە جەوهەردا یەک بۆچوونن‌و یەک جەوهەریان هەیە: یەکەمیان، کاتێک ڕۆشنبیر لە سیاسیدا دەتوێنێتەوە، لەبەرئەوەیە ناتوانێت وەزیفە فیکرییەکانی ڕۆشنبیر جێبەجێبکات، ئیدی بۆ جیهانی سیاسەت ڕادەکات‌و لە دەنگە دەنگ‌و شەڕە توانجی سیاسیدا خۆی وندەکات. دووەمیش، کاتێک دەیەوێت ڕۆشنبیر تەواو لە هەڵوێستی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی پاکبکاتەوە، هەمانشێوە ناتوانێت واقیع‌و جیهانی خۆی شیبکاتەوەو بگاتە بینینی مێژوو بە قووڵی، ناتوانێت بگاتە دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان فیکرو واقیعدا. ئیدی بە هۆی دەستکورتییەوە لە تەفسیری مێژوو واقیعدا، بە هۆی سستی‌و نەبوونی توانای مەعریفییەوە بۆ خوێندنەوەی جیهان ئەو جیاکارییە موتڵەقە دەکات. ئەم گروپە جیابوونەوەی ستراتیژی ڕۆشنبیر لە سیاسی بە دەرفەت دەزانن بۆئەوەی خۆیان لە ئەرکە ئینسانی‌و کۆمەڵایەتییەکان بەدووربگرن... لەقووڵاییدا ئەم دوو هەڵوێستە کە بە ڕوکەش دژ دیارن، دوو دیوی یەک دیاردەو دوو دەرەنجامی جیاوازی یەک بنەمان. یەکەمیان فیکر بەوە دەخنکێنێت کە لە سیاسەتدا نوقمیدەکات، دووەمیان فیکر بەوە دەخنکێنێت کە ناهێڵێت بیر لە کۆمەڵگاو مێژووو سیاسەت بکاتەوە، هەر دووکیشیان لەوەدا کۆتاییان دێت کە دواجار جڵەوی عەقڵی ڕۆشنبیر دەدەنەوە دەست سیاسەت‌و دەرفەتێک بۆ فیکر ناهێڵنەوە کار لەسەر دونیای خۆی بکات.

ڕۆشنبیر لە هیچ یەک لەم دوو بازنەیەدا نییە، یەکەم: ڕۆشنبیر ناتوانێت ببێت بە سیاسی، یاخود غەمەکانی خۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سیاسییەکاندا بکات بە یەک، ناتوانێت تەواو تێکەڵی سیاسەتی ڕۆژانەو زمانی ئەم سیاسەتە بێت. هەروەها ناتوانێت «بە ناوی پاکیزییەکەوە کە زوو وەردەگەڕێتە سەر هاوبەشی‌و شەراکەت لە تاواندا» لەسەر کێشەکانی دونیای خۆی بێدەنگ بێت.

مەترسییەکی گەورەیە ڕۆشنبیر تەسلیمی ئیقاعە ساتەوەختییەکان‌و ململانێ تەکتیکییەکان‌و مۆراڵە دوو دیوەکانی سیاسەت ببێت، لەبەرئەوەی ڕۆشنبیر یەکێکە لە هەرە هێزە گەورەکانی کۆمەڵگا کە دەتوانێت سنوور بۆ دەسەڵات دابنێت‌و پەلاماری بۆسەر هەموو ئاستەکانی دیکەی ژیان بوەستێنێت. گۆڕانی ڕۆشنبیر بۆ سیاسی، مانای باڵادەستی موتڵەقی عەقڵییەتی پاوانخوازی دەسەڵات بەسەر هەموو ژیاندا، باڵادەستی موتڵەقی لۆژیکی سیاسی بەسەر بیرکردنەوەو مۆراڵ‌و ڕەفتاری مرۆڤەکاندا... مێژووی سەدەی بیستی ئێمە، مێژووی ئەم مۆدێلەیە... مێژووی نەبوونی لۆژیک‌و بیرکردنەوەو مەعریفەیەکە لە دەرەوەی بیرکردنەوەو لۆژیکی سیاسەت. لێرەدا تێگەیشتن لە دونیا کورتدەبێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی سیاسی ڕووت‌و تەواوی کایەکان لەوەدەکەون هێزو بکەربن لە خولقاندنی مۆراڵی گشتی‌و سیستمی بەهاو ڕای گشتیدا، بۆیە دووبارە هێزێک نامێنێت لەدەرەوەی سیاسەتدا چاوەدێری سیاسەت بکات، لەدەرەوەی سیاسەت بەهای ئەخلاقی بۆ کۆمەڵگا دروستبکات، ئاسۆکانی بیرکردنەوەی سیاسی بشکێنێت بۆئەوەی ئەگەری دی‌و ئاسۆی تر بدۆزێتەوە. بۆیە گەر دوو زاراوەی هابرمازی بەکاربهێنم دەڵێم، ڕۆشنبیر پاسەوانی «دونیای ژیان»ە بەرامبەر پەلامارەکانی «سیستەم»و پەلکوتانە گەورەکانی، بۆئەوەی لەوێدا ڕۆحی دیالۆگی عەقڵانی‌و پەیوەندی هێمنانە لە نێوان

**ئەوەی سەیری واقیعی ئەم هەژدە ساڵەی دوایی بکات، دەزانێت دروستبوونی دوودڵی‌و لەقبوونی بڕوا بەمجۆرە حوکمڕانییەی ئەمڕۆ، لە ناو سیاسەت‌و لە ناو چالاکی حیزبییەوە نەهاتۆتەدی. ئەوە حیزبە سیاسییەکان نەبوون کە یەکەمجار ڕوکارە ترسناک‌و ناشیرینەکانی مێژووی ئەمڕۆمانیان بینیوە، بەڵکو ڕۆشنبیرانی کورد بوون**

# تیورە، سیاسەت، گۆڕان

# «دەربارەی سنوورەک



بەختیار عەلی

**سیاسی دەشێت بتوانێت دەسەڵات بگۆڕێت، بەڵام ناتوانێت بۆچوون و نیگامان بۆ حەقیقەت بگۆڕێت، ناتوانێت ئەو چێوە ئەخلاقیانە بگۆڕێت کە لەڕێگایەوە بیر لە سیاسەت دەکەینەوە، ئەوەیان وەزیفەی ڕۆشنبیرەو تەنیا لە سنووری تواناکانی ئەودایە**

**بەشی یەکەم**

**هەر هەموو هەستدەکەن، ئەو زەوییەی لەسەری وەستاون ناجێگیرە.**
**ئۆگۆست بیبل**

لەگەڵ گەرمبوونی باسی گۆڕاندا دووبـــارە باسکردنی ڕۆڵو جێگای ڕۆشنبیر لەم پرۆسەیەدا شوێنێکی گەورەی وەرگرتووە. وەک هەمیشەش دوو بۆچوونی تەقلیدی زاڵە بەسەر کایەکەدا، یەکەم: بۆچوونی ئەوەی ڕۆشنبیر دەبێت پێشڕەو بێتو جیاوازی نەکات لە نێوان ڕۆڵـی خۆیدا وەک ڕۆشنبیرو وەک سیاسیو ئەم دوو وەزیفەیە پێکەوە ببات بەڕێوە، واتە بۆچوونێکە لەسەر بە سیاسیکردنی ڕۆشنبیر ئیشدەکاتو تەنیا شوناسی سیاسیی ڕۆشنبیری بۆ گرنگە. کێشەی هەرە سەرەکی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە سنوور لە نێوان سیاسیو ڕۆشنبیردا هەڵدەگرێت، یاخود زۆر تەنکیدەکات، مـرۆڤ زۆر ئـاسـان دەتـوانـێـت لە ڕۆشنبیرەوە ببێت بە سیاسیو لە سیاسییەوە ببێت بە ڕۆشنبیر. ئەم دیاردەیە وەک لە زۆر جێگای تردا ئاماژەم پێداوە، ترسناکترین دیاردەی دونیای ئێمەیە.

هـەڵـەی دووەمـــیـــش: پێیوایە ڕۆشنبیر دوورو نـزیـک نابێت هەڵوێستی سیاسیو قسەی ڕوونی دەربارەی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی هەبێتو وەک کەسێک وەسفیدەکات کە لە ناو بوارێکی فیکریدا ئیشدەکات کە جەمسەرەکانی داخـراون، هەموو چوونە دەرەوەیەکیش بۆ جیهان، بۆ شوێنەکانی دی بە دۆڕانی شوناسی ڕۆشنبیر دەزانـێـتو هەڵوێستێکی نەهەلستیانە دەرهـــەق بـە هەموو بوونێکی کـۆمـەڵایـەتـیو هەموو هەڵوێستێکی مێژوویی وەردەگرێت. لە بزاوتە کۆمەڵایەتییەکانو ساتە مێژووییەکان بە دووری دەگرێتو بەڕای ئەم بۆچوونە تێکەڵاوبوون بە دونیای ڕۆژانەو واقیعی، بایەخدانی ڕۆشنبیر بە چارەنوسی سیاسی هیچ نییە جگە لە پیسبوونی ئەو گیانی بڵندباڵایەی کە دەبێت ڕۆشنبیر بخاتە سـەروو دونیاو کۆمەڵگاوە. واتە گرنگیو بڵندی فیکر گرێدەداتەوە بە بێلایەنی سیاسییەوە.

بەبۆچوونی من ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیان هەڵەن، یەکەمیان ڕۆشنبیر لە وەزیفە فیکرییە ڕاستەقینەکانی دادەبڕێت، بە چەشنێک وای لێدێت هەر کەسێک هەندێک دێڕی لەسەر سیاسەت نوسی، یان بەدەنگی بەرز هەندێک هەڵوێستی سیاسی درکاند، خۆی لێدەبێتە ڕۆشنبیر، بەجۆرێک وای لێدێت لە بری ئەوەی ڕۆشنبیر هەڵوێست دروستبکات، واتە مەوقعییەتی فیکری نرخ بدات بە هەڵوێست، هەڵوێست خۆی دەبێت بە پیشەسازییەک کە ڕۆشنبیر دروستدەکات. لێرەوە ئەو نوسەرانە دروستدەبن کە جگە لەوەی تەسویقی هەڵوێستی سیاسی دەکەن، لە هیچ بوارێکی دیکەی دونیای فیکرو داهێناندا بەشدارییەکی دیکەیان نییە. دیـارە دەکرێت مرۆڤ ڕێز لە هەڵوێستی ئەم نوسەرانە بگرێت، بەڵام ئەم ڕێزگرتنە نابێت بگاتە ئەو ئاستەی شوناسیان لەگەڵ ڕۆشنبیردا تێکەڵاوبکرێت. گەورەبوونی ڕوبەری میدیا لە دونیای ئێمەدا وایکردوە لەم ساڵانەدا هـەزاران «هەڵوێستنوسی بێفیکر» لەدایکبوون کە شوێنی خۆیان لەگەڵ شوێنی ڕۆشنبیردا لێتێکچووە. ئەم گروپە گرنگی خۆیانو مەترسی خۆشیان هەیە، گرنگییەکەیان ئەوەیە کاتێک بە کۆ وەریاندەگرین دەتوانین شتێک لـە سـەر ئـاراسـتـەی «ڕای گشتی» لە کۆمەڵگادا بخوێنینەوە، واتە ژمـارەی هەرە زۆری نوسینی ئەم گروپە هیچ ناخاتە سەر مێژووی داهێنانو فیکرو نوسین، بەڵام ئەمانە لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بە کەڵکن بۆئەوەی هەندێک لە مەنتالیتەیتی کۆمەڵایەتیو مۆراڵی گشتیو مۆراڵی نوسین تێبگەین، واتە نرخی «سامپڵێکی سۆسیۆلۆژیان» هەیە کە لە ڕێگایانەوە، جوڵەو خرۆشو ئیدیاکانی ناو کۆمەڵگا دەخوێنینەوە، بەڵام مەترسی ئەمانە لەوەدایە، لە بەرئەوەی هەرگیز ناتوانن وەک هێزێکی ڕاستەقینە کاریگەریان هەبێت «چونکە لە ڕاستیدا نە ڕۆشنبیرن سەرمایەی ڕەمزی ڕۆشنبیریان هەبێت، نە سیاسین دەسـەڵاتـی سیاسییان هەبێت»، «نە هەست بە بەرپرسیاری ڕۆشنبیر دەکەن بەرامبەر بە دونیاو کـۆمـەڵـگـاو وەزیـفـەی خـۆیـان لە کایەکاندا، نە وەک سیاسییەکان هەست بە مەترسییەکانو قازانجەکانیانو لەمپەرەکانی بەردەمیان دەکـەن»، لێرەوە زۆربـەی کات هەڵوێستیان لەسەر حەماسەتێک دروستبووە کە بیرکردنەوەی نوێو جیهانبینیو مۆراڵی لە پشت نییە. مەترسی ئەم هێزە ئەوەیە دەتوانێت گوتاری زۆر توندڕەو دابـڕێـژێـت، تێزی زۆر ناعەقڵانی دروستبکات، مـۆراڵـی سیاسی لە هەموو بنەمایەکی فیکری جیابکاتەوە، ڕۆحێکی شەڕانگێز بخاتە بری ئەو ڕۆحی لێبوردنو ئارامییەی هەموو هزرێکی مرۆڤدۆستو دیموکراس پێویستی پێیەتی، بە دووریشی نازانم لە پاشەڕۆژدا کەسانی سیاسی زۆر توندڕەوو فاشیئاسا لەمجۆرە گروپەوە بێنەدەرێ. ئەم گروپە درێژکراوەی کولتووری سیاسی تەقلیدی کوردین، درێژکراوەی ئەو کولتوورە سیاسییەن کە سەرەتا حیزبی شیوعیو دواتر پارتی دیموکراتو یەکێتیی نیشتیمانی لەسەری ڕۆیشتن، واتە «کولتووری کـورتـکـردنـەوەی ڕۆشـنـبـیـری لە سیاسەتدا»و «گۆڕینی ڕۆشنبیر بۆ موەزەفێک لای سیاسی». ئەم گروپە لە ڕووی سیاسییەوە لەوانەیە زۆر چالاکو ئەکتیڤ بن، ژیانی سیاسی زۆر جەنجاڵدەکەن، بـەڵام ژیانی فیکریو تەواوی کایە مەعریفییەکان وێـرانـدەکـەن، واتـە جـۆرێـک لە «ئەکتیڤیزمی سیاسی»و «پاسیفیزمی فیکری» لـەیـەکـدەدەنو تێکەڵێکی لێدروستدەکەن کە لەدوا دەرەنجامدا بە زیانی ڕۆشنبیرییو هوشیاریو بە قازانجی عەقڵییەتی توندڕەوو دەسەڵاتی نادیموکراس دەشکێتەوە. ڕۆشنبیر لای ئەمانە کەسێک نییە کە بیردەکاتەوە، تیوریزەدەکات، ئـاگـادارکـاتـەوە، کـایـەکـان دروستدەکات، ژێرخانی زانستی بۆ گوتارە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییەکان دادەڕێـژێـت، پـارێـزگـاری لە نرخە هیومانیستیو دیموکراسییەکان دەکات، چاودێرە بەسەر شێوازی بیرکردنەوەو میتۆدەکانی بیرکردنەوەوە، بەڵکو ڕۆشنبیر لای ئەمان کەسێکە لە جیاتی عەقڵو ویژدان، چەکێک یان شمشێرێک یان تەورێکی پێیە، لێرەوە ئەو کولتوورە سەرهەڵدەدات کە بەدرێژایی مێژوو فاشییەتی دروستکردوە، کولتووری شوبهاندنی قـەڵـەم بـە شمشێرو خەنجەرو نارنجۆک. دەبێت دڵنیابین کە ئـەوە کولتووری «شوبهاندنی قەڵەم بە چەک» بوو وایکرد ئێمە لە بری ئەوەی مێژوویەکی پڕ فیکرو داهێنانمان هەبێت، مێژوویەکی پڕ خوێنمان هەبێت. کێشەی گەورەی ئەم وێنەیە ئەوەیە کە زۆرجار ڕۆشنبیرەکە بوونی ڕاستەقینەی لە ناو دیمەنەکەدا نییەو تەنیا تەورەکە بوونی هەیە، ئەگەر ڕۆشنبیرەکە بوونیشی هەبێت، لەو ساتەدا کە دەبێت بەهەڵگری تەورو شمشێر جگە لـەوەی کە دەتوانێت عەقڵی پێ سەرببڕێت ناتوانێت هیچی دی پێبکات.

هـەڵـەی بـۆچـوونـی دووەمـیـش لەم هەڵەیە گەورەترە: هەڵەی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە جیاکردنەوەی ڕۆشنبیر لـە سیاسی بەجۆرێکی سەرپەڕانە ڕادەکێشێت تا دەیگەێنێتە سەر جیاکردنەوە «ڕۆشنبیر» لە کۆی «فـەزای سیاسی»و لە «واقـیـع»و لە «ساتە مێژووییەکەی خـۆی»، واتە ڕۆشنبیر لە تەواوی پرسە ئەخلاقییو سیاسییە گرنگەکان دوور دەخاتەوە. ئەوەی ڕۆشنبیر نابێت ببێتە سیاسی مانای ئەوە نییە کە ڕۆشنبیر لەسەر واقیعی کـۆمـەڵایـەتـیو مێژوویی خـۆی ئیش نـەکـات. بەبڕوای ئەم گروپە، ڕۆشنبیر بۆئەوەی پریشکی مێژووی بەرنەکەوێتو پاکیو پاکیزی خۆی نەدۆڕێنێت، دەبێت لە بزاوتە مێژووییەکان نزیک نەکەوێتەوە، گوتاری خۆی تـەواو داببڕێتو لە هەر ئاماژەو هـەواو ئاڕاستەیەکی سیاسی پاکیبکاتەوە. ئەمشێوە «پاکیزەگەراییە» لە ڕۆشنبیریدا، بەبۆچوونی من ڕیشەیەکی دینی هەیە، کە لەسەر جیاکردنەوەی ڕەهای «دونیای پاکی فیکر» لەگەڵ «دونیای پیسی سـیـاسـەت»دا دروسـتـبـووە، کە لە جەوهەریدا بەهۆی بەخشینی وێنەیەکی دینی بە فیکرو ڕۆشنبیریی هاتۆتەکایەوە. ئەمجۆرە پاکڕاگرتنو پاکیزپەرستییە لە کۆمەڵێک لە ساتە گەورەو ترسناکەکانی مێژوودا دەبێتە بێدەنگییەکی قـورس کە ڕۆشنبیر دەگۆڕێت بۆ بەشدارێکی گەورە لە هەڵەو تاوانە مێژووییەکانداو لەبری پاکی وەردەگەڕێتە سەر لەکەیەکی پیس بە مێژووی ڕۆشنبیرەوەو فیکرو داهێنانیش لە ڕووە ئینسانییەکەی دادەبڕێتو دەیانکات بە چالاکییەکی مـوجـەرەد لـە هـەر ڕەهـەنـدێـکـی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی. ئەوانەی ئەم هەڵەیەدەکەن، جیاوازی ناکەن لە نێوان «ئینتیما بۆ پرسێکی کۆمەڵایەتی» لەگەڵ «ئینتیما بۆ هێزێکی سیاسی»دا. بەبۆچوونی من ڕۆشنبیر دەبێت خۆی لە تواندنەوە لە سیاسەتدا بپارێزێت، بەڵام هەرکات ئەم خۆپاراستنە بووە خۆ دزینەوە لە پرسە کۆمەڵایەتییە گەورەکان، هەرکات بووە بێلایەنییەکی پاسیڤ دەربـارەی ئەو ڕوداوانـەی لـە نزیکییەوە تـێـدەپـەڕن، لـێـرەدا ئەرکی ئینسانیو ئەخلاقی خۆی لە بیرکردوەو بووە بە درێژکراوەی ئەو دۆخە باڵادەستەی بێدەنگی هەموانی پێخۆشە تا وەک خۆی بمێنێتەوە. ئـەوەی لە «سیاسەتدا چـالاک بیت» شتێکەو ئەوەی لە «مێژوودا چالاک بیت» شتێکی ترە. وەزیفەی ڕۆشنبیر نییە ببێت بە ئەکتیڤیستی سیاسی، بەڵام وەزیفەیەتی لە مێژوودا چالاک

شوناسی لەگەڵ سیاسیدا تێکەڵاودەبێت، هۆی دووەمیش ئەو دۆخی کۆیلەیەتییە کە رۆشنبیران دوای راپەڕین بێئاگای خۆیان تێیدەکەون، کاتێک دەسەڵات لە کاری خۆیان دووریان دەخاتەوەو ژیانو بوونو قەوارەی کۆمەڵایەتیان دەخاتە ژێر ئەو مەرجانەوە کە ئەو دیاریاندەکات.

**هۆکانی ئاسانیو خێرایی ئەم تێکەڵاوییە گەلێک زۆرن، کە لێرەدا زۆر خێرا کورتیاندەکەمەوە:**

١. رۆشنبیری کوردیی «بە تایبەت نەوەی یەکەمی رۆشنبیرانی کورد کە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، شانۆی چالاکیو کرداریان بووە» لە ناو کایەکانەوە نەهاتوونەتەدەرێ. رۆشنبیری کورد کە لەدایکدەبێت وەک پسپۆڕی ناو بوارێک لە بوارە مەعریفییەکان لەدایک نابێت، واتە بەپێچەوانەی زۆربەی رۆشنبیرانی دیکەی دونیاوە، لە کایەیەکی ئەکادیمی یان مەعریفییەوە نایەتەدەرێ. لێرەوە رۆشنبیری کوردی کوڕی کایەیەک نییە تیا چالاک بێتو سەرمایەی مەعریفەو رەمزی لەوێدا کۆکردبێتەوە، ئاشکرایە هەتا ئەوانەی دواتریش زانستە ئەکادیمییەکان دەخوێنن، ناتوانن زانستەکانیان وەک ژێرخانی تیوری بۆ سەلماندنی بۆچوونی فیکریو سیاسییان بخەنە گەڕ. تا ئەمرۆ «رۆشنبیری ئەکادیمی» لە رۆشنبیریی کوردیدا «لاوازترین ئەڵقەی» ناو هەموو مەیدانەکەیە کە رۆڵی بەدەگمەن نەبێت لە رۆڵی مامۆستای یان فەرمانبەری باڵا تێنەپەڕیوە. پتر لە حەفتا ساڵە خوێندکارانی کورد لە ئەکادیمیاکانی دونیادا بە بەربڵاوی دەخوێننو دەردەچنو دەبنە کادێری فێرکارییو کۆمەڵایەتی، کەچی لەم حەفتا ساڵەدا کادێری ئەکادیمیمان، بە هۆی شوناسی ئەکادیمیو لەدەرەنجامی چالاکییە ئەکادیمییەکەیدا «هەندێک نمونەو حاڵەتی تایبەتی لێدەربکەیت» نەبۆتە «بکەرێکی رۆشنبیری گرنگ» ... هەر لەسەرەتاوە رۆشنبیریی ئێمە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەرهاویشتەی کایەی سیاسییە، یاخود لە باشترین دۆخدا لە ئەدەبەوە هاتۆتەوە ناو سیاسەت، بەڵام بێئەوەی بە کایە مەعریفییەکانی تردا گوزەربکات، گەر بێتو بە کایە مەعریفییەکانیشدا گوزەریکردبێت ئەوا نەیزانیوە لەوسەرەوە چۆن بێتە دەرەوە. سەدان دەرچووی سۆسیۆلۆژیامان هەیە، بەڵام ئەوەی لە سۆسیۆلۆژیاوە وەک زانستێکی تیوری بگەڕێنەوە بۆ واقیعی کوردی ئەوەیان نەبینراوە. لێرەوە جارێکی تر رۆشنبیر لە جیهانی کوردا گەر نەبێت بە سیاسی وەک تارماییەکی بێماڵ دەمێنێتەوە، سیاسەت باشترین جێگایە کە ماڵی خۆیو وەزیفەی خۆی تیابدۆزێتەوە. ئەم تراژیدیایە تا ئەمرۆ بەردەوامە، تا ئێستا رۆشنبیر لە هەڵهاتنەوە لە فیکر بەرەو سیاسەت یان دەرەوەی سیاسەت دەڕوات، بەرەو حیزب یان بەرەو نەهەلستییەت دەڕوات. وەک لەوەو پێشیش ئاماژەم پێداوە: ئەو رستە هەرە کوشندەیەی «مارکس» کە دەڵێت فەیلەسوفان تا ئێستا دونیایان تەفسیرکردوە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بیگۆڕن، لە رۆشنبیری ئێمەدا تاعوونی دروستکردوە. مارکس پێیوابوو ئەو یەکجار تەفسیری دونیای کردوەو ئیتر کاری رۆشنبیران ئەوەیە ئەو تیورەیە پراکسیس بکەن، بەڵام ئەمرۆ ئێمە دەزانین «تەفسیری دونیا» پرۆسەیەکی هەمیشەو رۆژانەو بێسنوورو نەوەستاوە، وە رۆشنبیران تەنیا لە رێگای «تەفسیرکردنو دووبارە تەفسیرکردنەوەی دونیاوە» دەتوانن جیهان بگۆڕن. رۆشنبیر دەبێت لە فیکرەوە، واتە لە ماڵی تیورەوە، لە کەناڵی تەفسیرو تەفسیرکردنەوەی بەردەوامی جیهانەوە، بێتە ناو سیاسەت، نەوەک لە ترسی فیکرو لە ئیفلیجی فیکرەوە بەرەو سیاسەت هەڵبێت.

٢. رۆشنبیری کورد لە دەرەنجامی پرۆسەیەکی دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتی قووڵ لە دایک نەبووە، ئەمە بە پێچەوانەی رۆشنبیرانی ئەورووپی کە جیابوونەوەی کایەکانو دابەشبوونی کۆمەڵایەتیو فراونبوونی پرۆسەی لەتبوونو جیاوازیو جیابوونەوەی ستراکتورەکان دروستیکردون. رۆشنبیری کورد کەسێکە لە ساتێکدا هاتوەتە دونیاوە کە کۆی کۆمەڵگای کوردی دژی هەموو دابەشبوونێک ئیشدەکاتو گوتاری یەکێتی سەردارو سەروەرە. بەڵام رۆشنبیر تەنیا لەسەر وەرگرتنی چۆنییەتێکی جیاواز بەرامبەر چۆنایەتییەکانی تر دروستدەبێت، واتە دەرکەوتنی رۆشنبیر لە رووی جیاوازیی چۆنایەتییەوە دەرکەوتەیەکی سروشتی گەشەی کۆمەڵگایە، دەرەنجامی جیابوونەوەی کاری فیکرییە لە کاری جەستەییو بەشبوونی وەزیفەی کایە فیکرییەکانیشە. رۆشنبیریی کورد لە سەد ساڵی رابوردوودا لەسەر ئەو فۆبیایە ژیاوە کە نابێت وەک بەشێکی دەرەکی کۆمەڵگا دەربکەوێتو ئیشبکات، نابێت خۆی بە شتێکی جیاواز بزانێت، ئەو کوڕی گەلەو بۆ گەلە... ئەم تێزەیە لە بنەڕەتدا لەدەرەوەڕا بەسەر رۆشنبیردا سەپێنراوە، تێزێکی سیاسی رووتە کە بۆ قەوارەپوچکردنی رۆشنبیر دروستبووە...

**رۆشنبیر لای ئەمان کەسێکە لە جیاتی عەقڵو ویژدان، چەکێک یان شمشێرێک یان تەورێکی پێیە، لێرەوە ئەو کولتوورە سەرهەڵدەدات کە بەدرێژایی مێژوو فاشییەتی دروستکردوە، کولتووری شوبهاندنی قەڵەم بە شمشێرو خەنجەرو نارنجۆک**

**رۆشنبیر کەسێکە هەم ئەو زەوییە دەلەرێنێتەوە کە لە ژێر پێی خۆیدایە، هەم ئەو زەوییەش کە لە ژێر پێی ئەوانی دیکەدایە. بەڵام بۆ ئەم رۆشنبیرە لە دونیای ئێمەدا دەگمەنە، بۆ رۆشنبیران یان لە سیاسەتدا دەتوێنەوە یاخود لە هەموو جۆرە هەڵوێستێکی روون دەرهەق بە سەردەمی خۆیان دووردەکەونەوە، بۆ هیچ زەوییەکو هیچ جێگایەک ناجوڵێنن؟**

شیوعییەکانو پارتییەکانو یەکێتییەکانیش بە هەمان عەقڵییەت ئیشیانکردوە. رۆشنبیر لە وڵاتی ئێمەدا لەسەرەتادا لەسەر بنەمای جیابوونەوەی «خوێندنی قوتابخانە دینییەکان» لە «خوێندنی قوتابخانە تازەکان» سەرهەڵدەدات، بەڵام ئەم جیاکارییە ناگاتە ئاستی دابڕانی تەواو لە نێوان رۆشنبیریی زانستیو رۆشنبیریی دینی، ناگاتە ئاستی دامەزراندنی کایە زانستییەکان، ناگاتە شوێنی جیابوونەوەی تەواوەتی شوناسی فیکر لە شوناسە کولتوورییە کاڵەکانی دیکە. لێرەوە شوێنی رۆشنبیر لە ناو بونیادی دەستگا کۆمەڵایەتییەکاندا بەجۆرێک لاوازە، جگە لە سیاسەت زەمینەیەکی کارو پاڵپشتێکی کۆمەڵایەتی دیکەی نییە خۆی لە پاڵدا بپارێزێت، چونکە پێشتریش هەر یەک لە ئەکادیمییەکانو میدیاکانو رێکخراوو ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە دەشێت ببنە پاڵپشتی رۆشنبیرو هێزی فشاری ئەو، لە لایەن دەسەڵات یاخود سیاسەتی باوەوە گەمارۆدراون. رۆشنبیر لێرەدا مەحکومکراوە کە هەردەم لە ناو ئەو هێزانەدا کە لە خۆی گەورەترن بتوێتەوە.

٣. سروشتی چەکداری خەباتی کوردی، ئەو وێنە کۆمەڵایەتییەی دروستکرد کە تفەنگ لەقەڵەم گرنگترە، کە شمشێرو تەور کاریگەرترن لە بیرکردنەوەو نوسین، لێرەوە ئەو جەهلە قووڵە هەیە کە تا ئەمرۆ پێیوایە قەڵەمی راستەقینە دەبێت وەک چەک وابێت. ئەو لێکچواندنە فاشیستیو گەمژانەیەی نێوان قەڵەمو تەور، بەدوایدا ئەو کورتکردنەوە گەورەیەی رۆڵی رۆشنبیر رادەکێشێت بۆ رۆڵی ئەکتیڤیستێکی سیاسیی رووت.

ئەم تێکەڵبوونە سادەو رۆژانەو کوشندەیە لە نێوان رۆشنبیرو سیاسیدا کە ساڵ دوای ساڵو دەیە بە دوای دەیە دووبارەدەبێتەوە، خراپییەکەی تەنیا لەوەدا نییە کە کایەی رۆشنبیریی ئێمە لە ناوەوە وێراندەکات، بەڵکو خراپییەکەی تەواو لە کایەی سیاسیشدا دەردەکەوێت. وێرانبوونی کایەی تیوریی، وێرانبوونی کایەی پراکتیکیشی بەدوادا دێت... رۆشنبیر گەر لە کایەی تیوریدا نرخێکو سەرمایەیەکی رەمزی نەبوو، لە کایەی سیاسیدا دەبێتە بکەرێکی پەراوێزی. لێرەوە جارێکی تر ئەو بۆشاییە مێژووییە دروستدەبێت کە لە وتاری پێشوودا باسمکرد. ئەم بۆشاییە هەر لەوە دروست نەبووە کە سیاسییەکان ناتوانن جوڵەیەکی راستەقینە بدەنە مێژوو، بەڵکو لەوەشەوە دێت کە رۆشنبیران لەم مێژووەدا بێئیشو ونن. ئەوەی سەیری دۆخی رۆشنبیریی کوردی بکات لە سەدەی بیستدا بە روونی هەست بەو وێڵییە دەکات، رۆشنبیر بەجۆرێک ونە، جگە لەوەی لەدوای سیاسییەوە ببێت بە کۆرس، شانۆیەکی تر شک نابات بۆ خۆنمایشکردن. لە بنەڕەتدا ئەم رۆشنبیرە دروستکردنی کایەی تیوری ناخاتە ئەستۆی خۆی، لێرەوەیە بە ئاسانی دەبێتە فەرمانبەرێکی ئیجرائی کە وەزیفەی تەنیا پروپاگەندەو جوڵاندنی حەماسەتو بەهێزکردنی وەلائی سیاسیو قایمکردنی مۆراڵی سیاسەتی نەتەوەییە. لە باشترین حاڵەتدا ئەم رۆشنبیرانە لەوەدا رۆڵدەبینن کە ئەخلاقیاتێکی ئینتیما بۆ ناسیونالیزمی کوردی لە شێوەی وەعزو چیرۆکو سرود دا دابڕێژن، وەک لای قانیع دەیبینین، یان شۆڕش وەک پرۆسەیەکی ستاتیکی وێنابکەن، وەک لای روانگەییەکان بەرچاوماندەکەوێت. بەڵام «کایەی تیوری» ماڵی راستەقینەی رۆشنبیر، ئەو شوێنەی کە دەبێت «مەعریفەت وەک کارو ئیرادەت» تیا ئیشبکات، ونو نائامادەیە. لە پاڵ ئەوەشدا گەلێک وەزیفەی ستراتیژی دیکەی رۆشنبیر لە بەیندەچێت، ئەوەی رۆشنبیر ئەوشتانە ببینێت کە سیاسییەکانو ئیلیتە کۆمەڵایەتییەکانی تر نایبینن، ئەوەی رۆشنبیر فەزای گشتی بخولقێنێت، مێژوو لە مەنەلۆگێکی سیاسی رووتەوە کە سیاسییەکان لەگەڵ خۆیاندا دەیکەن، بگۆڕێتە سەر دیالۆگێکی سیاسی کە بەشی زۆری هێزە کۆمەڵایەتیو عەقڵە چالاکەکان تیا بەشدارن، لە دونیای ئێمەدا وندەبێت. لەسەدەی بیستدا بێدەنگی رۆشنبیر بەرامبەر بە سیاسی ترسناکە، هۆی ئەم بێدەنگییە ئەوە نییە کە دۆخی سیاسیمان بەجۆرێک ترسناکە ناکرێت رۆشنبیر یەکێتی کۆمەڵایەتی تێکبدات، بەڵکو ئەوەیە کە دونیای ئێمە کایەیەکی تیوری تێدا نییە، واتە رۆشنبیران خۆیان ماڵێکی خۆیان نییە. رۆشنبیران لەسەدەی بیستدا کە تێکەڵ بە سیاسەت دەبن، لەگەڵیشیدا تێکەڵ بە هەموو گوناهەکانی سیاسەت دەبن. لێرەوە دەبێت بڵێم سەرەتای دابڕانی گەورە بۆ رۆشنبیر لەوەوە دێت کە ئەم مۆدێلەی رۆشنبیر جێبهێڵین بۆ مۆدێلێکی دی.

بۆئەوەی روونتر بچمە سەر ئەو باسەو دووبارە گرێبیدەمەوە بەو پرسیارە گەورانەی لە چرکەساتی ئەمرۆماندا ئامادەیە، دەبێت سەرەتا باس لە مەترسییەکانی وێرانبوونی کایەی تیوریی بکەم.

**وێرانبوونی کایەی تیوری مانای چی؟**

مەبەستم لە کایەی تیوریی، رووبەری کۆی زانستە تیورییەکانە لە پێکهاتی کولتووریو رۆشنبیریی میللەتێکدا. دیارە وێرانبوونی ئەم کایەیە، وێرانبوونی پێگەو ماڵی رۆشنبیریشە، لێرەوە یەکەمین دەرکەوتەکانی ئەم وێرانییە لەسەر پێناسەی رۆشنبیر خۆی رەنگدەداتەوە. رۆشنبیر لە کەسێکەوە کە دەبێت لە قووڵایی کایەیەکی زانستییەوە بەرەو قووڵایی مرۆڤەکان یاخود کولتوور یا کۆمەڵگا شۆڕببێتەوە، دەبێتە بکەرێکی بێشوناس کە دەشێت هەموو خوێندەوارێکی ئاسایی بگرێتەوە، واتە لە ئیلیتێکی دیاریکراوەوە کە وەزیفەی دروستکردنی زانستیان هەیە، وەزیفەی جوڵاندنی دیالۆگی ناوەکی ناو کۆمەڵگایان هەیە، وەزیفەی گەورەکردنی سنووری ئیشی عەقڵیان هەیە، وەزیفەی سازاندنی تۆڕێکی گەورەیان لە گوتارە جیاوازەکان هەیە، وەزیفەی خولقاندنی جیاوازیان هەیە... دەبێتە «هەر کەسێک» کە قوتابخانە تەواوبکات، یان بخوێنێتەوەو بنوسێت، یان هەر کەسێک لە هەر شوێنێکدا شتێک بڵاوبکاتەوە. ئەم نادیارییەی مانای رۆشنبیر، دەرەنجامی نەبوونی چالاکی سەرەکیی رۆشنبیرە کە ئیشکردنە لە بواری تیوریدا. لەدەرەنجامی ئەمەدا بکەرە وەهمییەکانی رۆشنبیر زۆردەبن، هەڵگرانی ناوی رۆشنبیر زۆردەبن، لێرەوە چۆن پرۆلیتاریا دەبێتە چینێکی وەهمی، رۆشنبیرانیش دەبن بە توێژێکی وەهمی کە ناویان هەیە بێئەوەی کاریان دیاربێت. وێرانبوونی کایەی تیوری بەر لە هەر شتێک رۆشنبیران دەگۆڕێت بۆ تارمایی، بۆ بوونەوەری بێروخسار، بۆ توێژێک کە بەردەوام گومان لە بوونی خۆیان دەکەن، گومان لە یەک دەکەن، هەموو بە کاڵی یەکتر دەبینن، چونکە کەسیان ئەو رەنگەیان نییە کە دەبێت چالاکی فیکریو زیهنی پێیانببەخشێت. ئەم گومانکردنە لە خود پەیوەندی بەوەوە هەیە کە شوێن دەستیان، چ لەسەر مێژووی فیکر، چ لەسەر هوشیاری کۆمەڵایەتی نابینرێت. لێرەدا لێکچوونو جیاوازی نێوان رۆشنبیرو پرۆلیتاریا هەم تراژیدییەو هەم کۆمیدی، لە مێژووی ئێمەدا پرۆلیتاریا وەک چین ئامادە نییە، بەڵام سیاسەت پەیامێکی مێژوویی پێبەخشیوە، رۆشنبیریش وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی ئامادەن، بەڵام تەواوی ئەرکە مێژووییەکانو تایبەتییەکانیشیان لێسەندراوەتەوە.

**هەندێک پەراوێز:**

**لە سیاقی باسەکەدا بە کورتی ئاماژەم بە هەندێ بیرو بۆچوونو ئایدیای تایبەتدا، بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی هەریەک لەو تەوەرانە، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:**

1. Widerstand denken, Michel Foucault und die Grenzen der Macht. Daniel Hechler, Axel Philipps . transcript Verlag. 2008. S. 23-25

2. Die Intellektuellen und die nationale Frage. Gerd Langguth.Campus. 1997. S.26

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



## کێشەی ئەمڕۆی ئێمە وەک درێژکراوەی گرفتێکی کۆنی ڕۆشنبیران، گرفتی پەیوەندیی نێوان تیورەو پراکتیک

**ئەرێ ڕۆشنبیران، جگە لەوەی کە جارجار گومان لە بوونی خۆیان دەکەن، بە چی سیفەتێکی دیکەدا دەناسرێنەوە؟**

**دیریک بێکەر**

له دونیای کورد داو له خۆرهەڵاتیشدا به گشتی به حوکمی باڵادەستی نمونەی بەلشەفییانەی ڕۆشنبیر، جیاکارییەک نییه له نێوان دونیای تیورەو پراکتیکدا. بەبۆچوونی من نەبوونی ئەم جیاکارییە یەکێکە لە هۆکارە گەورەکانی سەرهەڵدانی ئەو دوو تێگەیشتنە هەڵەیە لە ڕۆڵی ڕۆشنبیر. ئەوەی ڕۆشنبیرانی کورد لەسەدەی بیستدا چ ئەرکێکی تیوریيان نەخستۆتە سەرشانی خۆیان، گەورەترین دەرەنجامی ئەو تێکەڵاوییەیە. ئەم کولتووره تا ئێستاش قووڵ لە عەقڵی ڕۆشنبیرانی کورددا ماوەتەوە، بۆتەمایەی ئەو دوو ئاراستە هەڵەیە کە سیاسەتو ڕۆشنبیر پێکەوە گرێدەدات. پێشتر لە زۆر بۆنەدا لە سەر هۆکانی ئەم ئیفلیجییە تیورییە قسەمکردوە، چیدی نامەوێت ژماردنی هۆکارەکان دووبارەبکەمەوە. سەرەتا هەوڵدەدەم پەیوەندی نێوان تیورەو پراکتیک، بەو جۆرەی لەسەدەی بیستدا لەلای ئێمەدا ئیشیکردوە بخوێنمەوەو دواتر هەوڵدەدەم جێگای ڕۆشنبیر لە پرۆسەی گۆڕانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا دەستنیشانبکەم، چونکە لە ڕاستیدا هەر دوو تەوەرەکە یەک تـەوەرەن، بەڵام لە ژێر ناونیشانی جیاوازدا دەخرێنەڕوو. سەرەتا دەبێت بڵێم ئەو تیورییە سیاسییە گەورانەی کە لە دونیای ئێمەدا بوون بە مەرجەعی فیکری سیاسی، لە وێنەی مارکسیزمو ناسیونالیزمو ئیسلامی سیاسی، لە جیاتی ئـەوەی ببنە هێزی زەمینەساز بۆ دروستبوونی زانیاریی فیکریو فەلسەفی، لەوەدا گیرساونەتەوە کە تەنیا دەلیلی حیزب بن بۆ پراکتیکی سیاسی. بەوەدا ئەم تیورییانە بە ئامادەیی هاتوون، عەقڵی کـوردی ئیشی لەسەر نەکردون، لێرەوە «بکەری تیوری»یان نەبووە، یاخود ئیشی بکەرە تیورییەکانیان زۆر سـنـووردارو بچوک بـووە. ئیدی هەر لەسەرەتاوە ڕۆشنبیرانی کورد یاخود هەڵگرانی تیورە هێندەی وەزیفەی پراکتیککردنی تیورەکەیان هەبووە، وەزیفەی دروستکردنی تیورەیان نەبووە، بەمجۆرە لە دونیای ئێمەدا کایەی فیکریو بەتایبەت فیکری سیاسی کورتبوەتەوە بۆ کایەی پراکتیکیو سنوورێک لە نێوان ڕۆشنبیرو ئەکتیڤیستی سیاسیدا نەماوە. بەڵام کارەساتەکە لەویادا تەواونابێت، لە دوای ڕاپەڕینەوە سیاسەتی کوردی تەواو لە هەموو ڕەهەندێکی تیوری دادەبڕێتو دەبێتە سیاسەتێکی ئیجرائی ڕووت کە تێیدا دەسەڵات تەنیا لە ڕێگای پیادەکردنی مۆدێلە کلاسیکیو کلێشەییە کۆنەکانەوە خۆی فێری پراکتیککردنی دەسەڵات دەکات. لـەدوای ڕاپەڕینەوە سیاسەتی کوردی لە هەموو جۆرە فەلسەفەیەکی سیاسی دادەبڕێت، واتە سیاسەت لەبری ئەوەی ببێتە ڕێکخەری پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا، بـواری گشتیو دەسـەڵات... دەبێتە پەلامارێکی کوێرانەو ناعەقڵانیو بێجڵەو بۆسەر هەموو ڕووبەرەکانی ژیان، ئیدی لەوە دەردەچێت پرۆژەیەکی عەقڵانی ئاراستەکردنو ئیدارەدان بێتو دەبێتە چالاکییەک کە شەرعیەتی خۆی تەنیا لە هێزو پارەوە وەردەگرێت.

له دوای ڕاپەڕینەوە بیرکردنەوەی تیوریو ئەو کادێرانەی تیورە دەکەنە پراکتیک دەبنە هێزێکی بچوکو پەراوێزی، لەبری ئـەوان لەشکرێک فەرمانبەر دروستدەبێت، کە بکەری ڕاستەقینەی ناو هیچ پرۆژەیەکی گەورە نین، بەڵکو ئیشیان تەنیا ئـەوەیـە ئـیـدارەکـان بۆ دەسـەڵات بەڕێبکەنو هیچی تر، واتە زۆربـەیـان لە ڕۆشنبیرەوە دادەبـەزن بۆئەوەی ببن بە ئیداریو فەرمانبەری بچوکو فەرامۆشکراو لە دەزگاکاندا. دیارە وێرانبوونی کایەی تیوریی وایکرد ڕۆشنبیر لە دونیای کـورددا هـەر لە بنەڕەتەوە بە ئیفلیجی لە دایک ببێت، وایکرد ڕۆشنبیری کورد شوێنی کاری خۆی بدۆڕێنێتو لە کایەی تیوریو بەرهەمهێنانی فیکر دووربکەوێتەوە. ئەم وێرانبوونە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستی مارکسیزم وەک تیورەیەکی تۆتالیتار کە کارێکدەکات ڕۆشنبیر جگە لە ڕۆڵێکی تەنفیزی بۆ ئەم تیورەیە کارێکی تری نەبێت، واتە مارکسیزم هەر لەگەڵ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆشنبیردا بە شێوە مۆدێرنەکەی ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت کە کایەی تیوری جێبهێڵێت، کایەی بەرهەمهێنانی فیکر جێبهێڵێت و ببێتە بکەرێکی پراکتیکی، لـێـرەوە ڕۆشنبیر زۆر ئـاسـانو خێرا

←

بەڵام نەبوون به سیاسی، ئەوه له ڕۆشنبیر ناسێنێتەوه ڕێگا داخراوەکانی بـەردەم کۆمەڵگاو ئەگەره کراوەکانی پێشدەمی دیاریبکات. ڕۆشنبیریی هیچ نییه جگە له بیرکردنەوەیەکی بەردەوام له شوێنی مرۆڤ له ناو ژیانو گەردونو کۆمەڵگادا، هیچ نییه جگە له وروژاندنی پرسیاری وجودیی گەورەو کەشفکردنی ئەگەرەکانی ناو مێژوو، بۆیه هەموو هەڵوێستێکی قووڵ له بوون هەڵوێستێکی ئەخلاقیشە، هەموو هەڵوێستێکی ئەخلاقیش بەدوای فەزایەکی پراکتیکیدا دەگەڕێت بۆ خۆتاقیکردنەوەو خۆسەلماندن، هەموو تێکەڵبوونێکیش بە کایەی پراکتیکی کەم تا زۆر یان بەریەککەوتنی تێدایە لەگەڵ سیاسەتدا یاخود وەرگەڕانی تێدایە بۆ سیاسەت. ڕۆشنبیر لەم گەمەیەدا لەسەر پەتێکی زۆر باریک دەوەستێت، بەسەرێک ئەو تیوریزەکەرو بینەرو خوێنەری پرۆسە مێژووییەکانە، بەسەرێکی تریش دروستکەری بەهای نوێیە بۆ ئەو مێژووە، لـێـرەوە ئـەو دەتوانێت بەپێی بینینی خۆی لە تەواوی فەزای تیوریدا چالاک بێتو لە داڕشتنی مۆراڵی ناو فەزای پراکتیکیشدا هاوکارێکی گرنگ بێت، بەڵام ئـەوەی خۆی ببێتە جێبەجێکەر، خۆی ببێتە دەسەڵاتی تەشریعیو تەنفیزی بۆ ئەو ئایدیانە، دەرچوونێکی ڕادیکاڵەو تێکەڵکردنێکی گـەورەی سنووری ئیشی خۆیەتی بە سنووری سیاسەت، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کۆی عەقڵی کورتببێتەوە بۆ عەقڵێک کە تەنیا وەعزی سیاسی دەنوسێت. ڕۆشنبیر بەوەدا کە ڕۆشنبیرە بوونەوەرێکی قەدەری نییە، بەڵکو لە «ئیرادەی زانینەوە» قسەدەکات، لە باوەڕ بە عەقڵانییەتو دیالۆگەوە، لە باوەڕ بە دروستکردنی پردەوە دەدوێت، واتە فەزای پراکتیکی پردەکات لە بەهاو یاسا، پردەکات لە سنوور کە پەیوەندی عەقڵانی لە نێوان هێزەکانو مرۆڤەکاندا دەپارێزێت. بە کورتیو بەپێی تێگەیشتنە فۆکۆییەکەش ڕۆشنبیر لە سیاسەتدا ئەو سیاسەتە ناکات کە هەیە، ئەوەی ڕۆشنبیر دەیکات جۆرێکە لە سیاسەت کە «ئەنتی سیاسەتە»، مەسەلەکە لێرەدا هەڵگیرساندنی شـەڕ نییە لە نێوان ڕۆشنبیریو سیاسەتدا، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ڕۆشنبیر بـەردەوام لەسەر کردنەوەی گرفتی سیاسی تازە ئیشدەکات کە سیاسییەکان نەیانبینیوە یان بۆیان چارەسەرناکرێت.

سیاسیبوونو ناسیاسیبوونی ڕۆشنبیر تەنیا نرخێکی ڕێژەییو مانایەکی ڕێژەیی هەیە. ڕۆشنبیر «بوونەوەرێکی ناسیاسییە» بەو مانایەی کە ئیدارەدانی دەوڵەتو جیهازی حیزبی ناخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ناسیاسی نییە بەو مانایەی کە بەردەوام دەیەوێت مانای سیاسەتو سنوورەکانو بابەتەکانی بگۆڕێت.

بۆ نمونە: سیاسەتی کـوردی لە زۆربـەی قۆناغەکانی سـەدەی بیستدا ڕزگاری مرۆڤی کوردی وەک ڕزگارکردن لە داگیرکەر سەیرکردوە، ئـەوەی کە سیاسەت دەبێت بایەخ بە «فەرد» ی کورد بدات، بایەخ بە سنووری تەعبیرکردنو ئازادییە شەخسییەکانی بدات، بایەخ بە جەستەی بدات، بایەخ بە گەورەکردنی خەیاڵی بدات، بایەخ بەو سیستمە ئەخلاقییە بدات کە جیهانبینی دروستدەکات، بایەخ بە بوونی بدات وەک قەوارەیەکی قانونی، بایەخ بە دیموکراتیزەکردنی فەزای فیکر بـدات، بایەخ بە ژینگەی سروشتیو کۆمەڵایەتی بدات... بەشی هەرە زۆری ئەم گوتارانە بەوجۆرە توندو سەنترالەی لە دوای ڕاپەڕینەوە دەیبینین، وەک بەری ڕەنجی ڕۆشنبیران هاتنە پێشێ. ئەوەی لێرەدا دەیبینین سیاسەت نییە بە مانا تەقلیدییەکەی، بەڵکو نوێکردنەوەی بـایـەخو سەنتەرو گرنگییەکانی ناو کایەی سیاسەتە، هاندانی سیاسەتە تا پتر لەگەڵ تاکگەراییو تاقانەیی مرۆڤدا بگونجێت. ئـەوەی ڕۆشنبیر سیاسەت وەک ئیدارەی دەوڵەتو ئیدارەی حیزب ناکاتە ئامانجی خۆی، مانای ئەوە نییە لە بەئینسانیکردنی هەرچی زیاتری کایەی سیاسیدا بەشدارنابێت. پێموایە لە جەوهەردا فیکری سیاسی فەیلەسوفێکی وەک فۆکۆش لەسەر هەمان تەوەرو ڕیتم ئیشیکردوە، کاتێک باس لە «بیرکردنەوەو هێنانە پێشی بابەتی نوێ بۆ سیاسەت» دەکات، بە جۆرێک ئەو بابەتانە دژی ئەو «دەستکورتیو وشکبوونەوەیە بوەستن کە خەیاڵی سیاسی تێیدا دەژی»... بە تایبەت ئەگەر بزانین کە فۆکۆ هەردەم سەرسامی خـۆی لـە بێخەیاڵی ئەو تێگەیشتنە لە سیاسەت نیشانداوە کە ئێمە لەسەدەی نۆزدەوە بۆمان ماوەتەوە. ڕۆشنبیر سیاسەت فەرامۆش ناکات، بەڵکو شەڕ لەگەڵ بێخەیاڵیو بێباکیو سنوورتەسکی سیاسەتدا دەکات، واتە شـەڕی ڕۆشنبیر شـەڕی دەسـەڵاتو کورسیو پارە نییە، بەڵکو هەموو ئەو کێشانەی سیاسەتی تەقلیدی تەماشایان ناکات، ئـەو دەیانگۆڕێت بۆ کێشەی سیاسیی گـەورەو دەیانکاتەوە بە گژ سیاسەتدا، لەو ڕێگایەشەوە کۆسپ بۆ دەسـەڵاتو سنوورە تەسکو خەیاڵە مـردووەکـەی دروسـتـدەکـات. فۆکۆ پێیوایە کە «بەبێ کاری ڕۆشنبیران، ئەو تازەبوونەوە فەندەمنتاڵەی سیاسەت لـەسـەدەی بیستدا بە خـۆیـەوە بینی نـەدەهـاتـەدی»«١». گـەر بە مانایەکی فراوانتر بـدوێـم ڕۆشنبیر نوێنەری کۆمەڵێک نرخو بەهایە کە کایەی سیاسیو ململانێ لۆکاڵو بچوکەکانی ناو سیاسەت ڕاستەوخۆ ناتوانن هەڵگریبن، هەتا یەکێک لە کۆنترین کتێبەکان لەسەر ڕۆشنبیران، کتێبەکەی ژولـیـان بـنـدا «خیانەتی ڕۆشنبیران»، بەمانەیەک لە ماناکان بەوە سەرکۆنەی ڕۆشنبیران دەکات کە ڕۆشنبیران لەپێناوی نرخە پارتیکولارو دەستەییو ناسیونالییەکاندا «واتە ئەو نرخانەی سیاسییەکان هەڵیانگرتووە» خیانەت لە بەها یونیفرساڵو گەورەکان دەکەن «٢». بەڵام لێرەدا من باس لە نرخی یۆنیفرساڵو گەردونی ناکەم، گەرچی لە سنوورێکی دیاریکراودا باوەڕم بە بوونی ئەو نرخانە هەیە، بەڵکو قسەم لەسەر ئەوەیە کە ڕۆشنبیر هەمیشە ڕەگەزێکی نامۆو شتێکی نەگووتراوو نەبینراو دەهێنێتە ناو سیاسەتەوە کە پێشتر کایەکە بە بیستنی ڕانەهاتووە، شتێکی گەورەترو ستراتیژیتر کە پلەیەک دوورتر لەو گەمە بچوکو کاتیو تەسکانە دەڕوات کە سیاسەت دەیانکات.

جیابوونەوەی ڕۆشنبیر لـەوەوە نایەت کە نایەوێت هیچ لەسەر سیاسەت بڵێت، بەڵکو لەوەوە دێت کە لە سنووری سیاسەتی ئێستا تێیدەپەڕێنێتو کایەکە وەها گەورەدەکات هەندێکجار خەیاڵی سیاسی لەو چرکەساتەدا لەوە وشکترو مردوترو بچوکترە ئەو خەیاڵانە لە خۆی بگرێت.

ڕۆشنبیر دەبێت بـەردەوام شەڕ لەسەر ئەوەبکات کە ئەو بزوێنەرێکی گرنگی خەیاڵی کۆمەڵایەتییە. ئیدی پرسیارەکە ئەوە نییە ڕۆشنبیر لەگەڵ گۆڕانی کایەی سیاسیدا بێت یان نا، بەڵکو ڕۆشنبیر لە دەرەوەی گۆڕان وەزیفەیەکی تری نییە، چونکە سیاسی دەشێت بتوانێت دەسـەڵات بگۆڕێت، بەڵام ناتوانێت بۆچوونو نیگامان بۆ حەقیقەت بگۆڕێت، ناتوانێت ئەو چێوە ئەخلاقیانە بگۆڕێت کە لە ڕێگایەوە بیر لە سیاسەت دەکەینەوە، ئەوەیان وەزیفەی ڕۆشنبیرەو تەنیا لە سنووری تواناکانی ئەودایە، ئەو دژی وەستانو کرکەوتنو خەوتنە بەسەر فۆرمێکی دیاریکراوی حوکمدا، ئەو دژی کۆتاییهێنانە بە مێژوو لە خاڵێکی دیاریکراودا، ئەو دروستکەری دوودڵیو ناجێگیریو نائارامییە، چونکە هەمیشە لە پشت ئارامییە درۆزنەکانەوە شتێک دەبینێت کە سەرلەنوێ پرسیاری گـەورە دەرهـەق بە ماهییەتی کۆی سیستمەکە دروستدەکاتەوە. هەموو پێکهاتێکی سیاسی، هەموو دەسەڵاتێک کـە دەگـاتـە پلەیەکی دیـاریـکـراوی کۆنترۆڵکردنو حوکمکردن ئیدی بەدوای هێمنیو جێگیریو نەگۆڕاندا دەگەڕێت، ئەوەی وادەکـات هەموان هەست بەوە بکەن ئەو زەوییەی لەسەری وەستاون جێگیر نییە، ڕۆشنبیرانن، چونکە لە کایەی پراکتیکیدا هەمیشە کۆمەڵێک ئەرک دەبینن کە دەبایە بکرێتو نەکراوە، لە دونیای فەردا کۆمەڵێک لەمپەردەبینن کە دەبایە بشکێتو نەشکاوە، لە فەزای کۆمەڵایەتیدا ئازادییە کوژراوو گوتارە بێدەنگکراوەکان دەهێننەوە قسە. لێرەوە ڕۆشنبیر بە حوکمی چۆنێتی ئیشکردنو پێگەی بوونی هەم دوورە لە سیاسەتو هەم قووڵیش لە ناویایەتی. ئەوەش ئەو پارادۆکسە وجودییەیە کە شوناسی ڕۆشنبیر دەست نیشاندەکات. ڕۆشنبیر کەسێکە هەم ئەو زەوییە دەلەرێنێتەوە کە لە ژێر پێی خۆیدایە، هەم ئەو زەوییەش کە لە ژێر پێی ئەوانی دیکەدایە. بەڵام بۆ ئەم ڕۆشنبیرە لە دونیای ئێمەدا دەگمەنە، بۆ ڕۆشنبیران یان لە سیاسەتدا دەتوێنەوە یاخود لە هەموو جۆرە هەڵوێستێکی ڕوون دەرهـەق بە سەردەمی خۆیان دووردەکەونەوە، بۆ هیچ زەوییەکو هیچ جێگایەک ناجوڵێنن؟. بەبڕوای من وەڵامی ئـەم پرسیارە لە وێرانبوونی کایەی تیوری «ماڵی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر»دا دەدۆزینەوە.

**دەسەڵات تەنیا لە ڕێگای پیادەکردنی مۆدێلە کلاسیکیو کلێشەییە کۆنەکانەوە خۆی فێری پراکتیککردنی دەسەڵات دەکات. لەدوای ڕاپەڕینەوە سیاسەتی کوردی لە هەموو جۆرە فەلسەفەیەکی سیاسی دادەبڕێت، واتە سیاسەت لەبری ئەوەی ببێتە ڕێکخەری پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا، بواری گشتیو دەسەڵات... دەبێتە پەلامارێکی کوێرانەو ناعەقڵانیو بێجڵەو بۆسەر هەموو ڕووبەرەکانی ژیان، ئیدی لەوە دەردەچێت پرۆژەیەکی عەقڵانی ئاڕاستەکردنو ئیدارەدان بێتو دەبێتە چالاکییەک کە شەرعیەتی خۆی تەنیا لە هێزو پارەوە وەردەگرێت**










چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

گۆڕان التغيير CHANGE

بەرەو گۆڕان

٥٧

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 4 Date. 28-6-2009 ٢٠٠٩-٦-٢٨ ژمارە: (٤)

# هەزاران بنەماڵەی شەهید دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەن

**ڕێبین فەتاح- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی پێشوی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لیستی گۆڕان هەزاران بنەماڵەی شەهیدی لەدەورکۆبووەتەوەو کەسوکاری شەهیدانیش بەئومێدێکی زۆرەوە چاویان بڕیوەتە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان‌و دەنگی پێدەدەن.

د.فایەق گوڵپی، ئەندامی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان‌و چاودێری سیاسی لەچاوپێکەوتنێکدا، لەگەڵ گۆڤاری نێوەند کە لەژمارەی ٦٢دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە ئاستی جەماوەری لیستی گۆڕان دەڵێت: «لیستی نەوشیروان مستەفا هەزاران بنەماڵەی شەهیدی لێکۆبووەتەوەو لەو کۆمەلە سەرکردەو کادیرو پێشمەرگانە پێکهاتووە، کە شۆڕشی نوێیان هەلگیرساندووەو نەوشیروان مستەفا بۆخۆی ئەندازیاری شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە.

تریفە غالب تەها، کە خەڵکی هەولێرەو کچی شەهید زریان(غالب تەها) کە باوکی لە ساڵی ١٩٩٧ لە زیندانی ئەبوغرێب لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا لە سێدارەدراوە، بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: من وەک کچە شەهیدێک پاڵپشتی خۆم بۆ لیستی گۆڕان ڕادەگەیەنم، چونکە لەو باوەڕەدام لیستی گۆڕان ماف‌و داخوازییەکانی کەسوکاری شەهیدان بەدی دەهێنێت، لەکاتێکدا کە تا ئەمڕۆ ئیمتیازات بۆ نەوەی بەرپرس‌و پلەدارەکانە، نەک بۆ نەوەو کەسوکاری شەهیدانی کوردستان کە خوێنیان لەپێناو بەدیهاتنی ئەم ئەزموونەی ئەمرۆی کوردستان ڕشتووە. تریفە هەروەها وتیشی: «لێرەدا من بە کەسوکارو خانەوادەی شەهیدان دەڵێم بەرپرسیارێتی‌و ئەرکێکی ئەخلاقی‌و نیشتمانیمان لەسەرە، ئەویش تەواوکردنی ئەو ڕێگایەیە کە کەسوکارەکانی ئێمە لەپێناویدا گیانیان بەخشیوەو داواکارم لە خێزانی شەهیدان خۆیان هەستن بە بانگەشە کردن بۆ لیستی گۆڕان چونکە تەنها لیستێکە کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت ئاواتەکانی شەهیدان بەدی بهێنێت‌و لەسایەی ئەم لیستەشدا کەسوکاری شەهیدان بە مافە ڕەواکانی خۆیان دەگەن».

لە لایەکی ترەوە زاگرۆس لوقمان قادر دانیشتوی شاری هەولێر کە باوکی (شەهید لوقمان قادر) ناسراو بە شەهید(هەرمان) لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە (کەلەک) بە دەست پیاوانی بەعس شەهیدکراوە، بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: من وەک کوری شەهید هەرمان دەمەوێت ئەوە ڕابگەیەنم کە ڕێگای باوکم هەلبژاردووە کە ڕێگای سەربەخۆیی‌و بەرەو پێشبردنی ئەزموونی سیاسی کوردستانە، بۆیە بریارمداوە وەک هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان‌و وەک کورە شەهیدێک دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەم. چونکە پێموایە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان هاتنەدی خەونی باوکی شەهیدمانە، کە ساڵانێکی زۆر خەباتی لەپێناودا کردووەو سەرئەنجام گیانی لەپێناودا بەخشیوە.

بۆ ل ٢



مەلا عومەر سوێری، وتاربێژی مزگەوتی سەواف لە هەولێر:

**کاتی ئەوە هاتووە میللەت قسە بکات، با سندان لەو کلاوە بدات کە با دەیبات.** بۆ ل ٥



پەیامی نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە سامانی نەوت:

**دەبێت هەموو ڕێککەوتننامەیەک‌و گرێبەستێکی نەوتیی بۆ ڕای گشتی بڵاوبکرێتەوە** بۆ ل ٣

## «ئەگەرسەرۆکی حکومەت پۆستەکەی بەکارهێنا بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، دەبێت بە پێی یاسای کۆمسیۆن سزابدرێت»

**سامان بەشارەتی**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکات لەکاتێکدا بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن هیچ بەرسێکی حکومەت بۆی نییە پۆستەکەی بۆ بانگەشەکردن بە کاربهێنێت،بەپێچەوانەوەڕووبەڕووی سزادەبێتەوە.

ڕۆژی ٦/٢٤ لە یاریگای شاری هەولێر لیستی کوردستانی ئاهەنگی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی دەستپێکردو لەو ئاهەنگەدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم وتی: « خۆشحالم ئەمرۆ لەگەڵ ئێوە بم بۆ بەشداریکردن لە پێشکەشکردن‌و ناساندنی لیستی کوردستانی ئەو لیستەی نوێنەرایەتیمان دەکات لە هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥، دەمەوێت لێرەدا بە ڕاشکاوی پشتگیری تەواوی خۆم بۆ لیستی کوردستانی ڕابگەیەنم».

وتەکانی سەرۆکی حکومەت لەکاتێکدایە بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵا بەرپرسانی حکومی بۆیان نییە بانگەشەی بۆ هیچ لیستێک بکەن، بەپێچەوانەوە بەپێی سزادەدرێن.

سەردار عەبدولکریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی یاسای کۆمسیۆن هەر کارمەندێکی حکومەت لە فەرمانبەرێکی بچوکەوە تاوەکو سەرۆکی حکومەت ئەگەر پۆستەکەی بەکارهێنابۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن‌و پشتگیری لیستێکی کرد، ئەوا لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە دەچێتە خانەی پێشێلکارییەوەو دەبێت بە پێی یاسای کۆمسیۆن سزابدرێت.

بەرپرسەکەی کۆمسیۆن وتیشی: «نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت نابێت ئێستا پشتگیری خۆی بۆ هیچ لیستێک ئاشکرا بکات، ئەگەر وابوو، ئەوا دەچێتە خانەی لادان لە یاسای پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی کۆمسیۆنەوە، چونکە ئەو ئێستا سەرۆکی حکومەتە».

لەقسەکانیدا سەرۆکی حکومەتی باسی لە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری کرد، کە حکومەتی هەرێم لە ماوەی ڕابردوودا کردویەتی، وەک دروسکردنی شوقەی نیشتەجێبوون‌و چاککردنی کارەباو ڕێگاوبان، ئەم پرۆژانەی وەک دەسکەوتێک باسکرد بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەماوەی حکومڕانییان کردویانە بۆ هاوڵاتیان.

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: نابێت لە کاتی پڕوپاگەندەی هیچ لیستێک کارەکانی حکومەت لە ماوەی ڕابردوودا وەک پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت، چونکە دامودەزگاکانی حکومەت هی هەموو خەڵکن، نەک تەنها وەک دەسکەوتی لایەنێک نیشانبدرێت.

هەمان ڕۆژ چەند ئۆتۆمبێلێکی حکومی بەکارهێنران بۆ هەلواسینی پۆستەرو لافیتەکانی لیستی کوردستانی‌و جگەلەوەش ژمارەیەک لە ئۆتۆمبێلەکان بەکارهێنران بۆ گواستنەوەی هاوڵاتیان بۆ ئاهەنگەکەی لیستی کوردستانی.

سەبارەت بە سزادانی سەرۆکی حکومەت سەردار عەبدولکەریم وتی: «ئەگەر هەر لیستێکی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێیوابێت ئەو قسانەی سەرۆکی حکومەت خروقاتن، دەتوانێت سکاڵا تۆماربکات لە کۆمسیۆن، ئێمەش بەرزیدەکەینەوە بۆ ئەو لیژنەیەی کە لە نووسینگەی نیشتمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بەغدا.

ئەگەر قسەکانی سەرۆکی حکومەت خروقات بوون سزا دەدرێت».

### ئاگاداریەک بۆ هاوڵاتیان

**بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان‌و بڵاوکراوەکەمان، داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کە لەماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، هەر هەواڵێک یان ڕوداوێکیان بینی، لەجۆری خروقاتی هەرلیستێک بەرامبەر لیستێکی دیکە یان هەرمەسەلەیەک کە بچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی پەیوەندی بەم ئەدرەسانەوە بکەن (٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ یان ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩) یان ئیمەیلی**

(p.goran@ymail.com)

# پەیامی نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە سامانی نەوت لە هەرێمی کوردستان



نەوشیروان مستەفا

**دەبێت هەموو ڕێکەوتن نامەیەک و گرێبەستێکی نەوتیی پاش وتووێژی لایەنی پەیوەندیداری حکومەت بۆ دوا بڕیار بخرێتە بەردەم پەرلەمان و بۆ ڕای گشتی بڵاو بکرێتەوە**

**نەوشیروان مستەفا سیاسەتمەدار و سەرۆکی لیستی گۆڕان دەربارەی پرسی نەوت لە کوردستان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەم سامانە نیشتیمانیە لەپەیامێکیدا بۆ خەڵکی کوردستان دەڵێت: ئەگەر دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن هەوڵ دەدەین کارێک بکەین کە سامانی نەوت ئاستی گوزەرانتان بباتە سەرەوەو ژیانێکی ئارام و سەقامگیرتان بۆ دابین بکات.**

## ئەمەش دەقی پەیامەکەیە

خوشکو برایانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش.

بابەتی ئەم جارەمان لەسەر نەوتو سامانە سروشتییەکانی کوردستانە، نەوت سەرچاوەی وزەیە، سەرچاوەکانی دیکەی وزە وەک وزەی ناوەکیو تیشکی ڕۆژو ئاوو ڕەشەباو خەڵوز تائێستا نەیانتوانیوە جێگەی نەوت بگرنەوەو بەدیلی بۆ بدۆزنەوە، هەروەها نەوت کەرەستەیەکی خاوی سەرەکی بەشێکی گەورەی پیشەسازییەکانی جیهانە، بۆیە نەوت بەکاڵایەکی ستراتیژی دادەنرێت کە پەیوەندی بە ژیانی گەلانی دنیاوە هەیەو لە ئەنجامی ئەوەشدا کاریگەری لەسەر گرژیو ئاڵۆزیو ئاشتیو ئاسیشی جیهانەوە هەیە.

نەوت سەرمایەیەکی گەورەیە، وڵاتانی نەوتاوی بە وڵاتانی دەوڵەمەند دادەنرێن، بەڵام زۆری ئەو وڵاتانەی خاوەنی نەوتنو نەوتیان لێ دەردەهێنرێت بۆ بازاڕەکانی دنیا نەوتەکەیان لەباتی ئەوەی ببێتە نیعمەتو ڕەحمەت، بووەتە لەعنەتو زەحمەت، چونکە:

١- زۆریی دەرامەتی نەوتو ئاسانیی بەدەستهێنانی بووەتە هۆی پووکانەوەی کەرتەکانی دیکەی ئابووری وڵاتانی نەوتاوی، بە تایبەتی کەرتەکانی کشتووکاڵو ئاژەڵداریو پیشەسازی سەرەنجام پشت بەستن بە ئابووری تاک بەرهەم، ئەمەش بووەتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی خۆراکی مرۆڤایەتی.

٢- ئەو دەرامەتە زۆرە بووەتە هۆی دروستکردنی ڕژێمی دیکتاتۆری خاوەن ماکینەی جەنگییو دامودەزگای سەرکوتکردنو سەرچاوەی دارایی دامودەزگاکانیان، هەر بۆ نموونە دەوڵەتی عێراق بەدەرامەتو پارەی نەوت شەڕی کوردو شیعەو میللەتی عێراقو ئێرانو کوەیتی کردووە، دامودەزگای جەنگیو سەرکوتکردنی بەهێزکردووە کەرتەکانی دیکەی ئابووری وڵاتی بە جۆرێک وێرانکردووە کە تائێستا (٩٠٪) بەرەوژووری هەموو بودجەی عێراق لەوە (١٧٪)ی بەشی هەرێمی کوردستان لە دەرامەتی نەوت دابین دەکات، زۆرێک لە دیکتاتۆرەکانی ئەم ناوچەیە بەهۆی سامانی نەوتەوە نەبووایە، نە ئەو دەسەڵاتە سەربازیو ئابووریو موخابەراتییە ترسناکەیان دادەمەزراند، کە ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆو نەیارە سیاسییەکانی لەناو ببات، نە دەشیانتوانی ئەو تۆڕە پەیوەندییە نێودەوڵەتیە دروستبکەن کە لە چاودێریی نێودەوڵەتی بەسەریانەوە کەم بکاتەوە، چونکە ئابووری نەوت هەمیشە وا دەکات دەوڵەتە گەورەکانی دنیا جۆرێک بەرژەوەندی ئابووری وایان بۆ دروستببێت کە ناچاریان دەکات چاو لە سیاسەتە ناوخۆییەکانی ئەو دەوڵەتانە بپۆشن.

لە سەد ساڵی ڕابردوودا زۆربەی ئەو دەوڵەتە داخراوانەی ناوچەکە کە خاوەنی نەوتن لە هەموو چاودێرییەکی نێودەوڵەتی پارێزراو بوونو توانیویانە بەبێ ئەوەی مەترسی هیچ کاردانەوەیەکی جدی نێودەوڵەتی بکەن هەر سیاسەتێکیان ویستووە لەناو خۆیاندا جێبەجێیان کردووە بەڕادەیەک دەتوانین بڵێین مێژووی بەشێکی زۆری ئەم ناوچەیە لەناو دەوڵەتە داخراوەکاندا بەهۆی سیاسەتی نەوتەوە بووە بە مێژووی سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنو نەیارانی ناو خۆ.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم قسانەداو بە هۆشیار بوون بەم دوو مەترسییە گەورەیەی ئێمە لە لیستی گۆڕاندا بڕوامان وایە دەبێ زۆر بە وریاییو ڕوونیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم سامانە گرنگەدا بکەین بۆ ئەمەش بڕوامان وایە:

١- دەبێت نەوت تاکە سەرچاوەی داهاتی ئابووری نیشتمانی نەبێت، بە پێچەوانەوە، داهاتەکانی ئەم سامانە بۆ ژیاندنەوەو دروستکردنی سەرچاوەی داهاتو بەرهەمهێنانی جیاواز لە نەوت بەکاربهێنرێت. بە شێوەیەک لە مەودای دووردا سەرچاوەی داهاتی ئابووری وڵات نەک نەوت بێت، بەڵکو کەرتە ئابوورییەکانی دیکە بێت.

٢- نەوت دەتوانێت پردێکی پەیوەندی ئارامو تەندروست هەم لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا دروست بکات، هەم لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەرەوەی ناوچەکە، نەوت دەبێت وەک کەرەستەیەک بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندیو بنیاتنانی متمانە بەیەک لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەوروبەردا بەکار بهێنرێت، دەبێت هەموو ڕێکەوتننامەیەکو گرێبەستێکی نەوتیی پاش وتووێژی لایەنی پەیوەندیداری حکومەت بۆ دوا بڕیار بخرێتە بەردەم پەرلەمانو بۆ ڕای گشتی بڵاو بکرێتەوە.

داهاتی ئەم کەرتە ڕوونو ئاشکرا بێتو بە ئاگاداریو بڕیاری پەرلەمان سەرف بکرێت، بەڵام ئەو مامەڵەیەی حکومەتی هەرێمو دوو حیزبە سەرەکیەکە لەگەڵ ئەم کەرتەدا کردوویانە، هیچ یەک لەم خاڵانەی جێبەجێ نەکردووە، ئێمە پێمانوایە سیاسەتی مامەڵەکردنی نەوت لەلایەن دوو حیزبەکەو حکومەتەوە گەلێک کەموکوڕی تێدایە کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشانی دەکەین:

١- سەرەتای دەستبردن بۆ ئەم کەرتە بە جۆرێک بوو کە لەبری دروستکردنی پەیوەندییەکی دروستو دوور لە گرژیی، کێشەی لەگەڵ بەغداو ڕای گشتی عێراقیو ناوچەیی بۆ دروستکردین دروستکردنی ئەو کێشەیە لەو کاتەدا بوو کە ئێمە زۆر پێویستیمان بەوە هەبوو پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان هێمنو دوور لە تەنگژە بێت بۆ ئەوەی بتوانین بە ئارامی کێشەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان چارەسەر بکەین.

٢- خاڵێکی تاریکو نەزانراوی ئەو گرێبەستە نەوتیانە کە لەلایەن ئەم هێزانەوە واژۆ کراوە تائێستاش هیچ ئەندامێکی پەرلەمان ئاگاداری جۆری ئەو گرێبەستانە نین کە واژۆ کراوە، ئەم نەزانراویە گومانی گەورەی لای هەمووان دروستکردووە، کە ڕەنگە داهاتی ئەم سامانە گرنگەی وڵات بۆ قازانجی هێزو گروپێکی بچوک بەکار بهێنرێت.

٣- هیچ ڕوونییەک لەوەدا نییە کە چۆنو بە چ شێوەیەک ئەو داهاتە سەرف دەکرێت، کە لەم کەرتەوە دەست دەکەوێت.

خوشکو برایانی بەڕێز ئێمە لە لیستی (گۆڕان) بڕوامان وایە نەوت سامانێکی گرنگی نیشتمانیەو دەبێ هەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵک بەکاربهێنرێت، هەم پردێک بێت بۆ دروستکردنی متمانەو پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێو دنیادا، ئەگەر دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن هەوڵ دەدەین کارێک بکەین کە سامانی نەوت ئاستی گوزەرانتان بباتە سەرەوەو ژیانێکی ئارامو سەقامگیرتان بۆ دابین بکات.

**هەوڵ دەدەین کارێک بکەین کە سامانی نەوت ئاستی گوزەرانتان بباتە سەرەوەو ژیانێکی ئارامو سەقامگیرتان بۆ دابین بکات**

# خوێنی شەهیدان

عەدنان عوسمان



کەم ڕۆژ هەیە گوێبیستی ئەوە نەبین ئەم ئەزموونەی کوردستان بە خوێن دروستکراوەو بە خوێنی شەهیدان بنیاتنراوە. بە ڕواڵەت ئەم قسانە جۆرێکە لە قەدرزانیو ڕێزگرتن لە خوێنی ئەو شەهیدە گەورانەی کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە بەرەنگاری گەلی کورد بەرامبەر داگیرکەرانو حکومەتە دیکتاتۆرەکان، بەڵام لە ناواخندا ئاماژەیە بۆ مەسەلەیەکی مەترسیدار: ئەو کەسو لایەنانەی ئەم قسانە هەموو ڕۆژ دەرخواردمان دەدەن دەیانەوێت شەرعیەتی مانەوەی هەتاهەتایی خۆیان لە خوێنی شەهیدانو قوربانیدانی ئەوانەوە وەربگرنو خۆیان لە هەر بەرپرسیارێتیو لێپرسینەوەیەک بدزنەوە، ئاماژەیەکی ترسناکی تریش ئەوەیە ئەو هێزانە پێماندەڵێن ئێمە بەهۆی قوربانیدانو خوێنی ئەو شەهیدانە هاتووینو تەنها بە خوێن جێیدێڵین!، واتە پشتکردنە هەر بەهایەکی دیموکراسیو خۆدوورگرتن لە عەقڵیەتی دەستاودەستو ئاڵوگۆڕی مەدەنییانەی دەسەڵات. حیزبو لایەنگەلێک ڕەوایەتیو مەشروعیەتی خۆیان تەنها لە ڕابردوو، لە قوربانیدانو خوێنی شەهیدەکانیان ببینن و خاوەنی هیچ دیدگایەک بۆ باشکردنی ئایندە نەبێت، نەک تەنها ناتوانیت خاوەن نەخشەیەکی تەندروست بێت بۆ چاکسازیو بنیاتنانی کۆمەڵگا بەڵکو تەنانەت بۆ کەسوکاری شەهیدانیش هیچ پرۆژەیەکی نییەو هەمیشە بەشێوەیەک ڕایاندەگرێت کە لەژێر ڕەحمەتی کۆمەکو مەکرومەی حیزبدا بن.

بەکارهێنانی خوێنی شەهید لەبری ئەو بەها گەورانەی کە چەمکی شەهید بوونو خۆبەختکردن لە خۆی دەگرێت، نیشانەی ئیفلاسییەکی سیاسیو بەتاڵبوونە لەهەر خەونێک بۆ ئایندە.

شەهیدانی کوردستان بە جیا لە ئینتمای حیزبییان، بە دوور لە قۆناغو سەردەمو شێوەی شەهیدبوونیان، بەشێکن لە خەونو هیوای ئەم گەلە بۆ ڕزگاربوونو ئازادی. ئەوانەی لە شارو لە شاخ سەرگەرمی خەباتی بێوچانی کوردایەتی بوون لەپێناو سەربەرزیی میللەتێکو ڕاوەستاوی مانەوەی گەلی کورد بوو بەرامبەر ئەو دوژمنانەی بەردەوام لە هەوڵی سڕینەوەو بەچۆکدا هێنانی بوون. خوێنی شەهیدان دەبێت ئەو مۆمە بێت ژیانی ئایندەمان ڕۆشنبکاتەوەو کۆمەڵگاکەمان بە ئاراستەی ئەو شوێنە ببات کە سەقامگیرییو مافەکانو بەها گەورەکانو سەربەرزییو کەرامەتی تێدا دەپارێزرێت.

کەسوکارو ڕۆڵەی شەهیدان ئەو کەسە سەربەرزانەن کە هەرچییەک بۆ باشترکردنی ژیانیان بکرێت دەبێت بەشێک بێت لە ئەرکی دەوڵەت نەوەک منەتی حیزب، وە ئەو هاوکارییانە بەشێوەیەک بێت ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری بۆیان دابین بکاتو پێویستە دەوڵەت جێگای ئەو ئازیزانەی کە لەپێناو کوردستانێکی ئازاد گیانی خۆیان کردە قوربانی، بگرێتەوە.

ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بۆ ئەوە گیانی خۆیان بەخت نەکرد کەسو بنەماڵەو حیزبو لایەنێک دەست بەسەر هەموو تواناکانی ئەم وڵاتە بگرێتو ڕەوایەتی بە خۆی بداتو بە ئارەزووی خۆیو بێهیچ حیسابو کتابێک تەخشانی بکات.

گەنجانی ئەم وڵاتە سنگی خۆیان کرد بە قەڵغان بۆ ئەوەی کوردستانێکی ئازادو ئاوەدانو بەختەوەر دروستبێت، بۆئەوەی زوڵمو کوشتنو بێڕێزییو هەژارییو نەهامەتیو کۆیلەیەتی نەمێنێتو بنربکرێت نەوەک بە شکڵو شێوەی نوێ بهێنرێتە پێشەوە. شەهید موڵکی حیزبو کەسو لایەنێک نییە، بەڵکو بەشێکە لە سامانە ڕەمزییە گەورەکەی میللەتێکو تاوانە بۆ ڕیکلامێکی لاوازی حیزبیو سیاسەتی ڕۆژ بەکاربهێنرێن.

کۆمەڵگای کوردیی دوای ساڵانێک لە قوربانیدان ئیتر پێویستی بە ئارامیو بنیاتنانە، ئەو هێزانەی دەیانەوێت هەمیشە لەژێر چەتری ترسو دەریای خوێندا بمانهێڵنەوە خاڵین لە هەر بەرپرسیارێتیو پرۆژەیەکو جگە لە بەرژەوەندیو مانەوەی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان چاویان هیچی تر نابینێت.

ئەگەر کەلتوری بازرگانی کردن بە ڕابردوو کەسایەتیەکانی ڕابردوو شەهیدانو قوربانییان کۆتایی پێنەهێنرێتو بەرامبەر هەر داخوازییەکی ڕەوا پەنا بۆ دەستەواژەی خوێن ببرێتو ڕەوایەتیو شەرعیەتی خۆیان لە خوێنڕشتن ببیننەوە دەبێت چاوەڕێ ئەو ئاکامە خراپو ترسناکە نا دڵخوازەش بین کە خوێن بە خوێن بسڕێتەوە!. ڕاکێشانی کۆمەڵگاش بۆ ئەو ئاکامە گەورەترین تاوانە بەرامبەر خوێنی شەهیدانو نەوەکانیان دەکرێت.

# ژن و گۆڕان



**چیمەن محەمەد رەشید**

بەدرێژایی مێژووی خەباتی سیاسیو چەکداریی بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان ژن ئامادەیی باشی هەبووە، لەژێردەستەییو تەنگژە سیاسیو قەیرانەکاندا بەشی شێری بەرکەوتووەو بەهەموو شێوازێک قوربانیداوە، بەڵام بەدوای هەر گۆڕانو ئالوگۆڕێکی سیاسیدا رەوتی ژنانو ئاستی گەشەکردنو بەشداریی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگییان ئاستێکی هاوتای ئەو بەشدارییەی خۆی نەبووە، ژن لەهەر بەشداریو ئامادەبوونێکیدا لەناو خەباتو جوڵانەوەی سیاسی، رێکخراوەییدا بەردەوام وەک لایەنێک، ژمارەیەک لە چەندایەتیی کاراکتەرەکاندا لەو جوڵانەوەیەدا بینراوە، بەردەوام وەک مەحکومێکی بێپەروا لە زۆر لایەنی رووبەڕووبوونەوەو راپەڕینو شێوەکانی دیکەی بەگژداهاتنەوە ئامادەو بەشداربووە، بەڵام لە ئاکامو دوای ئاساییبوونەوەی دۆخەکان لە شێوەیەکی رووکەشییانەی بریقەداردا لە بەرنامەو پرۆگرامی حیزبەکاندا قەتیسکراوە، یان لە چەند رێکخراوێکی پاشکۆو سێبەری حیزبدا بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆکراونەتەوەو بۆ شەڕی ژمارەکان بێ لەبەرچاوگرتنی خەمی چارەسەری بنەڕەتیی کێشەو مەینەتییەکانیان ئامادەکراوەو بەکارهێنراوەتەوە.

بەشداریی ژنان لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١داو ئامادەیی بەردەوامی لە تەواوی کارو ئەرکەکانی ئەو قۆناغەدا دەرئەنجامێکی گەورەی هۆشیاریو دەنگدانەوەیەکی گرنگ لە هەنگاونانی ژنو سەرەتاو دەروازەوالاکردنی بوو کە گەلێک ساڵ بوو بەربەستێکی توندنەبوو و ژنانیان لەودیو دیوارەکاندا وەک مەحکومێکی بێدەسەڵاتو ناکاریگەر لە کۆمەڵگادا بەند کردبوو، راپەڕین لەگەڵ ئەوەی گـۆڕانو ئالوگوڕێکی هەمەلایەنەی گەورەی بەسەر نەتەوەی کورددا هێنا. چ لەگەڵ ئەوەی کورد توانی دەستکەوتو ئامانجی قۆناغی رزگاریی نیشتمانی وەک هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو پێکهێنانی حکومەتو چەندین دەستکەوتی دیکە بەدەستبهێنێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تەمەنی ئازادیی ئەم بەشەی کوردستان ١٨ ساڵی تێپەرکرد، ئەگەر لە ساڵی یەکەمی واتە تا ١٩٩٨ کێشەی ناوخۆییو شەڕەناوخۆییەکان تواناو ئیرادەی گەلی کـورد تەرخان کرابێت، گرفتە داراییەکانیش بەربەستو رێگرییەکی گەورەبوونی لە رەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی ئـازادیو رزگـاربـوون لە دەست داگیرکەر. کەچی لە ٧ ساڵی دوای ئەویشو بەتایبەتیش دوای رزگاریی عێراق لە ٢٠٠٣وە کەچی رێژەی بێ مافیو رەوشی ژنانو دۆڕاوی کێشەکەی ئاڵۆزترو بێ چارەسەرتر کراوەو دۆخی ژنان بە بەراورد لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکان بەرامبەر مەسەلەی ژنان، زۆر لە کاروانندا لە دواوەیەو هاوتای رووداوو ئالوگۆڕییەکان نەڕۆشتووە.

ئامارو داتاکانو هەموو ئەو ئاماژانەی دەربارەی ژن دەدوێن مایەی دلخۆشی نین لە دەرئەنجامی ئەو بارودۆخو رەوشەی کە ئێستا ژنانی کوردستان پێوەی دەناڵێنن، رۆژ لەدوای رۆژ قوربانییەکانی ژنانو توندوتیژیی دژی ژنان زیاددەکاتو لە بەرامبەریشدا سیستەمو دەسەڵاتی سیاسی بە دەستە پاچەییو خەمساردییەوە لە ئاست ئەم کێشەیەدا وەستاوەو هیچ رێگاو شوێنێکی جدی بۆ کۆتایی هێنانو لانیکەم سنووردانانیش بۆ ئەم رەوشە نالەبارە پەیڕەو ناکات، هۆکاری ئەمەش تەنیا بۆ نەگرتنەبەرو پیادەکردنی رێوشوێنەکانی بەگژدا هاتنەوەو هەوڵەکانی دەسەڵات ناگەڕێتەوە، بەڵکو پشتگوێخستنو لالێنەکردنەوەی جدی لەو مەسەلەیەدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ خودی سیستەمو فەلسەفەی سیاسی دەسەڵات، کە لە بنەڕەتدا بڕواو باوەڕیان نە بە خودی جوڵانەوەی ژنانو مەسەلەی ژنان هەیە، نە بڕوایان بە باشکردنو چارەسەرکردنی ئەم رەوشە نالەبارەی کە رووبەڕووی ژنان بووەتەوەو قوربانی گەورەی لێکەوتوەتەوە.

**بۆیە بەلای لیستی گۆڕانەوە باشترین چارەسەرو بۆچوونی زانستییانە بۆ رزگارکردنی ژنان لەو دۆخە ناهەموارو خراپەی کە تێیدا دەژین، بیرکردنەوەیە لە گۆڕانو سیستەمی سیاسیو فەلسەفەی سیاسیی دەسەڵات.** لەبەر ئەوەی دەرئەنجامەکان تائێستا ئەوە دەردەخەن کە بێ گۆڕانی بنەڕەتی لە سیستەمو فەلسەفەی سیاسیی دەسەڵاتدا ناکرێت چاوەڕێی گۆڕانو چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی ژنانو مەسەلەی ژنان بێتەئاراوە، بۆیە باشترین چارەسەرێک بۆ رزگـاریو ئازادیی تەواوی ژن، پشتگیریو پشتیوانیکردنە لە لیستی گۆڕان کە متمانەو ئومێدی گەورەی بە ژنانو بە دوارۆژیان هەیە.

## سازە عەبدوڵڵا، کاندیدی لیستی گۆڕان

# لیستی گۆڕان جێگای بیروڕا جیاوازەکانە

**سازدانی کاروان ئیسماعیل**

**سازە عەبدوڵڵا، پێشتر ئەندامی حیزبی (پاسۆک) بووە، ئێستا لیستی گۆڕان بە لیستی گرتنەخۆی جیاوازییەکان دەناسێنێت، هەروەها باس لە ستراتیژی کاری لیستەکە دەکاتو پێیوایە دەنگدانی ژنان بە لیستی گۆڕان، هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە بارودخی ژنان لە کوردستاندا.**

**بەرەوگۆڕان: ئێوە وەک کاندیدێکی لیستی (گـۆڕان)، ئەگەر چوونە پەرلەمانی کوردستان، بەنیازن چی بۆ ژنان بکەن؟**

*پێمباشە لە پرسیارەکەتان بتانوتایە چی بۆ کۆمەڵگە دەکـەن، چونکە گەشەکردنو وشیاری کۆمەڵگە زامنە بۆ دەستەبەرکردنی مافی هەموو چینەکان لەوانەش ژنان، کۆمەڵگەی پێشکەوتوو هـەیـەو کۆمەڵگەی دواکەوتوو، کۆمەڵگەیەک نییە پیاوانی پێشکەوتوو بێت ژنانی دواکەوتوو یان بە پێچەوانەوە، یان هەردووکیان لە ئاستی بـەرزدان یان هەردووکیان لە دواوەن، بۆیە پێمباش نییە تەنیا ژنان بخەینە کەوانەیەکەوە، ئاستی هوشیاری کۆمەڵگە زامنی ژیانێکی باشە بۆ ژنان هـەروەهـا بۆ گەنجانو کرێکارانو خوێندکارانو... هتد، بۆیە وەک رای خۆم ئەگەر چووینە پەرلەمان جەخت لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە بکەینەوە گۆڕانی باری کۆمەڵگا بەرەوپێشەوە، بێ سێو دوو کردن گۆڕانی ژیانی ژنانە لە پەراوێزەوە بۆ کرانەوەو چوونە مەیدانە فراوانەکان.

**بەرەوگۆڕان: لەکاتێکدا رێژەی ژنان لەناو لیستی گۆڕاندا (سێ یەکە)، ئێوە هەولدەدەن بەیەکەوە بەرنامەیەکو ئەجێندایەکی تایبەت دابرێژن بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژنانو باری کۆمەڵایەتییان؟**

*ئێمە وەک ژنانی لیستی گۆڕان تائێستا پێکەوە کۆنەبووینەتەوە تا پرۆژەیەکی بەو جۆرەمان هەبێت، بەڵکو هەموو ئەندامانی لیستەکە بە ژنو پیـاوەوە لەسەر بەرنامەیەک رێککەوتووین، کە بەرنامەی لیستی گۆڕانەو زۆر بە وردی باسی کێشەو چـارەسـەری رەوشـی ژنـان دەکـات کە لەو بەرنامەیەدا رەوشی ژنانمان جیانەکردووەتەوە لە رەوشی کۆمەڵگە بە گشتی وەک لە وەڵامی پێشوودا باسم کرد.. ئەمەش رێگە لەوە ناگرێت ژنانی لیستەکەش کۆببنەوەو لەو پێشنیازەی ئێوە قسەیەکیان هەبێت.

**بـەرەوگـۆڕان: بـە گشتی چ بەرنامەیەکی ستراتیژی بەچارەسەری کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان دەزانن؟**

*جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، کلیلی قەڵاچۆکردنی گەندەڵییە، هەروەها گۆڕان لە عەقلی سیاسی کوردی کە عەقڵێکە پێیوایە دەستوور دەتوانێ کێشەی ئێمەو داگیرکەران چارەسەر بکات، کە من پێموایە ئەو چارەسەرانە کاتینو ئەزموونیشمان زۆر دەولەمەندەو چارەسەر هەر بەسەربەخۆییە کە گەلی کوردستان لە راپرسیدا چارەنووسی خۆی دیـاری بکات، ئـەوە بـەرای من بەردی بناغەی هەموو گۆڕانکارییەکانە.



**بـەرەوگـۆڕان: لە ئێستادا کە هەڵمەتی هـەڵـبـژاردن دەستی پێکردووە لیستەکەتان چ رێڕەوێکی هەڵبژاردووە بۆ بانگەشەکردن لەناو خەڵکدا؟**

*ئێوە خۆتان دەتوانن ئەو حاڵە ببینن، من تەنیا دەڵێم بانگەشەی ئێمە بۆ لیستەکەمان بانگەشەیەکی ناتوندوتیژییە، بانگەشەیەکی مۆدێرنەو نامانەوێت بە هیچ جۆرێک لە رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵا لابدەین، سەرۆکی لیستەکەمان رایگەیاند، دژی بڵاوکردنەوەی وێنەیە، شوێنە گشتییەکان بۆ پروپاگەندە بەکار ناهێنین، بەرتیل نادەین بە کەس، ئێمە دەنگ ناکڕین بەڵکو ویژدان دەجولێنین، خولی تایبەتی مۆدێرنمان دیـوە، راگەیاندنی نوێو شیکردنەوەی عەقلانی بەکار دەهێنین، ئێمە بیروباوەڕو بەرنامەو خەونی گۆڕان دەمانبزوێنێ بۆیە هەموو دەنگێکمان لا مەبەستەو پەیوەندی پێوە دەکەین، ئەوەی دژمانە خوازیاری دیالۆگین، بەڵام هەندێک کەسیش بڕیاریان داوە قەناعەت نەکەن، چونکە بڕێوییان لەسەر قەناعەت نەکردنە، ئێمە ئەوانەش بە قوربانی دەزانینو نیگەران نابین.

**بەرەوگۆڕان: ئێوە پێشتر ئەندامی حزبی (پاسۆک) بوون، هەست بەچی دەکەیت کە لەنێو لیستی (گۆڕان)دا خۆتان بینییەوە؟ ئایا لیستەکە بەتەواوی جێگەی بیروڕای جیاوازی تێدا دەبێتەوە؟**

ئەگەرچی بیروڕای جیاوازم هەیە من هەر لەم لیستە خۆم دەبینمەوە لـەبـەر ئـەوەی لـە بازنـەی بچوکی گروپێکی دیاریـکـراوەوە چووەتە بازنەی گشتی جەماوەری.. من بڕوام بە سەربەخۆییو دەولـەتـی کوردی هەیە، پێموایە تا ئەم سیستەمەی ئێستا لە ئارادا بێت مەحاڵە کیانی سەربەخۆمان هەبێت بۆیە دەبێت گەندەڵی نەمێنێت تا زەمینەی سەربەخۆیمان بسازێت درووشمی لیستی گۆڕانیش بریتییە لە گۆڕین لە سیستەم نەک گۆڕینی بتێک بە بتێکی دیکە.. ئەم لیستە فرەلایەنەو ئەلتەرناتیڤی هەموو کەسێکی نارازییەو خۆشتان دەزانن نارەزایی هەموولایەکی گرتووەتەوە..

**بەکورتی:**

**- سـازە عەبدوڵڵا محەمەد رەسوڵ**

**- لـەدایـکـبـووی/١٩٦٦/١١/٢٠ سلێمانی**

**- پیشە/ فەرمانبەر**

**- بڕوانامە/ دبلۆم لە بواری (بیناسازیی) بەکالۆریۆس لە بواری (ئیدارەی گشتی/ ئیدارە عامە)**

**- باری خێزانی/ خێزاندارە**

# پاشماوەی هەواڵی....

## هەزاران بنەماڵەی شەهید دەنگ ...

پێموایە دەنگدانم بە لیستی گـۆڕان لەپێناو پاراستنو سەرخستنی ئەزموونێکە کە باوکمو سێ لە براکانی بەناوەکانی (محەمەد مارۆکۆنی، شەهید ئیدریس، شەهید کەمال) لەرێگەیدا شەهیدبوون. هەر لێرەوە داوا لە سەرجەم کەسوکارو خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان دەکەم بە بەرپرسیارێتییەوە لە هەڵبژادنی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداری بکەن، چونکە پەرلەمان یەکێکە لە دەستکەوتەکانی خوێنی شەهیدانمانو دەبێت بە هۆشیارییەوە لێی بڕوانین. لەو روانگەیەوە کە لیستی گۆڕان لیستێکە ئیعتبار بۆ ئەو دەستکەوتە دەگێڕێتەوە کە کەسوکارەکانی ئێمە لەپێناویدا خوێنیان رشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە هەموو گەنجانی کوردستان دەکەم کە تا ئێستا مافەکانیان زەوتکراوە دەنگی بە لیستی گۆڕان بدەن، چونکە ئەو لیستە زامنی مافەکانیان دەکات.

مەریوان حەسەن برای شەهید موئەیەد حەسەن حوسێن کە براکەی لە کاتی کۆچڕەوەکەدا لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەدا کە بۆ پاراستنو بەرگیریکردن لە هاوڵاتیانی کوردستان مابوونەوە لە مەفرەقی دیبەگەدا لەلایەن پیاوانی بەعسەوە شەهیدکراوە، بە بەرەو گۆڕانی راگەیاند: ئێمە وەک خانەوادەیەکی خاوەن شەهید کە جگە لە شەهید موئەیەدی برام ژمارەیەکی دیکە لە کەسوکارە نزیکەکانمان لەپێناو بەدیهاتنی ئەزموونی ئەمرۆی کوردستان شەهیدکراون، رایدەگەیەنین کە وەک خانەوادەیەکی شەهید دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەین، چونکە لیستی گۆڕان بەدیهێنەری مافو ئازادیو دادپەروەری کۆمەڵایەتییەو نامانەوێت خوێنی شەهیدانمان بە هەدەر بڕوات.

مەریوان گوتیشی»دەنگدانمان بە لیستی گـۆڕان لەوێوەیە کە نامانەوێت چیتر سوکایەتی بە خوێنی شەهیدانمان بکرێت، چونکە هەر لە دوای راپەڕینەوە تا ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان سەوداو مامەلە بە خوێنی شەهیدان دەکەن، سوێند بە خوێنی شەهیدان دەخـۆنو پۆستو ئیمتیازاتیش بە کۆنە جاشو مستەشارەکان دەبەخشن، ئەمە لەکاتێکدا کە بە سەدان لە کەسوکاری شەهیدان لە خانووی کرێو خانووی قوردا دەژینو دەسەڵاتیش شوفل دەهێنێتە سەر خانووەکانیانو بەپاساوی زێدەڕۆییەوە خانۆچکە قورینەکانیان تێکدەداتو دەڵێت ئەوانە سیمای شاریان ناشیرین کردووە، لەو هەلومەرجەدا پێویستە ئێمە وەک خانەوادەی شەهیدان بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی لە لیستی گۆڕان بکەین، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت کەمێک رێز بۆ خوێنی شەهیدەکانمان بگێڕینەوە.

# (٥٧)

## گۆڕان بۆ؟

-٣-



**نەژاد جەلال**

سەروبنی زمانی کۆنسێرڤاتیزمی خاوەن بەرژەوەندیو دەسەڵاتداری کوردی ئاسایشی نەتەوەییو بوونی مەترسیی دەرەکییە لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان، پەیامو بەرنامەی لیستی گۆڕانیش وەڵامێکی کورتو پرمانای ئەو پڕوپاگەندەیەی داوەتەوە کە تیایدا نوسراوە «دەمێکە لە جیهانی شارستانیدا، جادووی ئەو تیۆریە فاشیستە بەتاڵ بووەتەوە کە دەڵێت بنیاتنانی قەوارەی نیشتمانی پێویستی بە دواخستنی دیموکراسیو لە قاڵبدانی ئازادییەکانە. ئەو ئەفسانە کلاسیکییەش لەبنەوە هەڵتەکیوە کە پێیوایە بڕیاری چارەنوسساز دەرهاویشتەی ژوورە داخراوو رێکەوتنە نارۆشنو ژێربەژێرەکانە».

ئـەوان کورسی دەسـەڵات بە میراتی خۆیان دەزانـن هەمیشەش لە هەوڵی چەواشەکردنی کۆمەڵگادان، کێ هەیە هەست بە مەترسی باڵا دەستی حیزب نەکات لە هەرێمی کوردستان، هەرگیز ئەزموونی دیموکراسی خەتەر نییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم، لە راستیدا دوو حیزبی دەسەڵاتدار شتێکیان نەهێشتۆتەوە بەناوی ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە تائێستا حوکمڕانییەکەیان لە حوکمی خێڵ دەچێت، خاوەنی میلیشیان، بڕیار لە دیوەخانەکانەوە دەردەچێتو پەرلەمانی حیزبیش شەرعیەتی پێدەدات، ئەوان بوون شەرەفی هێنانی سوپاکانی بێگانەیان بۆ خاکی کوردستان پێبەخشرا، شەڕی ناوخۆی ئەوان بوو هیچ قودسیەتێکی بۆ هەرێم نەهێشتەوە، هەر ئەوانیشن نەیانتوانیوە شوێنەواری شەڕی بنەماڵەکان بسڕنەوە، نازانین خاوەن شکۆکان ئەمەی ئێوە دەیکەن مەترسیە لەسەر هەرێمی کوردستان، یان ئەوەی ئێمە دەیکەن، لیستی گەلو کێبڕکێ لە هەڵبژاردندا؟ بەڵام داواکارم پێش ئەوەی خۆرتان ئاوابێت بفکرنو وەڵامێکمان بدەنەوە.

نەمانزانی ئێوە چیتان پێدەکرێت بۆ ئەم هەرێمە! چونکە هیچمان لێتان نەبینی، ئاساییە، چونکە ئێوە ئەوەندەتان لە هەگبەدایە! پسپۆڕییەکانی ئێوە بۆ بەڕێوەبردنی حیزبەکانی خۆتان باشە، نەک بۆ داودەزگای دامەزراوەییو حوکمی یاسا.

لیستی گۆڕان، لیستێکە بۆ گۆڕان لەوەی کە ئێوە بنیادتاننــاوەو هەرگیز جێی شانازیی نییە، نەنگییە کە باسی شۆڕشو راپەڕین ئەکرێتو ئەیکەنە دەسکەوتی حیزبو سەرکردەکانی، چونکە ئەگەر ئەو گەلە نەبوایە کە ئێستا دەتانەوێت بیکەن بە کۆیلە، مەگەر بە وێنە کوردستانتان ببینیایە.

هێزی گەل، تا سەر چەواشە ناکرێت، ساڵانێکە بڕوای بە دروشمە باقوبریقەکان کردووە، ئیتر ئێستا گەلێک کە بەخوێنی ئەوو ئارەقی ئەو ئەم رۆژە دروستبووە، رازی نییە بکرێتە کۆیلەی ئەو دەرەبەگانەی کە نابیستنو نافکرنو ...هتد هەروەک توتی ئێمەو ئێمە، بەڵام دوارۆژ مێژوو پێمان دەڵێت ئەوان چ بەڵایەک بوون...

## مەلا عومەر سوێری، وتاربێژی مزگەوتی سەواف:

# کاتی ئەوەش هاتووە میللەت قسە بکات با سندان لەو کڵاوە بدات کە با دەیبات



سازدانی
بەرزان عەلی حەمە

مەلا عومەر محەمەد ئەمین سوێری، کارگێڕی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان (پارتی)و وتاربێژی مەزنە مزگەوتی سەواف لە هەولێر، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەرەو گۆڕان ئاماژە بە خەمساردی دەسەڵات بەرامبەر بە میللەتو بێ دەنگ بوونی میللەتیش لە بەرامبەر ئەو رەوشە دەکاتو وەک خۆی دەڵێت: «ئەوەی تائێستا کراوە، لەو ئاستەدا نەبووە کە ئەم میللەتە شایەنیەتی».

مەلا عومەر محەمەد سوێری وتاربێژی مزگەوتی سەواف لە هەولێر باس لەوە دەکات، کە بەرپرسەکان بێ حەدو حساب باخو باڵەخانەیان هەیەو کەچی میللەت بێ بەشە لە مافەکانی خۆی، مەلا عومەر دەپرسێت «ئەو میللەتەی کە ساڵەهای ساڵ خەباتی کردو ئەم کیانەی لە کوردستان دامەزراند، کەی رەوایە نەک سەیارەو مەزرەعە، بەڵکو نەشتوانێت بەلای مەزرەعەکەدا بڕوات؟ بەخەویش ئەو جۆرە سەیارەیە نەبینێت».

مەلا عومەر وەک خۆی وتی: لە ساڵی ١٩٧٢وە پێشمەرگەی پارتی بووە، سەرەتا مەلا عومەر سوێری باسی دەنگدانی کردو وتی: «دەنگدان واتای ئەوەیە کە جەماوەر کەسێکی دەوێت تا پارێزگاری لە شەرەفو کەرامەتو خاکەکەی بکات، نەک بۆ ئەوەی لایەنێک چەند وەزیرێکو چەند ئەندام پەرلەمانێکی هەبێت، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتەکەی ئێمەدا دەنگ بۆ ئەم مەبەستە دەدرێت، جەماوەر بۆیە دەنگ دەدات بەو لایەنە کە خزمەتی بکات، کەواتە ئەگەر دەنگەکەی پێ دراو خزمەتەکەی نەکرد، ئەوە بەڵێن نەبردنە سەرەو بەڵێن نەبردنە سەریش سیفەتی دووڕوو مونافیقەکانە، ئەگەر خەڵکیش دەنگ بداتە ئەو کەسانەی کە خزمەت ناکەن، بێ گومان ئەو کەسەش کە دەنگەکە دەدات گوناهکارە».

**بەرەو گۆڕان: ماموستا بە بڕوای بەڕێزت ئەم هەڵبژارنە گۆڕانی سیاسیو ئیداری لە هەرێمی کوردستاندا دروست دەکات؟**

**مەلا عومەر سوێری:** بەڕای من دروستی ناکات، لەبەر ئەوەی بڕوا ناکەم گۆڕانێکی بنەڕەتی بێت، لەوانەیە گۆڕانێکی شکلی بێتو هەندێ وەزیر بێتو هەندێکی دیکە بڕوات، ئێمە وەکو ماموستایانی ئایینی پەیوەندی راستەوخۆمان لەگەڵ جەماوەر هەیە، بەڵام ئەوەی کە من دەیبینم جەماوەر بەجۆشو خرۆش نییە، چونکە تائێستا دڵی خۆش نەکراوە، ئێمە نابێت بڵێین دەسەڵات هیچی نەکردووە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی تائێستا کردوویەتی لەو ئاستەدا نەبووە کە ئەم میللەتە شایەنییەتی، ئەم میللەتە شایەنی لەوە زیاترە.

**بەرەو گۆڕان: ئەی پێتوایە کەی ئەوە بۆ ئەو میللەتە دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا ١٧٪ی بودجە دێتە کوردستانو گلەیی ئەوە دەکرێت، کە دەست بەسەر ئەو پارەیەدا گیراوە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** بێ گومان ئێمە بەردەوام ئەو شتە دەبیستین، ئەو خەڵکەی کەمدەرامەتە مافی خۆیەتی گلەیی بکات، میللەت لە چەندین لاوە مافەکانی خوراوە، وەختی خۆی ئەو ئاغایانەی کە داگیرکەر بوون، ئیشی خۆیانو ماڵو منداڵەکەیان بە رەزبەر دەکرد، کەچی ئەونانەی کە رەزبەرەکە دەیخوارد ئاغا منەتی بەسەردا دەکرد، کاکە نابێت وابێت، ئەم خاکە خاکی ئەم خەڵکەیە دەبێت یەکسانی هەبێت، سەرمایەداری لە کوردستاندا وەکو هیچ وڵاتێکی دیکە نییە، نابێت مانگانەی یەک شەخس بەقەد پازدە ساڵی یەکێکی دیکە بێت، بەڵام لە کوردستان وایە، راستە رژێمی سەرمایەداری ئەوەی کە زوو دەگوترا لە جیهاندا سەری نەگرت، بەڵام سەرمایەداریش بەو جۆرەنا کە لە کوردستان هەیە، خەڵکێک هەیە لە لوتکەی دەوڵەمەندیدا دەژین کە دەسەڵاتدار یاخود نزیک لە دەسەڵاتدارن، خانوو سەیارەو باخو باڵەخانەی بەرزیان بەبێ حساب هەیە، خەڵکێکیش هەیە نان نییە بیخوات، ئێ ئەمە راستە ئەو میللەتەی کە ساڵەهای ساڵ خەباتی کردو ئەم کیانەی لە کوردستان دامەزراند، نەک سەیارەو مەزرەعە، بەڵکو نەشتوانێت بەلای مەزرەعەکەشدا بڕوات؟ بە خەویش ئەو جۆرە سەیارەیە نەبینێت؟ لە هیچ وڵاتێکی دونیادا شتی وانییە.

**بەرەو گۆڕان: کەواتە لە قسەکانی بەڕێزتەوە گەشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە میللەت زیاد لە حەد مافی خوراوە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** بێ گومان لە هەندێ لایەنەوە میللەت مافی خوراوە، ئێ کاتی ئەوەش هاتووە میللەت قسە بکات، کە ئێمە داوا دەکەین، خۆ مەبەستمان ئەوە نییە کە رژێمێکی دیکتاتۆری عەرەبی حوکممان بکات، بەڵام دەشبێت سەرکردایەتی کورد شتێکی وابکات کە جەماوەر لێی بێزار نەبێت، بەڵام ئێستا ئەوچینەی کە ژیانی تەواو نییە بێ گومان بێزارە.

**بەرەو گۆڕان: ئەو چینەی کە ژیانی تەواو نییە وەک تۆ دەیڵێیت، دەبێت چی بکات؟**

**مەلا عومەر سوێری:** رەوشی سیاسی هەرێمەکەمان چی هەڵدەگرێت دەبێت ئەوە بکات، خۆپیشاندانکردن شتێکی شەرعییە، ئەو چینەی کە لە شارو دێهاتەکانی کوردستان مافی خوراوەو نان نییە بیخوات، یان تەنیا ئەوەی هەیە بیخوات، تائێستا ئەوانە سەرکوت کراونەتەوەو نازانن مافی خۆیان چییە، نازانن لەم وڵاتەدا وەکو سەرمایەدارو سیاسییەکە ئەوانیش حەقیان هەیە، نابێت مرۆڤ سەری خۆی شۆڕ بکاتو ئەو قسە بەتاڵە دووبارە بکاتەوە کە دەڵێت: «کڵاوی خۆت بگرە با با نەیبات»، من دەڵێم با سندان لەو کڵاوە بدات، کە با دەیبات.

**بەرەو گۆڕان: لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز زۆر کەسیان لە پۆستەکەی دوورخستەوە، ئایا تۆ ناترسیت لەسەر ئەم جۆرە قسانەت لە وتاربێژی دوورت بخەنەوە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** کە شتێکی وا دەڵێم هیچ کەسێک ناتوانێت دەرمبکات، چونکە من مەزلومەو مەغدورمو خۆ هەڵەم بەرامبەر بە کەس نەکردووە، میللەت داوای زیادەی نەکردووە، ئەوەی میللەت داوای دەکات یەک لەسەر سەدی ئەوەی خۆشی نییە، وەکو مرۆڤێک کاتێک مافت خورا، ئەگەر ئەو مافەی تۆ لەشکرێک خواردی، دەبێت بەرامبەری بووەستیتەوە، من پێم وانییە هیچ کوردێک حەز بکات گێچەڵ بەم نیزامە بکات.

**بەرەو گۆڕان: پێتوانییە میللەت زۆر جار داوای مافەکانی خۆی دەکاتو پێی نادرێت؟**

**مەلا عومەر سوێری:** پێموانییە لە هەرێمەکەی ئێمەدا میللەت بە شێوەیەکی وا داوای مافەکانی کردبێت کە گوێی لێ بگیرێت، لەبەر ئەوەی سەندیکایەک یان پارتێک داوای مافەکەی بۆ ناکات کە جەماوەری بەدوواوە بێت، ئەو لایەنەشی کە داوای مافەکانی میللەت دەکات تاکو لە دەرەوەی حکومەتدایە داوای دەکات، بەڵام کە چووە پەرلەمان بێ دەنگ دەبێتو شەرمیش ناکات کە بێدەنگ دەبێت، ئەمانە خەڵکێکی خۆشباوەڕ کۆدەکەنەوە تا ماوەیەکو لە چوارچێوەیەکی تەسکدا دەمێنێتەوە، یان حیزبێکی ئایینی دادەمەزرێتو ئیدیعای هەموو شتێک دەکاتو خۆی وەکو سەحابەکانی پێغەمبەر نیشان دەدات، کەچی کە دەچێتە پەرلەمان ئەوەی لەبیر نامێنێت.

**بەرەو گۆڕان: تۆ دەڵێیت با میللەت داوا بکات، بەڵام میللەت زۆرجار داوای کردووەو خۆپیشاندانی کردووە کەچی تەقەی لێ کراوەو کوژراوە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** دەبێت ئەو داواکارییە بەردەوام بێت کە میللەت لە حکومەتی دەکات، بەڵام لە کوردستاندا بە شێوەیەکی رێکخراو داوای مافەکان نەکراوە، چونکە حیزبو لایەنو سەندیکایەک نییە کە ئازاد بێتو داوای مافی کورد بکات.

**بەرەو گۆڕان: دەبینین کاتێک حکومەت کارێکی وەکو راکێشانی کارەباو قیرتاوکردنی شەقامێک دەکات، منەت دەکات بەسەر میللەتدا، ئەمە لە کاتێکدا ئەرکی خۆیەتی، بە بۆچوونی بەڕێزت بۆچی وایە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** فیعلەن ئەو قسەیەی تۆیەو ئەوەش لە هەستی منو زۆر کەسی دیکەشدایە، لە زۆر وڵاتی جیهاندا پێموابێت لە کاتی دەوامی رەسمیی بەرپرسەکان تەنانەت ناتوانن جگەرەیەکیش بکێشن، کەواتە لە فیکری دونیادا بەرپرس ئەو کەسەیە کە خزمەت دەکاتو منەت ناکات، چونکە ئەو نانەی کە ئەو بەرپرسە دەیخوات نانی ئەو میللەتەیە، ئەو دەسەڵاتەی منەتی کرد بەسەر میللەتدا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو دامودەزگایە هی میللەت نییەو پێیوایە وەکو سەردەمی ئاغایەتی پێشوو، ئەو نانە نانی خۆیەتی کە دەیداتە خەڵک، یان هەندێ لە حیزبەکانی ئێمە پێیانوایە تەواوی کوردستان هی ئەوانە، کاکە گیان وانییە! ئەوان هی کوردستانن، نەک کوردستان هی ئەوان بێت.

**بەرەو گۆڕان: تا چەندە نارەزایی دەبینیت بەو خەڵکەوەی کە دێنە ناو مزگەوتەکەوە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** خەڵکێکی زۆر هەیە گلەیی دەکاتو رێژە زۆرەکەشییەتی، من ئەوەم بەلاوە سەیرە کە ئەو گلەییانەش هیچیان هی ئەوەنین کە چارەسەر نەکرێن، گەڕەک هەیە تەنانەت مەحرومە لە ئاوی خواردنەوەش، کەچی گەڕەکیش هەیە وەکو بەهەشتە لەبەر ئەوەی پیاوێکی ناودارو بەدەسەڵاتی لێیە، وەکو ئەو مەزرەعانەی لە دەوروبەری هەولێرو سلێمانی هەیە، بێ گومان ئەمانە ناعەدالەتینو ئەو ئازادییەی کە هاتووەتە کایە بەخوێنی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە پەیدا بووە، کەواتە نابێت یەکێکیان لە ئاسمان بژیو ئەوی دییان لەژێر زەمین.

**بەرەو گۆڕان: ماموستا بێینە سەر باسێکی دیکە، بەو پێیەی کارگێڕی لیژنەی تەنفیزی یەکێتی زانایانی، بەڕای تۆ بۆچی هەردوو یەکێتی زانایان یەک ناگرنەوە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** تەقریبەن یەکی گرتووەتەوە، کۆنفرانس کراوەو چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە کۆنگرە بکرێت، بۆ ئەمەش نووسراوێک پێشکەشی حکومەت کراوە، ئەمەش تەبعەن ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵێک کۆتو بەندو نا ئازادی لەسەر مەلاکانیش هەیە تاکو بەئیشی خۆیان هەستن، ئەسڵەن مەلا حەقی ئەوەی نییە کە پابەندبێت بە فەرمانێکی سیاسی تاوەکو پێیبووترێت کۆنگرە بکە یان نا. بەڕاستی تائێستا یەکێتی زانایان ئەگەر بە ئەرکی مەلایانەو کوردانەی خۆی هەستابایە، من پێموانەدەبوو کە نەسرییەی کۆبوونەوەکانی دوادەخرا، تائێستا ئەو یەکێتی زانایانە وای نەکردووە، کە یەک لیژنەی فتوای سەربەخۆ هەبێت، لە هەموو شارەکانی کوردستان لەسەد لاوە فتوا دەردەکرێت، خەتیبێکی گەنج راست دەبێتەوەو فتوا دەدات، هەر حیزبێکی ئیسلامی هەڵدەستێو فتوا دەدات، ئەمەش سەری لە خەڵک شێواندووە، بۆ نموونە شتێکی بچووک روو دەداتو پێویستی بە فتوایە، دەبینیت لە هەر شارێک بیست مەلا قسەی لەسەر دەکات.

**بەرەو گۆڕان: تۆ رەخنەت لەم رەوشەی ئێستای ناو هەردوو یەکێتی زانایان هەیە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** بێ گومان من یەکجار زۆر رەخنەم هەیە، چونکە تائێستا یەکێتی زاناپان باش ناڕوواتو بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوەو حکومەتیش ئەو بایەخەی پێ نادات. دیارە ماموستایانی ئایینیش بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوەو دەیەوێت تابعی حیزبی هەبێت.

**بەرەو گۆڕان: ماموستا دەبینین زۆر جار دامەزراندنی هاوڵاتییەک لە دامودەزگاکانی حکومەتدا لەسەر ئەساسی تەزکیەی حیزبی بووە، ئایا ئەمە تا چەندە شیاوە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** وەڵا ئەوە نیشانەی تەخەلوفو دواکەوتنە، خەڵک ناچار دەبێت وای لێ بکرێت، ئەمەش پێشێلکردنی مافەو ئەنجامەکەی خراپ دەبێت، زوڵمو خیانەتیشە کە لەسەر ئەساسی حیزبایەتی تێڕوانین بۆ دامەزراندنی هاوڵاتییەک بکرێت.

**بەرەو گۆڕان: ماموستا بابێینەوە سەر هەڵبژاردنەکان، ئایا تا چەندە دەنگدان کارێکی حەڵاڵە لە ئایینی ئیسلامدا؟**

**مەلا عومەر سوێری:** لە سەرەتاوە ئاماژەیەکمان پێدا، سەیری ئێستای ئێران بکەن هەموو خەڵک لەسەر جادەیە، بۆیە خەڵکی ئێمەش ئەگەر دەنگ دەدات، با دەنگ بە پەیمان بدات، من پێم باش نییە بڵێم دەنگ مەدەن، چونکە دەنگنەدان سوودێکی نییە، گرنگ بەشداریکردنە.

**بەرەو گۆڕان: ئەی رۆڵی ماموستایانی ئایینی لە پرۆسەکەدا چۆن بێت باشە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** بێگومان ماموستایانی ئایینی هەرشتێک پێویست بێت بۆ گەلو خاک دەیکات، بەس نەک وەکو جارەکانی دیکە، من بۆ خۆم گەلێک خەڵکم هاندا بۆ ئەوەی بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، ئەم قسەیە پێشم خۆش نییە کە دەیکەم بڕوات هەبێت زۆر کەسم دەبینی گلەیی دەکردو دەیوت: «ماموستا ئێوە نەبوونایە ئەو دەنگەمان نەدەدا، ئێوە پێتانوتین بڕۆن بۆ دەنگدان».

**بەرەو گۆڕان: ئامادەیت هەمان وتار دووبارە بکەیتەوە؟**

**مەلا عومەر سوێری:** ئامادەم بڵێم بڕۆن دەنگ بدەن، بەڵام نەک بە لیستێکی دیاری کراو. بۆ ئیشی مزگەوتی ئەو خەڵکە سەردانی دامودەزگام کردووە، رێزیان گرتووم، بەڵام دوایی شتەکە جێ بەجێ ناکرێت، ئێمەش مرۆڤینو سەبری مرۆڤیش سنووری هەیە، کە رەخنەش دەگرین بەڕاستی پێم باش نییە هەر بە تەنیا رەخنە لە یەکێتیو پارتی بگیرێت، دەبێت رەخنە لە هەموو حیزبەکان بگیرێت، چۆن کاریگەری دروست نابێت لەسەر دڵو دەروونمان کە هەر داواکارییەکمان هەبێتو بۆت چارەسەر نەکرێت، ئەو هەڵوێستە ساردو سڕەی کە لەگەڵ ئێمە هەیانە، ئەگەر هەر بەرپرسێک بە سەد یەکی ئێمەی لەگەڵ بکرێت، ئەسڵەن دەبێتە دوژمنیانو مەرحەباشیان ناکات، کەچی هەڵوێستی ئێمە هەر نەرم بووەو هەر سەبرمان گرتووە، دەوڵەمەندترین کەس کە ئەوان بەلۆری بۆی دەڕێژن، ئەگەر بە سەد یەکی ئێمەی لەگەڵ بکرێت مەرحەبایان ناکاتەوە، بەڵام ئێمە ئیشەکەی خۆمان بەمنەتەوە ناکەین، من خۆم پێشمەرگایەتیم کردووەو قوربانیم داوە، هیچ چاویشم لەوە نییە کە ئاوڕم لێ بدەنەوە، چونکە ئەوان هی ئەوە نین کە چاوەڕوانیان لێ بکەیت، ئێمە پێمانوابوو کە ئێمە مەرحەباییەکمان کردن، ئەوان دێن ئەملاو ئەولامان ماچ دەکەن، کەچی ئەملاو ئەولاشیان ماچ بکەین ئاوڕیشمان لێ نادەنەوە.

**بەرەو گۆڕان: ماموستا تا چەندە لەو قسانەت ناترسێت کە بەهۆیەوە نان بڕاو بکرێیتو لە شوێنەکەت لاتبدەن؟**

**مەلا عومەر سوێری:** لەچی بترسم جنێوم بەکەس نەداوەو مافی کەسم نەخواردووە، دەڵێم کاکە مافی من خوراوەو مافەکەم بدەنەوە، ئەگەر ئێشو ئازارمان هەیە تیماری ئێشو ئازارەکانمان بکەن، ئەگەر بەوە رازی نابن وەڵا چی دەکەن با بیکەن.

# خەڵک و گۆڕان

## هوانا تالب محەمەد، خوێندکار

### دانیشتووی هەولێر



پەیامی لیستی گۆڕان خواستی گەلەکەمانە، بەتایبەت نەوەی نوێ، من وەکو خوێندکارێک بواری پەروەردەو پێشخستنی زانستو گۆڕانکاریی لە پەیوەندییە تەقلیدییەکان بە ئەرکی هێزە نوێخوازەکان دەزانم، ئەم راستییەش لە لیستی گۆڕاندا دەبینم، بۆیە دەنگی بۆ دەدەم.

## عەبدولواحید مستەفا محەمەد حاجیتانی، زیندانی سیاسی

### دانیشتووی گوندی حاجیتان



لەبەرئەوەی زیندانە سیاسییەکان پشتگوێخراون لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، من پێشتر ئەندامی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم، ئێستا دەنگدەدەم بە لیستی گۆڕان لەبەرئەوەی خزمەتی چینی فەقیرو هەژار دەکات.

## رێباز محەمەد رەشاد،کاسبکار

### دانیشتووی هەولێر



لیستی گۆڕان لیستێکی نوێخوازە خاوەن بیروبۆچوونێکی پێشکەوتووەو دەنگی خۆمی پێدەدەم، دڵنیام لەوەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە رێگای لیستی گۆڕانەوە لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، ئەگەر لیستی گۆڕان سەرکەوتووبێت دەتوانێت هەموو بوارەکان پێشبخات، بەتایبەت چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان کە ئەمڕۆ لەناو قەیرانێکی گەورەدا دەژین.

## محەمەد سلێمان جاسەنەیی، کاسب




دەنگ بە حیزبێک نادەم جیاوازیی لەنێوان شەهیداندا بکات، من وەک برایەکی شەهید دەنگدەدەم بە لیستی گۆڕان تا جیاوازیی نەمێنێت.



## لەتیف سدیق، شوفێری تاکسی

### دانیشتووی هەولێر



پێموایە لیستی گۆڕان لیستێکی راستەقینەو رەسەنە، لەپێناو خەڵکی چەوساوەو هەژاری کوردستاندا کاردەکات، لەبەرئەوە بڕیارمداوە دەنگی بۆ بدەم، جگە لەوەی کە پێموایە لیستی گۆڕان ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەبواری خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا خزمەتێکی زۆرو بەرفراوان بە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

## شێخ سەعید شێخ کەریمی زەرزیی، پێشمەرگەی دێرین

### دانیشتووی پیرەمەگروون



لەبەرئەوەی نەتوانراوە خزمەتی پێویست بە کۆمەڵانی خەڵک بکرێت، من وەک پێشمەرگەی دێرین دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەمو کاردەکەم بۆ سەرکەوتنی.

## دیار سابر رەشید، خوێندکار

### دانیشتووی هەولێر



ئەوەی وادەکات من دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەم، ئەوەیە کە دەزانم گۆڕان گۆڕانکاریی گەورە لە سەرتاسەری کوردستاندا دەکات، هەستدەکەم – دەنگدانم لەم هەڵبژاردنەدا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ بەشداریکردنم لە هەڵبژاردنی رابردوودا.

## فایەق محەمەد بارام، ناسراو بە فایەقی لالە، کاسب

### دانیشتووی گوندی سوسێی سیدان



لەبەرئەوەی خزمەتگوزاریی بۆ گوندەکان نەکراوە، لیستی گۆڕانیش ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لە بەرنامەیدایە، دەنگی پێدەدەم.

# د. هەڤاڵ مەعروف سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری یاسایی هەرێم:

# لیستی جیاواز شتێکی تازەیەو سوود بە هەڵبژاردنەکە دەگەیەنێت

سازدانی
ڕێبین فەتاح

د. هەڤاڵ مەعروف ڕەئوف، سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری یاسایی هەرێمو بەرپرسی پرۆژەی کەمپەینی خاوێن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کەمپەینی خاوێن ئەوەیە لیستەکان پرۆگرامی سیاسی بخەنەڕوو، نەک تەشهیرو ناوزڕاندن بە بەرامبەرەکەیان بکەن، باس لەوەش دەکات، کە هەڵبژاردن بۆ ئایندەیەو گرنگ نییە حیزبەکان لە ڕابردوودا چ دەستکەوتێکیان هەبووە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر لە بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوی چاودێری یاسایی هەرێمەوە دەستپێبکەین، بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوەکە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** پێکهێنانی ڕێکخراوی چاودێری یاسایی هەرێم بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە لە بواری کاری ڕێکخراوەیی تایبەت بە یاسا لە کوردستاندا هەیە، بەوەی هیچ ڕێکخراوێکی لەو شێوەیە بوونی نەبوو، ئەمە وایکرد ڕێکخراوەکە پێکبهێنینو پێشنیارو تێبینی لەسەر یاساکان بدەین، وەکو پلانی (١٠) ساڵیی کە ئێستا کاری لەسەر دەکەین.

**ڕۆژنامە: یەکێک لە پرۆژەکانتان پلانی (١٠) ساڵەیە، ئامانج لەو پلانە چییە؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە دەستمان بە ئامادەکردنی پلانەکە کردووە، لەسەرەتادا دەبوو ئەو لایەنانە دەستنیشان بکەین کە پلانەکە ئامادە دەکەن، ئەمەش (٩) مانگ دەخایەنێتو لەو ماوەیەدا ڕەشنووسێک بۆ پلانەکە گەڵاڵە دەکرێت. پێنج گروپمان لە دەزگا حکومیو ناحکومییەکانو سەندیکاو کۆلێژەکانی یاساو دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایش پێکهێناوە، مەبەست لەوە ئەوەیە هەر لایەنێک لە ڕوانگەی پسپۆڕی خۆیەوە پلانێک بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەڕووی یاساییەوە دابڕێژێت، ڕاستە ئێمە (١٠) ساڵمان دیاریکردووە، بەڵام ڕەنگە کێشە هەبێت پێویستی بە کاتی زیاتر بێت بۆ چارەسەرکردن، چونکە کێشەکانی ئێمە لە کوردستاندا زۆر زۆرنو گرفت هەیە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت. کێشەمان لە سادەترین بنەمای یاسایی هەیە، ئێمە کۆمەڵگەیەکمان هەیە تا ئێستا باوەڕی بە سەروەریی یاسا نییە، باوەڕی بە چەک و هێزو توندوتیژیی هەیە. ئەمەش شتێکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر هەوڵی چارەسەرکردنی ئەمە بدرێت، کاری زۆرو ماوەی دوورودرێژی دەوێت، پێویستە چاوەڕوانی گەورەبوونی نەوەیەک بکەین کە لە ڕێگەی پەروەردەوە وایلێبکرێت باوەڕی بە سەروەریی یاسا هەبێت.

**ڕۆژنامە: کەواتە تەنها کار لەسەر کەموکورییە یاساییەکان دەکەن؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** ئێمە بابەتمان هەیە پەیوەندی بە دەقی یاساییەوە هەیە، بەشێک لە دەقەکان پێویستیان بە هەموارکردنەوەو گۆرانکارییە. بوار هەیە پێویستی بە دەرکردنی یاسای نوێ هەیە، کاتێک دەڵێین باوەڕمان بە کۆمەڵگایەکی مەدەنیو یاسایی هەیە، دەبێت بنەمایەکی یاساییمان بۆ تەواوی کارەکان هەبێت. ئەمەش چ لە ڕێگەی هەموارکردنی یاسا کۆنەکانەوە بێت چ لە ڕێگەی دەرکردنی کۆمەڵێک یاسای تازەوە بێت.

**ڕۆژنامە: بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان پرۆژەی کەمپەینی خاوێنتان هەیە، دەتوانن ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەو پرۆژەیە بدەن؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** هەڵبژاردنی پەرلەمان کە بڕیارە لە ٧/٢٥ ی ئەمساڵدا بکرێت، وەک هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو نابێت، لەبەرئەوەی بە شێوازێکی گشتی لیستی جیاواز دەرکەوتنو هەریەکەیان جیاوازییان لەگەڵ ئەوانی تر هەیە، پێناچێت ئەمە بە تەوافوق کرابێت، ئەمەش شتێکی تازەیەو سودیش بە هەڵبژاردنەکە دەگەیەنێت. لە قۆناغەکانی ڕابردوودا هەلومەرجی کوردستان ڕێگر بوو کەمپەینێکی وەکو کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی جیهان بکەینەوە، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا جیاوازە، هەموو شت لەبارو گونجاوە بۆ ئەوەی کەمپەینێکی خاوێن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بکرێتەوە. کەمپەینی خاوێنیش لەسەر بنەمای بەرنامەی سیاسی دەبێت، واتە لیستەکان دەبێت بەرنامەی سیاسی خۆیان بە هاوڵاتییان بخەنەڕوو. بۆ ئەمە چەند خاڵێکمان دەستنیشان کرد، بە ئامانجی ئەوەی لایەنە سیاسییەکان جەخت لەسەر بەرنامەکانیان بکەنەوە. تا ئێستا لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی هەرێمی کوردستاندا تەرکیز لەسەر بەرنامەو پرۆگرامی سیاسی نەکراوە، تەنها لەسەر شکلیات قسە کراوە، نەک ئەوەی هەر لایەنێک پرۆگرامێکی سیاسی تایبەتی هەبێت.

**ڕۆژنامە: بۆچی تا ئێستا نەتوانراوە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا جەخت لەسەر بەرنامەی سیاسی لیستەکان بکرێتەوە؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا پرۆسەیەکی نوێیە. هەوڵدەدەین بگەین بە ئاستێک کە لەگەڵ ئاستی نێودەوڵەتیدا گونجاوبێتو لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا کەمپەین کردن لەسەر بنەمای پرۆگرامی سیاسییە، ئێمە کاتێک پرۆسەی هەڵبژاردنمان دەستپێکرد، هەر خودی هەڵبژاردنەکە شتێکی زۆر جیاوازبوو، بەوەی لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی دیکە دەچووین، لەژێر دەسەڵاتی بەعسەوە بۆ سەربەخۆییەک دەچووین، تا ئەوکاتە تەواوی هەڵبژاردنەکان پرۆسەیەکی کارتۆنیی بوون، کاتێک یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستان بەڕێوەچوو، خەڵک تەنها بیری لەوە دەکردەوە دەنگ بداتو بتوانێت بەشداریی لە پرۆسەکەدا بکات. ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو، بەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی نوێ هەنگاومان هەڵگرت، بەڵام ئێستا پێویستە بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر هەنگاوبنێین. ئەویش کارکردنە لەسەر بنەمای پرۆگرامی سیاسیو دوورکەوتنەوەیە لە شتی شەخسیو کەمکردنەوەی بەرامبەرو گوێنەگرتن لە قسەی بەرامبەرەکانمان، واتە دەبێت ڕێزگرتنێک هەبێت لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا، ڕێزگرتنی لایەنێکی سیاسی لە بەرامبەرەکەی، ڕێزگرتنە لە میللەت، لایەنە سیاسییەکان چۆن هەڵسوکەوت بکەن، جەماوەرەکەیان بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت دەکەن.

**ڕۆژنامە: ئێوە لە پرۆژەکەتاندا ڕووتان کردووەتە لیستەکان، هەست ناکەیت کەموکورییەک لە پرۆژەکەتاندا هەیە، بەوەی خەڵکتان فەرامۆشکردووە؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** ناتوانین بڵێین کەموکوریی لە پرۆژەکەدا هەیە، چونکە ئەوەی ئێوە قسەی لەسەر دەکەن بەشێکی پرۆژەکەیە، ئەو بەشەی تایبەتە بە لایەنە سیاسییەکان یان لیستەکان، بەڵام بەشێکی دیکەی پرۆژەکە تایبەتکراوە بە خەڵک، لەوێدا کار لەسەر ئەوە دەکەین کە خەڵک لەسەر بنەمای پرۆگرامی سیاسی دەنگ بە لیستەکان بدات، نەک بنەمایەکی دیکە. لەوێدا بە خەڵک دەڵێین ناکرێت لەسەر ئەو بنەمایە دەنگ بە لیستێک بدەن کە لە ڕابردوودا ئەمەو ئەوەی کردووە، دەبێت دەنگ لەسەر ئەو بنەمایە بدرێت کە ئەو لیستە لە داهاتوودا چی دەکات. ڕابردووی چاک شتێکی چاکە، بەڵام ئێمە قسە لە داهاتوو دەکەین، ڕابردوو بەس نییە بۆ ئەوەی بیکەین بە بنەمای دەنگدانمان، بەڵکو دەبێت تەماشای پرۆگرامی سیاسی لیستەکان بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگەی تایبەتی خۆمان دەگرینەبەر. واتە پرۆژەکەی ئێمە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەرێکیان ئاراستەی لیستەکانو تەوەرێکیان ئاراستەی جەماوەر دەکرێت، لە چەند ڕێگەیەکەوە هەوڵدەدەین کار لەسەر جەماوەر بکەین بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای پرۆگرامی سیاسی دەنگ بدات، یەکێک لەم ڕێگایانە ئەوەیە کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە هەوڵدەدەین خەڵک لەم ڕووەوە هۆشیار بکەینەوە، جگە لە چەندین شێوەی دیکە بۆ هەمان مەبەست.

**ڕۆژنامە: پرۆژەکەی ئێوە بۆ کەمپەینی خاوێن، زیاتر لە شێوەی پەیماننامەیەکی شەرەفدایە، تا ئێستا ئەو لیستانەی ئیمزایان لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووەو سەردانتان کردوون، تا چەند بەڵێنی پابەندووبوونیان بە بەرنامەکە داوە یان وەڵامیان چی بووە؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** هەموو ئەو لایەنانەی سەردانمان کردوون، پرۆژەکەیان بە ئیجابی وەرگرتووەو دەستخۆشی زۆریان لێکردووین، هەوڵی ئەوەشیانداوە ئەگەر پرۆژەکە بەشێکیش نییە لە بەرنامەکەیان، لە چوارچێوەی بەرنامەکەیاندا جێگیری بکەن. بەڵام تەنها قبوڵکردنی بەرنامەکە بەس نییە، بەڵکو پێویستە جێبەجێبکرێت. بێگومان ئەو لایەنەی بەرنامەکەی ئێمە قبوڵ ناکاتو جێبەجێی ناکات خۆی بەرامبەر بە میللەتەکەی مەحکوم دەکات، ئەمەش قورسترین حوکمە دژ بە لایەنێک کە خۆی بەرامبەر میللەتەکەی مەحکوم بکات.

**ڕۆژنامە: پرۆژەکەتان هەر لەوێدا کۆتایی پێدێت کە پێشکەش بە لایەنە سیاسییەکانی دەکەن، یان چاودێری ئەوەش دەکەن کە کام لایەن ڕەچاوی بنەماکانی کەمپەینێکی خاوێن ناکات؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** پرۆژەکە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووە، بە دواداچوونی لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین لایەنەکان بە چ شێوەیەک پەیرەوی دەکەن، بەڵام ئەو خاڵانەی ئێمە دیاریمان کردوون تەنها بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان نییەو هەڵبژاردنەکانی دیکەش وەک ئەنجومەنی پارێزگاکانو ئەنجومەنی شارەوانییەکانو هەر هەڵبژاردنێکی دیکەش دەگرێتەوە. ئێمە هەوڵدەدەین چاودێری تەواوی لیستەکان بکەین لەکاتی کەمپەینکردنداو ئومێدەوارین لیستەکان ڕەچاوی ستانداردی نێودەوڵەتی بکەن.

**ڕۆژنامە: مەبەستم لەوەیە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکە، چۆن مامەڵە لەگەڵ تێبینییەکانی خۆتان لەسەر پرۆسەکە دەکەن، بۆ نموونە نیازی ئەوەتان هەیە وەک ڕاپۆرت بیخەنەڕوو یان دیسان پرۆژەی دیکەی لەسەر جێبەجێبکەن؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** هەوڵدەدەین جێبەجێکردنی خاڵەکان بکەین بە ڕاپۆرتو دەریبخەین کە تا چ ڕادەیەک لیستەکان پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەوە، ئەوە زۆر گرنگە بۆ ئێمە بزانین لە چ ناوچەیەکدا پابەندبوون بە بەرنامەکەوە هەیە، بۆ ئەوەی هەولبدەین هەمان نموونە بۆ ناوچەکانی دیکە بگوازینەوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا.

**ڕۆژنامە: ئەو خاڵانەی ئێوە لە پرۆژەکەدا خستووتانەتەڕوو، وەک تەشهیرنەکردنو تۆمەت هەڵنەبەستنو خاڵەکانی دیکەش، هەست کردنە بەوەی ئەگەری دروستبوونی ئەم حاڵەتانە هەیە یان چی؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** هەولماناداوە خاڵەکان ژمارەیان زۆر نەبێت. پرۆژەکە تەنها بۆ ئەوەیە لایەنەکان خۆیان بۆ کەمپەینێک لەسەر بنەمای بەرنامەو پرۆگرامی سیاسی ئامادە بکەن، کە کەموکوریی زۆرمان لەم بوارەدا هەیە، بەتایبەت دوورکەوتنەوە لە کەمپەینی تانەوتەشەر کە بەر لە دەستپێکردنی کەمپەینی ڕەسمی تەشەنەی کردووە. لە ڕاستیدا ئەوەی دەیبینین خۆشحاڵمان ناکاتو ئومێدەوارین لایەنەکان خۆیان لەم جۆرە کەمپەینە بە دوور بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەموو لایەنەکان دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن، چونکە لە سیستمی دیموکراسیدا جێگەی ئەوە نابێتەوە بەبێ هیچ بنەمایەک لایەنێک قبوڵی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نەکات. ئەگەر لایەنێک بەڵگەیەکی هەبێت لەسەر نادروستی ئەنجامەکان دەتوانێت لە ڕێگەی دادگاوە کێشەکە چارەسەر بکات.

**ڕۆژنامە: ئەگەر لایەنێک لەبری کەمپەینی پرۆگرامی سیاسی پەنا بۆ کەمپەینی تانەوتەشەر ببات، مانای ئەوە نییە ئەو لایەنە باوەڕی بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات نییە؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** ئەنجامدانی هەڵبژاردن مانای ئەوە نییە دیموکراسیەت چەسپاوە، بەڵکو پێویستە زۆر بنەمای دیکە لەپشت هەڵبژاردنەوە هەبن. بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتێکدا یاسا سەروەر نەبێت، هەڵبژاردن بکەیتو نەکەیت چ سوودێکی هەیە؟ کەواتە پرۆسەکە پرۆسەیەکی تەواوکەرەو هەر لایەنێکیش قبوڵی ئەنجامەکانی نەکاتو بەشێوازێک تەماشای پرۆسەکە بکات کە گرنگی نییە، ئەوە لەگەڵ دیموکراسییەتدا یەکناگرێتەوە. لە دنیادا ئەو لیستەی ئەمرۆ دەسەڵات وەردەگرێت لەسەرەتاوە تا چوار ساڵی تەمەنی خۆی لە دەسەڵاتدا کار لەسەر ئەوە دەکات چۆن دوای تەواوبوونی چوار ساڵەکە جارێکی تر هاوڵاتییان دەنگی پێبدەنەوە. بەڵام بەداخەوە ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە کارمان نەکردووە. دەبێت باس لەوەش بکەم کە بۆ هیچ کۆمەڵگەیەک شتێکی بێگانەو غەریب نییە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ڕێگایەکی ئاشتییانەدا بڕوات، قسەیەکی بەجێ نییە کاتێک دەڵێن هەڵبژاردنو دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتییانە کارێکی بۆ نموونە تایبەت بە ئەورووپاو ئەمریکایە، نەخێر ئەمە شتێکی ڕاستە، کە ڕاستە، دەبێت هەموومان لەسەری بڕۆین.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە چ میکانیزمێکی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی لیستەکان نەگەنە ئەو شوێنەی کە تۆمەت بۆ یەکتر هەڵبەستنو خۆیان لە پرۆگرامی سیاسی دووربخەنەوە؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** پرۆگرامی سیاسی بۆ خۆی میکانیزمێکی زۆر گرنگە. کاتێک لایەنە سیاسییەکان لە کەمپەینی هەڵبژاردندا پرۆگرامی سیاسی دەخەنەڕوو، ئەمە وا دەکات خۆ بە خۆ لە شتێکی تر دووربکەونەوە. تا ئێستاش تەواوی لایەنە سیاسییەکان وتویانە ئێمە پرۆگرامامان هەیە. دیارە ئاساییە هەر کەسێک ڕەخنە لە پرۆگرامی لایەنە سیاسییەکان بگرێت، بۆ نموونە لایەنێک لە بەرنامەکەی خۆیدا دەڵێت من مووچەی فەرمانبەر زیاددەکەم، ئاساییە بەرامبەرەکەی ڕەخنەی لێبگرێت، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە بکەوینە تەشهیرکردنو ناوزڕاندنی یەکتر. لە ڕاستیدا هەر کە گفتوگۆ لەسەر پرۆگرامی سیاسی کرا، تەشهیرکردن سەرنجی خەڵک ڕاناکێشێت، بەڵام بەداخەوە تا ئەمرۆ نەمدیوە دیالۆگ لەسەر پرۆگرامی سیاسی بکرێت.

**ڕۆژنامە: چاوەڕوان دەکەیت کەمپەینی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە چ ئاراستەیەکدا بڕوات، کەمپەینێکی خاوێن یان کەمپەینی تۆمەت هەڵبەستنو ناوزڕاندن؟**

**د. هەڤاڵ مەعروف:** هەموومان ئومێدی ئەوەمان هەیە کەمپەینێکی خاوێن بکرێت کە تیایدا ڕێز لە میللەت بگیرێت. وابزانم هیچ کەسێک خۆشحاڵ نابێت ڕێز لە میللەتەکەی نەگیرێت. وەک خۆم ئومێدم ئەوەیە ئەگەر لیستەکان لەگەڵ یەکتر کۆببنەوە لەنێوان خۆیاندا لەسەر چەند خاڵێک ڕێکبکەون کە کەمپەینەکە بە ئاراستەیەکی دروستدا دەبات. هەرچی پەیوەندیشی بە چۆنیەتی کەمپەینەکەوە هەبێت، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ بڕوابوونی لایەنەکان بە پرۆسەی دیموکراسی، ئەگەر بڕوایان بە پرۆسەی دیموکراسی هەبێت کەمپەینێکی خاوێن دەکەن، بەپێچەوانەوە کەمپەینێکی خاوێن ناکرێت.



هەڤاڵ مەعروف ڕەئوف
هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە یاسا
سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری هەرێمی کوردستان
بەرپرسی پرۆژەی کەمپەینی خاوێن بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان

بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ ڕووماڵکردنی
پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

# پەیامو بەرنامەی سیاسیی لیستی گۆڕان

ئەڵقەی چوارەم

## ٣. تەوەری یاسایی، ئابووریی، چاکسازیی‌و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی:

یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم چاکسازیی‌و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، کە بە گوێرەی پێوەرە زانستی‌و نێودەوڵەتییەکان یەکێکە لە هەرە ناوچە پڕ گەندەڵییەکانی جیهان، بێسەروبەریی‌و ناڕۆشنیی سیستمی یاسایی‌و ئابوورییە. لەپاڵ ئەو بێسەروبەریی‌و ناڕۆشنییەدا، پارەی گشتی‌و سامانی نیشتمانی ئەم وڵاتە پاوان دەکرێت‌و بەفیڕۆ دەدرێت، وردەکارییەکانی بودجەی هەرێم دەشاردرێتەوەو وندەکرێت، چەندین تۆڕی گەندەڵکار، لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە تاریکیدا کاردەکەن‌و بەرژەوەندیی یەکدی، ژێر بەژێر، دەپارێزن. یەکێک لە ئەرکەکانی پەرلەمانی داهاتووی کوردستان، کە قابیلی دواخستن نییە، لێپێچینەوەو بەدواداچوونی ئەم دۆزە ترسناکەیە. لیستی گۆڕان بڕوای وایە پێویستە دۆسییەی ئابووریی‌و چاکسازیی‌و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، بەر لە هەر لایەنێک بسپێردرێتە پەرلەمانێکی کاراو چالاک، کە متمانەی لە هەناوی ئازارو خەمی کەڵەکەبووی هاوڵاتیانی کوردستانەوە بەدەست هێنابێت. مێژووی ساڵانێکی فەرمانڕەوایی حکومەتی خۆماڵی ئەوەی سەلماند، کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەندەڵی‌و کەڵەکەبوونی بێدادیی‌و پێشێلکاریی لە هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ناڕۆشنیی‌و بێسەروبەریی سیستمی سیاسی‌و یاسایی‌و ئابووریی، دەگەڕێتەوە بۆ سستی‌و ناکارامەیی پەرلەمان کە توانای بەدواداچوون‌و لێپێچینەوەو سزای پەرلەمانیی نییە، توانای تێپەڕاندنی دەسەڵاتی مەکتەب سیاسی‌و سەرکردایەتی هێزە دەسەڵاتدارەکانی نییە. زۆرینەی ئەندام پەرلەمانەکان، لەبری ئەوەی بە متمانەوە خۆیان بە نوێنەری خەڵکی بزانن، زۆرجار خۆیان بە چاو بەرەوژێری هێزە سیاسییەکان بینیوە. نەریتێکی پەرلەمانیی خراپ کە خەریکە لە کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە، ئەو نەریتەیە کە ئەندامێتی پەرلەمان وەک ئیمتیازێک بۆ ئەندام پەرلەمان تەماشا دەکات، لە کاتێکدا ئەندامێتی پەرلەمان قورسترین‌و سەختترین بەرپرسیارێتییە، کەسی پەرلەمانتار بەرپرسیار دەکات لەبەردەم گەل‌و ویژدان‌و ئەو سوێندەی کە بە خوای گەورەو پیرۆزییەکان خواردوویەتی.

لیستی گۆڕان لە کاتێکدا بەڕێزەوە ستایشی ماندووبوون‌و هەڵوێستی بوێرانەی ژمارەیەک لە خانم‌و پیاوە پەرلەمانتارەکانی خولەکانی رابردووی پەرلەمانی کوردستان دەکات، ئاگادارە لەوەی هەموو ئەو هەڵوێستانە تاکە کەسیی بوون‌و تائێستا هاوپەیمانییەکی فراکسیۆنیی راستەقینە دروست نەبووە بۆ دروستکردنی گوشاری پەرلەمانیی بە ئاراستەی دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو چاکسازیی راستەقینەو قەڵاچۆکردنی گەندەڵی. دواخستنی ئەرکێکی لەمجۆرە نەک هەر متمانەی هاوڵاتیان لە ئاست راستگۆیی ئەندام پەرلەمانەکاندا لاواز دەکات، بەڵکو متمانەیان لە ئاست کۆی دەزگای نوێنەرایەتیکردنیدا لەق دەکات‌و بەکارەسات بەسەر کۆی ئەزموونی فەرمانڕەوایی کوردستاندا دەشکێتەوە.

### ٣. ١. ئامانجە یاساییە بنەڕەتییەکان:

٣. ١. ١. ئامادەکردنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە شێوازێک کە سیستمی سیاسی هەرێم سیستمێکی پەرلەمانی بێت، پەرلەمان باڵاترین دەسەڵات بێت بۆ ناونان‌و دیاریکردن‌و ڕەوایەتی بەخشین بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و سەرۆکایەتی هەرێم.

٣. ١. ٢. هەموارکردنەوەی مادەو یاساکان بە شێوەیەکی دیموکرات‌و شارستانی، دوور لە هەر ئاوازێکی دیکتاتۆریی‌و تاکڕەویی‌و جیاکاریی. جەختکردنەوە لەسەر هەموو ئەو زەمانەتە دەستووریانەی وادەکەن پابەندبوون بە قەوارەی هەرێمەوە پابەندبوونێک بێت لەسەر بنەمای ئازادیی‌و نە-ناوەندێتی دامەزرابێت، نەک سەپاندن‌و زۆرەملێ، ئەو زەمانەتانەی ڕێدەگرن لە تاکڕەوەیی، چڕکردنەوەی دەسەڵات، پۆست، خزمەتگوزاریی‌و بەرژەوەندییەکان لە چەقێکی دیاریکراودا.

٣. ١. ٣. کارکردن بەو بنەما یاساییەی کە دەڵێت: لە هەر شوێنێک بەرپرسیارێتی هەبوو لێپرسینەوەش هەیە، واتە تا پلەی بەرپرسیارێتی بەرزتربێتەوە، باری لێپرسینەوەی پەرلەمانییش لەسەر کەسی بەرپرس قورستر دەبێت.

٣. ١. ٤. کاراکردنی یاسای سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی لەڕووی کارگێڕیی، دارایی‌و وەزیفییەوە.

٣. ١. ٥. کاراکردنی رۆڵی دادگاکان‌و دەسەڵاتی دادوەریی بۆ چاودێریکردنی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و یاسادانان، بە جۆرێک بۆیان هەبێت بڕیارو یاسا نادەستورییەکان هەڵبوەشێننەوە.

٣. ١. ٦. پووچەڵکردنەوەی ئەو یاساو بڕیارانەی حەسانەت دەبەخشنە بەرپرسە سیاسی، حیزبی، سەربازیی‌و ئەمنییەکان‌و کەسە دەستڕۆیشتووەکان بەگشتی.

٣. ١. ٧. وەرگرتنی سزا سەبارەت بە هەر پێشێلکارییەکی سیاسی، حیزبی، کۆمەڵایەتی‌و نهێنی بۆ سەر دەسەڵاتی دادگاکان.

٣. ١. ٨. هاندان‌و هاوکاریکردنی دەزگای دادوەریی‌و دادگاکان بۆ پاککردنەوەی بنیاتی خۆیان لە هەر جۆرە دیاردەو ئاکارێکی مەترسیدار، وەک گەندەڵی‌و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەری‌و بەرتیلخۆری‌و ملکەچبوون بۆ گوشارە سیاسی‌و حیزبی‌و کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکان.

٣. ١. ٩. کاراکردنی لێپێچینەوەی یاسایی‌و دامەزراندنی دەستەی پێویست، وەک دادگای کارگێڕیی‌و دەستەی نەزاهە، بۆ بەدواداچوون‌و ناونان‌و سزادانی گەندەڵکاران. سپاردنی هەموو دەسەڵاتێک بەو دەستانە تا بۆیان هەبێت، بەپێی یاسا، لە هەموو کەس‌و بەرپرس‌و لایەنێک بپرسنەوە، داوای ئاشکراکردنی پارەو ماڵ‌و موڵکی هەر کەسێک بکەن کە بیانەوێت، بۆیان هەبێت سزاو ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بگرنە بەر.

٣. ١. ١٠. سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فەرمانگەی داواکاری گشتی بەوجۆرەی لە سیستمی دیموکراتی دنیای شارستانیدا هەیە، بۆ بەرگریکردن لە مافی گشتی خەڵک لە ئاست پێشێلکاریی‌و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کارگێڕیی‌و حیزبییەکاندا.



*** لیستی گۆڕان بڕوای وایە پێویستە دۆسییەی ئابووریی‌و چاکسازیی‌و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، بەر لە هەر لایەنێک بسپێردرێتە پەرلەمانێکی کاراو چالاک، کە متمانەی لە هەناوی ئازارو خەمی کەڵەکەبووی هاوڵاتیانی کوردستانەوە بەدەست هێنابێت.**

*** نەریتێکی پەرلەمانیی خراپ کە خەریکە لە کوردستاندا بڵاودەبێتەوە، ئەو نەریتەیە کە ئەندامێتی پەرلەمان وەک ئیمتیازێک بۆ ئەندام پەرلەمان تەماشا دەکات، لە کاتێکدا ئەندامێتی پەرلەمان قورسترین‌و سەختترین بەرپرسیارێتییە.**

# دەنگم ویژدانمە نایفرۆشم

فۆتۆ: ڕۆژنامە




نەبەز گۆران:

## بە دەنگی بەرز دەڵێم: گەنجان دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن

لە ژمارەی سبەینێدا دەقی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نەبەز گۆران بڵاودەکرێتەوە

فۆتۆ: پشتیوان



کۆمەڵەی کەرولاڵانی کوردستان:

## دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەین

www.netewe.com